
بێ بەرامبەر هێڵەکەت
بوو بە نێودەوڵەتی
بۆ یەکەمین جار لە عێراقدا
ئاسیاسێل
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

رۆژنامە

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.536 Wed 19/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 536 چوارشەممە 19/ 8/ 2009

ئەمریکا دەگەڕێتەوە

لیژنەی ئاسایش و بەرگریی: هێزی سێ لایەنە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان کارێکی باشە

نیویۆرک تایمز: کێشەی پێشمەرگەو سوپای عێراق، رێکخراوی قاعیدەی بەهێزکردووە

هەستیار قادر
فەلاح نەجم



لە سەنتەرەوە بۆ کەنارو لەوێشەوە بۆ سەنتەری شارەکان — فۆتۆ: تایبەت

ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێکهێنانی هێزی سێ لایەنە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، بە «کارێکی لەجێی خۆیدا» ناودەبات.هاوکات، رۆژنامەیەکی ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکات، کە کێشەکانی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای فرە رەگەز لە ناوچە کێشەدارەکاندا، رێکخراوی قاعیدەی بەهێزکردووەو سەرکردەی هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراق بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ بەرپرسە ئەمنییەکانی هەرێم و بەغدا کۆدەبێتەوە.

عادل بەرواری، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێکهێنانی هیزێکی سێ لایەنە لە جێگەی خۆیدایە، لەگەڵ دەستووری عێراقیشدا یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەمریکا ئاشتی پارێز دەبێت، ئەوە چاکترین چارەسەرە بۆ ئەو کێشانەی لەو ناوچانەدا هەن، کە رێگە بە هەڵگیرسانی شەڕی کوردو عەرەب نادات».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وتیشی: «ئەگەر رێکەوتننامە ئەمنییەکە هەموار نەکرێتەوە، سوپای ئەمریکا دەتوانێت بێتە ئەو ناوچانە، بە مەرجێک وەزیری بەرگریی عێراق داوای بکات».

بەپێی راپۆرتە هەواڵێک، کە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی بڵاویکردووەتەوە، کێشەی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقی لە ناوچە کێشەدارەکاندا، رێکخراوی قاعیدەی بەهێزکردووە، لە ئەنجامدانی چالاکییە سەربازییەکانی و لەسەر زاری ژەنەراڵ رەی ئۆدێرنۆ، سەرکردەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، رایگەیاندووە: «ناکۆکییەکانی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە ئەو دوو هێزەی لە کاری هاوبەش دوورخستووەتەوەو بەوهۆیەشەوە رێکخراوی (قاعیدەی وڵاتی رافیدەین)یش هێرشی وێرانکەریی لەو گوندە بچووکانەدا ئەنجامداوە، کە لە ژێر کۆنترۆڵی هیچکام لەو دوو هێزە ئەمنییەدا نین، هەروەها قاعیدە ئەو بۆشاییەی کوردو عەرەبی قۆستووەتەوە کە لە نێوان پارێزگای موسڵ و حکومەتی هەرێمدا هەن».

لەوبارەیەوە ئەحمەد شەبەک، نوێنەری شاری موسڵ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وێڕای ئاماژەدان بە گرنگیی بوونی هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق و کاریگەریی نەبوونی ئەو هەماهەنگییە لەسەر رەوشی ئەمنیی ناوچەکە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «کێشەی ئاسایشی ناوچە کێشەدارەکانی موسڵ لەو هۆکارە گەورەترەو ئێستا دژایەتییەکی ئاشکرای کورد دەکرێت لەناو موسڵدا».

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەیدا نیویۆرک تایمز، باسی لە پێشنیازەکەی هێزەکانی ئەمریکا کردووە بۆ پێکهێنانی هێزی هاوبەشی تێکەڵ لە هێزەکانی ئەمریکاو پێشمەرگەو سوپای عێراق بۆ پاراستنی ناوچە دابڕاوەکان، کە ئێستا لەلایەن هەرسێ لایەنەوە تاووتوێدەکرێن.

زانیاری زیاتر لە ل٥دا دەخوێننەوە

(٣) کارگێڕ مەڵبەند لادەبرێن

بەرهەم خالید

بەپێی نووسراوێکی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی و بە بیانووی کارکردن بۆ لیستی گۆڕان (٣) کارگێڕ مەڵبەندی یەکێتی لە کفری پلەکانیان لێدەسەنرێتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە مەڵبەندی کفری یەکێتییەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی نووسراوێکی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی داواکراوە، هەریەکە لە سەبیحە عەلی و نەسرەدین مەحمودو مەلا غەریب، کە هەرسێکیان کارگێڕی مەڵبەندی کفرین، پلەکانیان لێوەربگیرێتەوە، ئەو هەنگاوەش پاش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دێت کە تێیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، کە مانگی پێشوو بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکانی لە دەستداو بەوهۆیەشەوە بەرپرسانی ئەو حیزبە دەستیانکردووە بە دەرکردن و گۆڕینی کادیرەکانی لەناو مەڵبەندو رێکخستنەکانیدا.

ئاسایشی سلێمانی مامەڵەی دامەزراندنی (٢٠) کەس رادەگرێت

رۆژنامە

بە بیانووی پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە، لە ئاسایشی گشتیی سلێمانی مامەڵەی دامەزراندنی (٢٠) مامۆستا لە (٨/١)ەوە راگیراوەو کاری پێویستیان بۆ ئەنجامنادرێت، بەرپرسێکی ئاسایشیش نکووڵی لەو هۆکارە دەکات بۆ راگرتنی مامەڵەکان.

مانگی رابردوو (٣٥) کەس لە دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگاکانی مامۆستایان، کە لەماوەی رابردوودا داوای دامەزراندنیان پێشکەشکردبوو، داوایان لێکرابوو کە کۆپییەک لە مامەڵەکەیان رەوانەی ئاسایشی سلێمانی بکرێت، بەڵام تەنیا (١٥) کەسیان مامەڵەکانیان راییکراوەو (٢٠) کەسەکەی دیکەیان کە زۆربەیان کچن لە (٨/١)ەوە مامەڵەکەیان لە ئاسایش گلدراوەتەوەو کاری پێویستیان بۆ نەکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە لە ئاسایشی سلێمانی بە خاوەن مامەڵەکان وتراوە، کە بەهۆی ئەوەی کەسوکارتان کاریان بۆ لیستی گۆڕان کردووە، لەبەرئەوە مامەڵەکانتان راگیراوە.

وێڕای زانیارییەکانی رۆژنامە، سەرچاوەیەکی باڵا لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی، کە ئامادەنەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە رایگەیاند: ئەو مەسەلەیە هیچ بنەمایەکی نییەو مامەڵەی دامەزراندنەکان لای ئێمەوە تەواوبووەو دواتر چووەتە ئاسایشی ناوشارو ئاسایشی گشتیی و رامیاریی، پێدەچێت لەوێ بەهۆی ئەوەی رۆژانی هەینی و شەممەی بەسەردادێت مامەڵەکان دواکەوتبێت، وتیشی: «ئێمە خەڵکی یەکگرتوو کۆمەڵ دابمەزرێنین، بۆچی گۆڕان دانامەزرێنین».

شەش مانگ زیاترە چەندین بەندکراو بێ دادگایی لە ئاسایشی هەولێر ماونەتەوە

ئیبراهیم عەلی

چەندین بەندکراو زیاتر لە شەش مانگە لە زیندانی ئاسایشدا لە هەولێر ماونەتەوە بەبێ دادگاییکردن، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت هیچ بەندکراوێک بەبێ دادگاییکردن زیاتر لە شەش لە مانگ بمێنێتەوە.

لەبارەی دەستگیرکراوانی نێو بەندیخانەی ئاسایشی هەولێر نازم دڵبەند، وتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤ، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «وەک وەزارەت بەڕێوەبەرێتییەکمان هەیە بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکان دەکات بەرامبەر گیراوەکان و بەدوای هەموو کەیسەکاندا دەچێت، بەڵام ئێستا زۆر خەڵک هەیە راگیراوەو بەپێی یاسا نابێت لە شەش مانگ زیاتر بمێننەوە، بەڵام ژمارەیەک زیندانیی ئەم ماوەیە زیاتر لە زیندان ماونەتەوە».

نازم دڵبەند ئەوەشی خستەڕوو، کە تائێستا چەندین بەندکراو لە ئاسایشی هەولێر دەستبەسەرن و زیاتر لە شەش مانگە ماونەتەوە، کەچی دادگا بڕیاری تەواوی لەسەر نەداون، نازم دڵبەند، وتیشی: «بەدواداچوونمان لەسەر ئەم کێشەیە کردووەو وەزارەتی داد وەڵامی ئەوەبوو، کە ئەوان دادوەریان کەمە بۆیە نەیانتوانیوە ئەم کەیسانە یەکلایی بکەنەوە.

دڵبەند وتیشی: «یەکلایی نەکردنەوەی ئەم کەیسانە لەکاتی خۆیدا، پێچەوانەی یاساو بنەماکانی مافی مرۆڤە».

تۆمارکردنی ناوی دەنگدەرانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە (٨/٢٢) دەستپێدەکات

سبەی

کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکرد، کە لە (٢٢)ی ئەم مانگەوە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەستپێدەکات.



هەندرێن محەمەد بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند: لە (٨/٢٢)ەوە دەست دەکەین بە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەرانو لە رێگەی تیمەکانمانەوە ڕۆژانە کاردەکەین بۆ دابەشکردنی کارتی دەنگدان بەسەر هاوڵاتییاندا، کە بەشێکیش لەو تیمانە بریتین لە بریکاری خۆراک لە شارو شارۆچکەکانی هەرێم.

هەندرێن محەمەد ئەوەشی راگەیاند: کە پێشبینی دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش، ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لە هەرێم هەمان ئەو ژمارەیە بێت، کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دانرابوون.

ئاماژەی بەوەشکرد: لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا یاسای هەڵبژاردنەکان پەسەندنەکراوە، بۆیە کۆمسیۆن هەر بە یاسا کۆنەکە کاردەکات.

UN فشاردەخاتە سەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

هاوڕێ عەبدوڵڵا



رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوا لە پەرلەمانی عێراق دەکات، تا ناوەڕاستی مانگی داهاتوو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەموارکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا، ئێستا ئەنجومەنی نوێنەران لە پشوودایەو لە دوا دانیشتنیشیدا بڕیاریدا، کە دەبێت تا (١٠/١٥) یاساکە هەموارکرێتەوە.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی راگەیاند: هەوڵی ئەوە هەیە کە نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە، کە تا (٩/١٥) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەموارکاتەوە، بۆئەوەی کۆمسیۆنی باڵا ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردن بکاتو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرێت، چونکە کۆمسیۆنی باڵا پێویستی بە چوار مانگ هەیە بۆ ئامادەکارییەکان.

پاش ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانانی یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەن بەهۆی بوونی ناکۆکی لەسەر پرسی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوکو شێوازی بازنەیی هەڵبژاردنەکانو شێوازی هەڵبژاردنەکان (داخراو، کراوە) شکستی هێنا، لە ئەنجامدا لە بری دەرکردنی یاسایەکی نوێ، بڕیاردرا یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەموارکەنەوەو هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەو یاسایە ئەنجامبدرێت.

له دوا کۆبوونەوەی وەرزی رابردوویدا، ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری پشووی هاوینەی خۆی راگەیاند تا ڕۆژی (٩/٧)و پێویستە دوای ئەو پشووە لەماوەی (٤٥) ڕۆژداو تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/١٥) یاسای هەڵبژاردن هەموارکاتەوە، تا بەپێی ئەو یاسایە ڕۆژی (٢٠١٠/١/١٦) خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرێتەوە.

موحسین سەعدون، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە لە لیژنەی یاساییو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بڕیارماندواوە لە (١٠/١٥) یاسای هەڵبژاردن هەموارکرێتەوە، تا (٩/٧) پەرلەمانی عێراق لە پشوودایەو هەفتەیەک دوای ئەو بەروارەش جەژنی ڕەمەزان دێت، بۆیە ناتوانین لەو ماوەیەدا کە نەتەوەیەکگرتووەکان داوایکردووە، یاساکە هەموارکەینەوە».

هەر لەوبارەیەوە مەحمود عوسمان، وتی: «ئەو ماوەیەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان دیاریکردووە، کەمەو ناتوانرێت لەو ماوەیەدا یاسای هەڵبژاردن هەموارکرێتەوە، چونکە تائێستا ناکۆکی لەنێوان کوتلە سیاسییەکان ماوەو ڕێکنەکەوتوون لەسەر شێوازی بازنەیی و جۆری لیستەکان».

رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک:

هاتنە ناوەوەی ئەمریکا لە مەسەلەی کەرکوک، کارێکی باشە

هاوڕێ عەبدوڵڵا



بەرپرسانی ئیداریی پارێزگای کەرکوک داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەن لەو شارەو دژی ئەو لەلایەنە عەرەبییو تورکمانییانە دەوەستنەوە، کە لەئێستادا «هەوڵی پەکخستنی» پرۆسەی هەڵبژاردنی کەرکوک دەدەن.

رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی راگەیاند: ئێمە هەم وەکو کوردو هەم وەکو ئیدارەی کەرکوک دەمانەوێت کەرکوک بەشداربێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاش ئەنجامبدرێت، لەلایەکی دیکەوە لە عێراقدا دەستووریو یاسا هەیەو ئێمەش پابەندی دەستووریو یاساین، لە هەموو پارێزگاکانی عێراق هەڵبژاردن ئەنجامدرا، بۆ لە کەرکوک هەڵبژاردن نەکرێت؟، وتیشی: لە قۆناغێکی زۆر ناخۆشتر لەئێستادا کە باری ئاسایشی کەرکوک خراپ بوو، هەڵبژاردن لە کەرکوک کراو سەرکەوتووش بوو، «من دڵنیام ئێستا زەمینە لەبارە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوک».

سەبارەت بەوانەی کە دەڵێن با هەڵبژاردن لە کەرکوک نەکرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ڕایگەیاند: ئەوانە لە ژێرەوە ئیش بۆ هەڵبژاردن دەکەن، «ئەوەش نیشانەی ئەوەیە بەشێک لە عەرەبو تورکمانەکان ئەگەر بۆیان بکرێت کێشە دروستدەکەن، ئەگەر بۆیان نەکرێت ئەوا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن»، ئاماژەی بۆئەوەشکرد کە هەندێک گروپی تورکمانیو عەرەبی هەن کە هەرشتێک عێراق بەرەو پێشەوە ببات، «ئەوان لە دژی دەوەستن، ئەوان دژی ئاسایشی کەرکوکن، دژی ئاساییکردنەوەی ناوچەدابڕاوەکانن، دژی سەرژمێرین، ئەوان دژی هەڵبژاردنن، ئەوان لەوە دەترسن کە قەوارەیان ئاشکرابێتو نەتوانن دەنگی پێویست بەدەستبهێنن».

هەرچەند بڕیاربوو لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق بکرێت، بەڵام حکومەتی عێراق ئەو پرۆسەیەی بۆ کاتێکی نادیار دواخستو چەند لایەنێکی عێراقیش هۆکاری دواخستنی ئەو پرۆسەیە دەگەڕێنەوە بۆ کێشەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان.

ڕزگار عەلی بەپێویستی دەزانێت سەرژمێریی دانیشتووان ئەنجامدرێتو ڕەخنەش لە حکومەتی عێراق دەگرێت بە دواخستنی ئەو پرۆسەیەو دەڵێت: «سەرژمێریی کارێکی زۆر پێویستە بۆ ئەمڕۆی عێراقو دواخستنیشی کارێگەی خراپی تەنیا بۆ کەرکوک نابێت، بەڵکو بۆ هەموو عێراق دەبێت». ڕزگار باس لەوە دەکات کە زۆر پێی سەیرە حکومەتێک بە ئاڕەزووی خۆی پلانی سەرژمێریی دادەنێتو دواتر هەڕخۆیو لەناکاوێکدا لێی پاشگەزدەبێتەوە.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەڵێت: بەداخەوە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق کەرکوکیان کردووەتە کێشە، هەندێک لایەنی سیاسیی ڕێگریی دروستدەکەن بۆ چارەسەری کێشەکانو خۆیان دژی دیموکراسیو دژی دەستوورن، لە بەرامبەردا دەڵێن بەهۆی کەرکوکەوە بوو، مەسەلەکان لەوێوە سەرچاوە ناگرێت کە کێشە هەیە لە کەرکوک یان موسڵ، خۆ لە بەسرەو بەغداش کێشە هەیە، بۆچی تەنها کەرکوکو موسڵ، مەسەلەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە حکومەتێکی بێهێز هەمیشە هەوڵدەدات بڕوبیانوو بدۆزێتەوە.

ماوەی چەند ساڵێکە کۆمەڵێک کێشەی گەورە لەنێوان هەرێمو بەغدادا هەنو سەرەڕای چەند هەوڵێک ئەو کێشانە بەبێ چارەسەر ماونەتەوەو لەئێستاشدا ئەمریکا فشاری خستووەتە سەر هەردوولا بۆ کۆتاییهێنان بەو پرسانە.

بە بۆچوونی ڕزگار عەلی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراق پێربوونو پێویستیان بە گەنجکردنەوە هەیە، چونکە چەندین کێشەی نێوان هەرێمو بەغدا، بەتایبەت کەرکوک چارەسەرنەکراوەو بە هەڵواسراویی ماونەتەوە، پێویستە هەردوولا هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن. هاتنەوەی ئاوەوەی ئەمریکا لە مەسەلەی کەرکوک شتێکی باشەو ئەمریکا دەتوانێت ئاسانکاریی بۆ عێراقییەکان بکاتو یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام پێویستە ئەمریکا بێلایەنانە مامەڵە لە نێوان هەرێمو بەغدادا بکات.

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، داوای دەستەی نەزاهەی عێراق دەکات

شکار موعتەسەم
سۆکار عەبدوڵڵا

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوادەکات دەستەی نەزاهەی عێراق لەو بودجەیە بکۆڵێتەوە کە گەیشتووەتە ئەنجومەنەکەیان و لە بەیاننامەیەکیشدا رایگەیاند: بڵاوکردنەوەی «پڕوپاگەندە» لە سەریان بۆئەوەیە ئۆبالی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بخەنە پاڵ ئەنجومەنی پارێزگا.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، کوردستان سێوکانی، سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەیاننامەیەکی بەناوی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە خوێندەوەو وتی: «ماوەیەکە هەندێک کەس لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە چەندین پرۆپاگەندە دژی ئەنجومەنی پارێزگا بڵاودەکەنەوە، بۆئەوەی ئەنجومەن لە بەرچاوی خەڵک ناشرین بکەنو ئۆبالی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بخەنە ئەستۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

ئەنجومەنی پارێزگا پێکهاتەیەکی هەمەلایەنەو لە لیستەکانی یەکێتی، پارتی، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی پێکهاتووە، لەو روانگەیەوە سێوکانی وتی: «هەموو ئەم لیستانە بەپێی ڕێژەیان مافی پیادەکردنی کارو دەسەڵاتەکانیان هەیە، بۆیە لۆژیک ڕێگە نادات ئەنجومەنێک بەم هەموو پێکهاتەیەوە ببێتە لایەنگری لیستێکی دیاریکراو، یان ڕێگریی لە لیستێک بکات».

کوردستان سێوکانی کە بەیاننامەکەی دەخوێندەوە، داوایکرد دەستەی نەزاهەی عێراق لێکۆڵینەوەی ورد لەبارەی ئەو بودجەیەوە بکات کە لەماوەی تەمەنی ئەنجومەندا بەدەستیان گەیشتووەو وتیشی: «هەر کەسو لایەنێک بیەوێت ئەو زانیارییانە بزانێت، دەتوانێت بە ئامادەبوونی کەناڵەکانی راگەیاندن هەرچی زانیارییەک هەیە وەریبگرێت».

هەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا کە دوای کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سازکرا، کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنەکە، رایگەیاند: «بەهۆی ئەوەی کە بەڕێز جوتیار نوری، جێگری پێشووی پارێزگاری سلێمانی، بێ پرس هاتبووە ناو کۆبوونەوەکەو بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی نیوسەعات کۆبوونەوەکە دوابکەوێتو هۆکارێکیش بوو بۆ تێکدانی ئەجێندای کۆبوونەوەکە»، بۆیە ئەندامانی ئەنجومەن بڕیاریاندا کێشەی تایبەت بە جوتیار نوری بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەت هەڵبگیرێتو بە ئامادەبوونی پارێزگاری سلێمانی تاووتوێ بکرێت.


کوردستان سێوکانی و کاوە عەبدوڵڵا

کونسوڵی فەرەنسا لە کوردستان:
دەبێت حکومەتی (نوێ) ئەوە ڕەچاوبکات کە خەڵکانێک لە دژی دەنگیانداوە

بارزان حەسەن

فرێدێرک تیسۆ، کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر، ئاماژەی بەوەکرد، دەبێت دەسەڵات لەکاتی پێکهێنانی حکومەتدا ئەوە ڕەچاوبکەن ئەو کەسانەی دەنگیان بە ئۆپۆزسیۆن داوە، خەڵکانێکن لەدژی ئەوان دەنگیانداوە، کە لەماوەی ڕابردوودا ڕازی نەبوون بەشێوەی بەڕێوبردنی دەسەڵات یان بڕیارەکانی حکومەت، «ئەمەش گرنگە».

سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش کونسوڵی فەرەنسا لە هەولێر، وتی: «ئەنجامی سەرەکی ئەم هەڵبژاردنە گرنگییەکەی دەکەوێتە سەر بەشداریکردنی دەنگدەران، ڕێژەی (٧٨٪) خەڵک چوون بۆ دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە کورد بایەخ بە پرۆسەی سیاسیی دەدەن، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانتارەکانیش کە لیستی کوردستانی زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، ئێستا بزووتنەوەی (ئۆپۆزسیۆن) بەدەردەکەوێت، کە لیستی گۆڕانو چاکسازییە، ئەمەش زۆر باشە، بێگومان لەناو سیستمی دیموکراسیدا دەبێت زۆرینە هەبێتو ئۆپۆزسیۆن هەبێت، ئێمە پیرۆزبایی لەم ئەنجامانە دەکەین، ئەمەش هیوایەکی ڕاستە بۆ هەرێمی کوردستانو هەروەها هەنگاوێکی نوێیە بۆ دروستکردنی کوردستان».

دەربارەی دەنگەکانی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانیش تیسۆ وتی: «ژمارەی کورسییەکان ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنێک هەیە لە پەرلەمانی داهاتووی کوردستانو ژمارەیەکی گرنگ کورسیان بەدەستهێناوە، دەبێت ببینین لە داهاتوودا نوێنەرانی لیستی گۆڕان چ پێشنیازێک دەکەن، کە بێگومان پێشنیازکەری دروستکەر دەبن، چونکە هەردەم ئۆپۆزسیۆن دروستکەر بووە بۆئەوەی دیموکراسییەتو (دامودەزگایی) بە زیندوویی بمێنێتەوە.

فرێدێرک تیسۆ، ئەوەش ناشارێتەوە، کە لە پرۆسەکەدا هەندێک لە پارتی سیاسیی هەبوو هەوڵی ئەوەیان دەدا کە فرتوفێڵ بکەن لەگەڵ دیموکراسییەتدا، لە کۆتاییدا فرتوفێڵەکان ئاشکرا دەبن.

کونسوڵی فەرەنسا، ئەو هێرشانەی کرانە سەر بارەگاکانی لیستی ئۆپۆزسیۆن، بە ئاسایی نازانێتو لەوبارەیەوە دەڵێت: «نامەم نووسی بۆ سەرکردە سیاسییەکان لەکاتی ئەم هێرشانە، داواشم لێکردن هەوڵی جدیی بدەن بۆ پاراستنی ئەم ئارامییە، وتیشی: «ئێستا میللەت چاوەڕوانی حکومەتو پەرلەمانی نوێ دەکەن، ئەرکی زۆر دەکەوێتە سەرشانی پەرلەمانتاران، کە هەستی دادپەروەرانە بسەلمێنن بۆ دروستکردنی ئەم دیموکراسییەو جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە شادم کە ئۆپۆزسیۆنێک هەیە، ئەمەش کارێکی باشە».

بزووتنەوە بڕیاری بەشداریی لە حکومەتدا یەکلایی نەکردووەتەوە

دلێر عەبدولخالق

بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، کە خاوەنی (٢) کورسی پەرلەمانی داهاتووی هەرێمە، بڕیاری بەشداریکردن یان بەشداریی نەکردن لە کابینەی داهاتووی هەرێمدا، دەگەڕێنەوە بۆ جەماوەرکەیان و سەرۆکی لیستەکەش ئاماژە بەوەدەکات ڕاگەیاندنی هەڵوێستی لیستەکەیان دەربارەی بەشداریکردن لە حکومەتی داهاتوودا، دوای تەوابوونی ڕاپرسیی ناو کادیرانی بزووتنەوە ڕادەگەیەندرێت.

د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسییو سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە دوایین کۆبوونەوەی شورای ناوەندی بزووتنەوە، باسمان لە ئەگەری بەشداریکردنو بەشداریی نەکردن لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم کرد، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پرسە چارەنووسسازە، بڕیاری کۆتاییمان گەڕاندەوە بۆ وەرگرتنی بیروڕای کادیرو جەماوەری خۆمان. وتیشی: «ئێستا سەرگەرمی ڕاپرسییەکین لەناو جەماوەری لیستەکەو لەژێر ڕۆشنایی وەڵامی ئەو ڕاپرسییە بڕیاری کۆتایی ڕادەگەیەنین».

لەبارەی هەڵوێستی لیستەکەیان لە بەرامبەر هاتنەکایەی بەرەیەکی فراوانی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، ئەحمەد وەرتی وتی: «بۆئەوەی پەرلەمانی داهاتوو کاراتر بێت، واقیعی سیاسیی لە کوردستاندا جوڵاوتر بێت، پەرلەمان بتوانێت چاودێریی حکومەت بکاتو لێپرسینەوە لە وەزیرەکانی بکات، ئۆپۆزسیۆن بە زەرورییەتی کاری پەرلەمانیی دەزانین، بەڵام پێمان باشە کارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان بەپێی یاسا ڕێکبخرێن».

کۆشکە بەرزەکانی هەولێر بەربەستن لەبەردەم بە جیهانی ناسینیدا

ستارە عارف

شارەزایانی شوێنەوارناسی جەخت لەسەرئەوەدەکەنەوەکەئەودەستکارییانەی لەدەوروبەری قەڵای هەولێرکراوە بووەتە هۆکار بۆئەوەی ئەو شارە لە ڕێکخراوی یونسکۆ تۆمارنەکرێت.

عەبدولڕەقیب یوسف، شوێنەوارناسو مێژوونووس کە لە کۆنفرانسی پەرەپێدانی قەڵا لە شاری هەولێر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٢) لەگەڵ ژمارەیەک شارەزای ڕێکخراوی یونسکۆو شارەزایانی دیکەی بیانیو ئەکادیمی بەشداربوو، وتی: «لە کۆنفرانسەکەدا داوامکرد سزای پارێزگاری هەولێر بدرێت لەسەر تێکدانی گەڕەکە کۆنەکانی شاری هەولێرو لە کۆنفرانسەکەدا ئەوە باسکرا، کە هەولێر لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە تۆمارنەکرا، چونکە دەوروبەری قەڵا هەمووی کۆشکی بەرزبوونو یونسکۆش لە کۆنفرانسەکەدا ڕایگەیاندووە، نابێت لە دەوری قەڵا لە خانووی دوو قات زیاتر هەبێت».

وتیشی: هەر لەوێ باس لە دروستکردنی بازاڕی نیشتیمان کراوەو پرسیویانە بۆ لە نزیکی قەڵا ئەم تەلارە بەرزە دروستکراوە، نوێنەری شارەوانیش پێیڕاگەیاندوون، کە «مۆڵەتیان لە ئەوان وەرنەگرتووە، ئێستا پاش دروستکردنی هاتوون مۆڵەت وەربگرن».

عەبدولڕەقیب یوسف، کە لە مانگەکانی (نیسانو مایس)ی ئەمساڵدا (٤) زنجیرەی لە نامیلکەیەکی تایبەت بە شوێنەوار بڵاوکردووەتەوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، «پارێزگاری هەولێر لە وەڵامی ئەو بابەتانەمدا، باسی ئەوەیکرد لە دادگا سکاڵام لەسەر تۆماردەکات».

هەر سەبارەت بە بەمێژوویی ناساندنی شاری هەولێر، شیرین شێرزاد، ڕاوێژکاری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بۆ بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر



بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا فایلی قەڵای هەولێرمان پێشکەش بە یونسکۆ نەکردووە، یاداشتی لێکتێگەیشتن لەنێوان ئێمەو پارێزگاری هەولێردا هەیەو ئیمزای دەکەینو دوو ڕۆژی دیکە نوێنەرانی یونسکۆ بۆ چاوخشاندنەوە بە قەڵادا دێنە هەولێر، ئەو کاتە فایلەکە پێشکەشدەکەین».

وتیشی: لە وۆرک شۆپێکدا لە هەولێر یونسکۆ باسی زۆر شتی هەڵەی لە هەولێر کردووە، یەکێک لەوانە شەقامی زاگرۆسە بۆ بەردەم قەڵاو وتوویەتی ئەگەر دەتانەوێت قەڵا وەک شوێنەوارێکی مێژوویی بناسرێت، دەبێت پشکنین بۆ ئەو شوێنانە بکەن کە ڕێگرن لەبەردەم قەڵادا، بۆیە ئێمە ئێستا لەگەڵ پارێزگارو شارەوانیی هەولێر پشکنین بۆ ئەو شوێنانە دەکەینو ڕاپۆرت بۆ حکومەتی هەرێم بەرز دەکەینەوە.

شیرین شێرزاد ئاماژەی بەوەشدا، بە دوو قۆناغ پرۆژەکەی قەڵا پێشکەشدەکەن، قۆناغی یەکەم، کە هەموو لێکۆڵینەوەکان تەواوبوون پێشکەش بە بەغدادی دەکەینو ئەو کەسانەمان کە لە بەغدان دوو ڕۆژی دیکە بانگهێشتی ئێرە کراون فایلەکە دەبەنە پاریسو پێشکەشی یونسکۆی دەکەنو پاریس بەوپێیە پشکنینی بۆ دەکات. لە قۆناغی دووەمدا لیژنەکانیان دێنو پشکنین بۆ شەقامی زاگرۆسو گەڕەکی تەعجیلو قەڵاو گەڕەکە کۆنەکانی دەوروبەری دەکەن، بەپێی ئەنجامی پشکنینەکان ئەگەر باشبوون، ئەوان بەڕاستی ڕێزیان بۆ قەڵای هەولێر هەیەو وەک شوێنەوارێکی جیهانیی پەسەندی دەکەن، وتیشی: «ماوەی دووساڵە لیژنە دێتو پشکنینی بۆ دەکات، هەروا کارێکی ئاسان نییە».

پێشتریش لە بەیاننامەیەکی کەمپەینی دژ بە تێکدانی شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان باسی هۆکارەکانی بە مێژوویی نەناساندنی شاری هەولێر کرابوو، هاتووە «تۆمارنەکردنی کۆنترین شاری جیهان «هەولێر» بەشارێکی مێژوویی و کلتووری لای یونسکۆو نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجامی هەنگاوە زیانبەخشەکانی دەسەڵاتی کوردییە، کە ئامادەن خەسڵەتە شوێنەواریی و مێژوویەکانی شارێکی دێرین دابماڵنو هەتکی بکەن».

ژمـــارە (536)چوارشەممە 2009/8/19
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

ئیئتیلافی نیشتمانی
شوێنی ئیئتیلافە مەزهەبییەکان دەگرێتەوە

بەهادین یوسف



چاوەڕواندەکرێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، (لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو)ی شیعەکان هەڵبوەشێتەوە بۆ چەند لیستێکی بەهۆی سەرکەوتنی لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، ڕەنگە مالیکی مل نەدات جارێکی دیکە بچێتەوە نێو لیستی ئیئتیلافی دایکەوەو بەهاوپەیمانێتیکردنی لەگەڵ چەند کوتلەو سەرۆک هۆزێکی دەرەوەی شیعەکان هەڵبژاردنی گشتیی بباتەوەو هاوکات حیزبی فەزیلەش لیستێکی نوێی ڕاگەیاند بەناوی لیستی ئیئتیلافی نەزاهەو پەرەپێدان.

مالیکی لەژێر چەتری شیعەکاندا نامێنێتەوە

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: ئامانجی ئەوەیە بچێتە نێو هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانییەوەو ئەگەر دڵنیا نەبوو لەو هاوپەیمانێتییە، ئەو کاتە لیستی دەوڵەتی یاسا دروستدەکاتەوە کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەشداریی پێکرد، ڕەوتی سەدریش چوونە نێو ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعەو حیزبی فەزیلەش سەربەخۆ ئیئتیلافێکی نوێی ڕاگەیاند.

عەقیل عەبدولحسێن، سەرۆکی لیستی سەدر لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاند: ڕەوتەکەیان بڕیاریداوە بەشداریی پێکهێنانی لیستی ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعە بکات، دوای ئەوەی بەشداریی لە نووسنیەوەی بەرنامەی ئەو لیستەدا کردووە.

ڕۆژی یەکشەممەش نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ ئەو وڵاتەو لە دیداری لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی میسردا ڕایگەیاند: لە ئێستادا کار دەکات بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانی دوور لە ئینتیمای مەزهەبیو تایفیو وتیشی: «ئەگەر هاتوو هاوپەیمانێتییەکە نانیشتمانی بوو، ئەوا ناچینە چوارچێوەیو دەچینە ناو هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا کە بەو هاوپەیمانێتییە بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کرد».

بەپێی بەیاننامەیەکی نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، مالیکی ڕایگەیاندووە: «هەوڵەکانی ئەو و هاوکارەکانی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانییەو پەرەنسیپو بنەماکانیان ئامادەکردووەو بەسەر پێکهاتەکانی عێراقدا دابەشیانکردووە بەسوننەو شیعەو عەرەبو کوردو تورکمانو کریستیانەوە، لەپێناو ئەوەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە کە لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی دابمەزرێت».

هەروەها بەیاننامەکە لەسەر زاری مالیکییەوە ئاشکرایکردووە، کە ژمارەیەکی زۆر لە سوننەکان فشاریان دەخەنەسەر بۆ دروستکردنەوەی لیستی دەوڵەتی یاسا کە لەهەڵبژاردنی پارێزگاکاندا پێکیانهێنابوو.

هەمووان چاوەڕێی مالیکین

لەلایەکی دیکەوە قەیس عامری، ئەندامی لیستی ئیئتیلاف ڕایگەیاند: حیزبی دەعوە لایەنێکی دامەزرێنەری لیستی ئیئتیلافەو دانوستاندنو گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی ئیئتیلافێکی نوێ لەسەر داوای حیزبی دەعوە ڕاگیرابوون، ئەویش لەبەر کۆنگرەی ئەو حیزبەکە کارەکانی تەوابووە،ئەمەلەکاتێکدایە کە حەسەن سنێد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی ڕایگەیاندبوو، ئەگەر هاتوو دانوستاندنو ڕێکەوتنەکان بۆ پێکهێنانەوەی لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو شکستیانهێنا، ئەوا حیزبی دەعوە بە لیستێکی جیا بەشداریی لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات.

زۆربەی سەرکردەکانی باڵی مالیکی لە حیزبی دەعوەش، جەخت لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانی دەکەنەوە دوور لە بنەمای تایفیو مەزهەبی (کە لیستی ئیئتیلافی شیعەی لەسەر پێکهێنراوە)و دەیانەوێت هەمان ئەزموونی لیستی دەوڵەتی یاسا دووبارە بکەنەوە کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەشداریان پێکردو توانیان لە زۆرینەی پارێزگاکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

لەوبارەیەوە عەلی موسەوی، ڕاوێژکاری نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، مالیکی کار بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی سیاسیی دەکات دوور لە لیستی ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو، کە ئێستا زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەران پێکدەهێنێت.

هەوڵەکانی مالیکی کاتێک چڕتر دەبنەوە کە لە دواکۆنگرەی ئەو حیزبەدا کە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو بەسترا، بە ئەمیندارەتی گشتیی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی هەڵبژێردرایەوەو بە ڕای سەرکردەکانی ئەو حیزبەش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێی شورا کاریگەری ئەوتۆ جێناهێڵێت لەسەر هەنگاوەکانیان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتیو چۆنێتی بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

ئەمە لەکاتێکدا بڕیارە ڕۆژی (٢٤)ی ئەم مانگە (ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییو ڕێکخراوی بەدرو سەربەخۆکانو کوتلەی سەدریو کوتلەی تەزامنو ڕەوتی چاکسازیی نیشتمانیو کۆنگرەی نیشتمانی) کە زۆرینەیان شیعە مەزهەبن، ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوانیان ڕایگەیەنن کە بڕیارە بۆ هەڵبژاردنی (١٦)ی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پێبکەن.

سەرەڕای ئەوەی پێشتر ڕێکەوتنێکی سەرەتایی هەبوو بۆ بەشداریکردنی حیزبی دەعوە-ڕێکخستنەکانی عێراق لە پێکهێنانی لیستی ئیئتیلافدا، بەڵام پێڕێ لە ڕاگەیاندنێکدا، ئەو حیزبە بە سەرۆکایەتی هاشم موسەوی چوونە پاڵ نوری مالیکی ڕاگەیاند لە چوارچێوەی لیستی دەوڵەتی یاسادا.

حیزبی فەزیلەش بە سەرۆکایەتی هاشم ئەلهاشمی کە یەکێک بوو لە پێکهێنەرەکانی لیستی ئیئتیلاف لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، لیستێکی سەربەخۆی پێکهێنا بەناوی (ئیئتیلافی عێراق بۆ نەزاهەو پەرەپێدان)و ڕاشیگەیاندووە، دەرگای هاوپەیمانێتی بەڕووی هەموو لایەنەکانی دیکەدا کراوەیەو هیچ بنەمایەکی مەزهەبییو ئایینی لەبەرچاو ناگرێت.

پێکهێنانی ئەم ئیئتیلافاتانە لەلایەن لایەنو گروپە شیعییەکانەوە، لە کاتێکدایە کە لە هەردوو هەڵبژاردنی ڕابردووی ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقداو بە فەرمانی ڕاستەوخۆی عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان، لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو لەنێوان لایەنە شیعییەکاندا پێکهێنراو بەوهۆیەشەوە توانیان زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران ببەنەوەو سەرۆکایەتی هەموو کابینەکانی پێشووی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بکەن.

چەند ئیئتیلافێک

عەباس بەیاتی، ئەندامی لیستی ئیئتیلاف ڕایگەیاند: لیستەکانی پێکهێنەری ئیئتیلاف پابەندن بە پێکهێنانی یەک ئیئتیلافی یەکگرتووەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

بەگوێرەی لێدوانێک کە سایتی ڕەسمیی یەکێتیی ئیسلامیی تورکمانی عێراق، کە یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی لیستی ئیئتیلاف بڵاویکردووەتەوە، عەباس بەیاتی ڕایگەیاندووە، لیستی ئیئتیلاف ناوێکی نوێ هەڵدەگرێت، کە لە هێزە نیشتمانییەکان پێکدەهێنرێتو ئێستاش گفتوگۆکان بەردەوامنو پێکهێنانی هەر لیستێکی دیکەی لەژێر ناوی لیستی ئیئتیلافدا لەلایەن هێزو لایەنەکانی دیکەوە ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند: دانوستاندنو گفتوگۆ بەردەوامە بۆ پێکهێنانی یەک ئیئتیلافی یەکگرتوون نەک دوو ئیئتیلاف.

ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بۆ هەوڵەکانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کە لە هەوڵی پێکهێنانی لیستێکی دیکەدایە لە دەرەوەی ئیئتیلافو پێدەچێت ناوی لیستەکەی پێشگریی ئیئتیلافی پێوەبێت.

لەلایەکی دیکەوە عەمار حەکیم، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، ڕایگەیاند: ئەنجومەن هیچ هێڵێکی سوورو مەرجێکی پێشوەختی نییە بۆ هەرکەسێک کە ببێتە سەرۆکی داهاتووی حکومەتو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوە دیاریدەکات کە کێ ئەو پۆستە وەردەگرێت.

«ئیئتیلاف دەبێتە دامەزراوە»

حەکیم لەو لێدوانەیدا بۆ کەناڵی حورە ئاشکرایکردووە، میکانزمی نوێ دەگیرێتەوەبەر بۆ پێکهێنانی لیستی ئیئتیلافو ئەو کوتلە پەرلەمانییە دەگۆڕن بۆ دامەزراوەیەکی دەسەڵاتدار کە لێپێچینەوە لە ئەدای وەزارتەکان بکاتو مافی ئەوەی هەبێت متمانە لەسەرۆک وەزیرانو وەزارەتەکانی حکومەت بسەنێتەوە.

حەسەن سنێد، کە یەکێکە لەسەرکردەکانی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی ئاشکرایکرد، چەند خاڵێکی ناکۆکی هەن لە ڕێی گفتوگۆکاندا بۆ پێکهێنانی ئیئتیلافێکی نوێ، لەوانەش چۆنێتی ڕێکخستنی ئالیەتی هەڵبژاردنەکانو چۆنێتی دروستکردنی لیستەکان.

هەفتەی ڕابردووش لە کۆبوونەوەیەکی نێوان نوری مالیکی سەرۆکی حیزبی دەعوەو عەمار حەکیم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بالای ئیسلامیدا، بڕیاردرا لیژنەی هاوبەش پێکبهێنرێتو دانوستاندن لەگەڵ کوتلەکانی دەرەوەی لیستی ئیئتیلافدا بکرێتو بەرنامەی لیستی ئیئتیلاف بۆ هەڵبژاردنەکانو دوای هەڵبژاردنەکان دابڕێژرێت.

بەردەوامیی گفتوگۆکانی نێوان پێکهاتەکانی پێشووی لیستی ئیئتیلافو هەوڵەکانی مالیکیش بۆ دەرچوون لەبازنەی تایفی، هۆکاری دواکەوتنی ڕاگەیاندنی لیستی ئیئتیلافن، ئەمە سەرەڕای پێکهێنانی لیستی ئیئتیلافی نەزاهەو گەشەپێدان لەلایەن حیزبی فەزیلەوە، هەروەها زۆربەی ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەدەرەوەی لیستی ئیئتیلافی دایکدا، هاوپەیمانی لەگەڵ چەند کوتلەو کەسایەتییەکی تێکەڵە لە سوننەو شیعەو کریستیانیو ڕەنگە کوردەکانیش بکاتو ئیئتیلافێکی دیکە پێکبهێنێت، سەرەڕای لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی دەیەوێت بەهەمان میکانیزمی ساڵی (٢٠٠٥)ەوە پێکی بهێنێت.

ڕوونکردنەوەی بەشی چاودێریی بەندیخانەکان لە بەڕێوەبەرێتیی مافی مرۆڤی سلێمانی

لە ژمارە (٥٣٤) ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لەبەروارى (٢٠٠٩/٨/١٧)دا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی (زیندانییەک لەگرتنو گواستنەوەی سلێمانی لێی دەدرێتو دەبەسترێتەوە).

وەک بەڵێمان پێدابوون ڕوونکردنەوەی خۆمان دوای لێکۆڵینەوە ئاراستەی بەڕێزتان بکەین. بەکورتی پاش لێکۆڵینەوە، ڕوونکردنەوەی ئێمە وەک بەشی چاودێریی بەندیخانەکان لە بەڕێوەبەرێتیی مافی مرۆڤی سلێمانی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە، کە ئاماژە بە ڕاستییەکان دەدەین:-

١- ڕاگیراو (س،س،م) پێشتر لەبەندیخانەکانی (چەمچەماڵو دەربەندیخان) بووە بەمادەی (٤٠٦)، دواتر گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانیو لەسەر داوای خۆی لەلایەن ئیدارەکانی ئەو بەندیخانانەوە ئاگاداری بنکەی گرتنو گواستنەوە کراوە، کە ناوبراو چەندینجار هەوڵی ڕاکردنی داوەو کەسێکی دیکە بە ناوی (ئا) کە لە هەمان کەیسی ئەمدا بووە هەڵهاتووە، لەبەندیخانەی (دەربەندیخان)و دەبێت ئەمان بە وریاییەوە چاودێریی بکەن، هەر لەبەرئەمەش کە لەماوەی مانگێکدا سێجار هۆڵی بۆ گۆڕاوەو پێدەچێت لەلایەن ئیدارەی بەندیخانەوە مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵدا کرابێت، وەک ئاماژەمان پێکرد مەترسیی هەڵهاتنیان لێکراوە، هەر ئەمەش وایکردووە کە ڕاگیراو (س،س،م) جۆرە قینێکی لەلا دروستبێتو هەر ڕێنماییەکی پێوترابێت بەئیهانە وەریگرتووە.

٢- ڕاگیراو (س،س،م) بەقینەوە ڕێنمایی کارمەندانی وەرگرتووەو جێبەجێی نەکردووەو کارمەند (ب) ئەرکەکەی خۆی وەک کارمەندێکی جێبەجێکردن لەبیرکردووەو وەک کەسایەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ڕاگیراو کردووە، ئیهانەی ڕاگیراوەکەی قبوڵ نەکردووە، هەروەها کارمەند (ک) بەهەمانشێوە ئەرکی خۆی لەبیرکردووە بەبێ هەستکردن بە لێپرسراوێتی، لەکاتی پێکداداندا لە ڕاگیراوەکەی داوە.

٣- بەپێی سکاڵای (س،م،ش) کە باوکی ڕاگیراو (س)ە ناوی چوار کارمەند هاتووە بەناوەکانی (ک، ب، ئا، ع) لەدوای لێکۆڵینەوەی ئێمە بۆمان دەرکەوت، کە (ع،ئا) هیچ پەیوەندییەکیان بەکێشەکەوە نەبووە، جگە لەوەش ڕاگیراو (س) دەستدرێژیی کردووەتەسەر کارمەندێکی دیکە کە ناوی (س) لە کاتێکدا ناوبژێکردووەو ناوبراو بەهۆی ڕووداوێکەوە پێشتر نەشتەرگەریی بۆ کراوەو لە ئەنجامی ئەو پێکدادانەدا بەرکەوتووە دوور نەبووە تووشی مەترسیی تەندروستی بێت، بەڵام سامان هیچ وەڵامێکی نەداوەتە دواتر (س) خۆ داوای لێبووردنی لێکردووە.

٤- لەسکاڵاکەدا وشەی پاشەڕۆی قاعە هاتووە، لە ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامەکەی بەڕێزتاندا، لەکاتێکدا بەشاهێدی چەند ڕاگیراوێکو چەند کارمەندێکی پۆلیسو بە وتەی ڕاگیراو (س،س،م) خۆشی، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێداویستی حانووت بووە (بسکیت...هتد) نەک پاشەڕۆ.

٥- لە ڕۆژنامەکەتاندا بە ژمارە (٥٣٤) لەبەرواری (٢٠٠٩/٨/١٧) سەبارەت بە ڕاگیراو (س،س،م) ڕوونکردنەوەیەک دراوە کە ئێمە ئەو ڕوونکردنەوەیەمان پشتڕاستکردووەتەوە، بەڵام ئێمە ڕووداوەکەمان پشتڕاستکردووەتەوە، بەڵام زانیاریی ناو ڕۆژنامەکەمان دەقاودەق پشتڕاست نەکردووەتەوە بەوەی کە لەلایەن چوار پۆلیسەوە لێی نەدراوە، بەڵکو لەگەڵ دوو پۆلیسدا پێکدادان ڕوویداوەو لەئەنجامدا ئاسەواری لێدان بەچاوی چەپی ڕاگیراو(س،س،م)ەوە دیارەو هیچ شکاوییەکی دیکە لەجەستەیدا نییە، هەروەها (محجر) کارێکی یاساییە بۆ هەر ڕاگیراوێک کە سەرپێچی ڕێنماییەکانی بەندیخانە بکات، ڕاگیراوی ئاماژە پێکراومان تەنیا یەک دەستی بەستراوەتەوە لەبەرئەوەی بەرلەوەی بێتە بنکەی گرتنو گواستنەوە دەستێکی تەواو نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین کە ڕاگیراو ببەسترێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەبنکەکەدا ژووری (محجر) نییە، بۆیە ئیدارەی بەندیخانە ناچارن بەو جۆرە ڕاگیراو (محجر) بکەن.

٦- ڕاگیراو (س،س،م) تەنازولیکردووە لە داواکەی.

لە کۆتاییدا ئێمە داواکاربووین کە لەلایەن وەزارەتی ناخۆوە لیژنەیەک پێکبهێنرێت بەسەرپەشتی بەڕێوەبەرێتیی مافی مرۆڤ بە مەبەستی کار ڕاییکردنی یاسایی‌و وەرگرتنی ڕاپۆرتی پشکنینی پزیشکی بۆ زانینی دەرئەنجامی ئەشکەنجەدانەکە، چونکە بە ڕووکەش هیچ ئاسەوارێکی شکاویی پێوە نییە جگە لەچاوی چەپی کە ئاسەواری بەرکەوتنی پێوەیە، بەڵام خاوەن سکاڵا داوایکردووە کە بەدواداچوونەکەمان ڕابگرین.

لەگەڵ ڕێزدا...

میدیا عەبدوڵڵا عەلی
ل. چاودێریی مافی مرۆڤ
٢٠٠٩/٨/١٨

ژمـــارە (536)چوارشەممە 2009/8/19
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

ئەمریکا دەیەوێت سەرباز بۆ کەرکوک بنێرێت

نامۆ عەبدوڵڵا

حکومەتی ئەمریکا لە هەوڵێکدا بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان کوردو عەرەب، بەنیازە سەرباز بهێنێتە ناو کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکەوە. سەرکردەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەڵێت: «کارەکە بۆ دروستکردنەوەی متمانەیە لەنێوان کوردو عەرەبدا»و بەرپرسی دیوانی سەرۆکی هەرێمیش کارەکە بە «باش» وەسفدەکات.

ژەنەراڵ رەی ئۆدێرنۆ، سەرکردەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، رۆژی دووشەممە پێشنیازیکرد، کە هێزەکانی ئەمریکا لە هێڵی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق جێگیر بکرێن، ئەو ناوچەیەی کە ترسی هەڵگیرسانی شەڕی لەنێوان کوردو عەرەبدا لێدەکرێت.

ژەنەراڵ ئۆدێرنۆ، وتی: «پێشنیازەکە داوا دەکات کە هێزەکانی ئەمریکا شانبەشانی هێزەکانی ئاسایشی عێراقیو هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر هێڵی نێوان کوردو عەرەب دابنرێت لە پارێزگای نەینەوا، ئەو ناوچەیەی کە بەم دواییە چەندین تەقینەوەی گەورەی بەخۆیەوە بینی».

ئۆدێرنۆ سەبارەت بە پلانەکە پێشتر لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانو نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقدا قسەیکردووەو هەردوولا ڕەزامەندیی خۆیان لەوبارەیەوە نیشانداوە.

فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، تایبەت بە ڕۆژنامە ئەوەی پشتڕاستکردەوە، کە ئۆدێرنۆو بارزانی، لەوبارەیەوە دانیشتوونو قسەیان لەسەر پلانەکە کردووە.

فوئاد حسێن، پلانەکە بە «هەوڵێکی باش» وەسفدەکات بۆئەوەی وەزعێکی خەتەرناک ڕوونەداتەوەو کارەکە بە تەنسیق لەنێوان سەربازو پێشمەرگەو ئەمریکا دەکرێت.

ئۆدێرنۆ لە بارەگای سەرەکییان لە کامپ ڤیکتۆر لە بەغدا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: مەبەستیان لەم کارە بۆ بنیادنانی متمانەیە لەنێوان هێزەکانی حکومەتی عێراقو پێشمەرگەی کوردستان.

وتیشی: «ئێمە دەبینین قاعیدە ناکۆکیی نێوان عەرەبو کورد دەقۆزێتەوەو ئەوەی ئێمەش دەیکەین بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکەیە».

ئۆدێرنۆ لەکاتێکدا پێیوایە، ئەم کارە پێچەوانە نییە لەگەڵ ڕێکەوتننامەی ئەمنیی عێراق کە بەهۆیەوە سەربازەکانی ئەمریکا لە (٣٠) حوزەیراندا شارەکانیان بەجێهێشت، چونکە ئەو ناوچەیەی ئەوان سەربازی بۆ دەنێرن زیاتر گوندنشینە. لەبارەی کشانەوەی یەکجارەکیی هێزەکانی ئەمریکاوە، دڵنیایی دەدات کە بردنی سەربازانی ئەمریکا بۆ ناوچەکە هەڵمەتێکی گەورە نابێتو نابێتە هۆی دواخستنی کشانەوەی سەربازە ئەمریکییەکان، کە لە مانگی ئابی ساڵی داهاتوودا ڕوودەدات.

ئۆدێرنۆ وتی: «ئەگەر ئەم کارە بکەین، ئەوا ناوچەکە پڕناکەین لە سەرباز، تەنیا بۆ دروستکردنەوەی متمانە ئەم کارە دەکەین، پاشان هێواش هێواش دەکشێینەوە، لەکاتێکدا ئێمە سەربازەکانمان دواجار دەکشێنینەوە، دەبینیت کەمتر سەرباز لە باکوور دەکشێتەوە وەکو لە بەشەکەی دیکە، ئەمە داننانە بەوەی کە ئێمە پێمانوایە گرفتە گەورەکان لەو ناوچانەن».

ئەم کارە ئێستا ڕوونادات، بەڵکو چاوەڕێدەکرێت تا مانگی (کانونی یەکەم) لیژنەیەک بۆ گفتوگۆکردنی پێشنیازەکە پێکبهێنرێت، بەڵام سام پارکەر، ئەفسەری بەرنامەکانی پەیمانگای ئاشتیی ئەمریکی، پە لۆس ئەنجلس تایمزی ئەمریکی دەڵێت: «کارەکە پشت بە قەبارەی سەربازەکان دەبەستێت، بەڵام دەکرێت گرفت بۆ کشانەوەی هێزەکان دروستبکات، کە دەبێت تا مانگی ئابی (٢٠١٠) بکشێنەوە».

یوست هیلێەرمان، جێگری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی قەیرانی نێودەوڵەتی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا، بە تایمز دەڵێت: «وەکو چارەسەرێکی کورت زۆر باشە، چونکە پیشانیدەدات کە ئەمریکا ئەم مەسەلەیەی فەرامۆش نەکردووە، بەڵام لە ماوەیەکی دێژتردا ئەمە لایەنەکان وا لێدەکات زیاتر پێویستیان بە ئەمریکا بێت، کاتێک ئەمریکا دەکشێتەوە، ئەمە نابێت ببێتە بەدیل بۆ هەوڵی دیپلۆماتیی ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیی بۆ گرفتی ئەم ناوچانە».

کورد بانگەشەی ئەوە دەکات کە ناوچە جێناکۆکەکان خاکی کوردستانن و بەزۆر دابڕێنراون، بەڵام عەرەبەکان دژی ئەم بۆچوونەنو ئەو ناوچانە بە بەشێک لە خاکی حکومەتی ناوەندی دادەنێن.

دەستووری عێراق مادەی (١٤٠)ی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناوچانە داناوە، ئەم مادەیە بەپێی وتەی چاودێران ئەگەری جێبەجێکردنی دووڕە، هەرچەندە نووری مالیکی لە سەردانێکیدا دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەرێم، جەختی لەسەر جێبەجێکردنی مادەکە کردەوەو وتی: «ئەو هەوڵی خۆی داوە».

هێنانی سەربازانی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، ئەگەری پێکدادانی سەربازیی لەنێوان کوردو عەرەب کەمدەکاتەوە، لەهەمانکاتدا پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بۆ چڕکردنەوەی فشارەکان لەسەر لایەنەکان بەهێزتر دەکات.

دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەک تەقینەوە لەنێو تورکمانو شەبەکو ئێزدییەکانی ناوچەکە، ڕکابەرەکان یەکتریان تۆمەتبارکرد، هەروەها چەندین ڕووبەڕووبوونەوەو وەستانەوەی توند لەنێوان هێزەکانی عێراق و پێشمەرگەدا ڕوویداوە، بە درێژایی ئەو شوێنەی کە پێیدەوترێت «هێڵی گرگرتن» کە ناوچەی کوردو عەرەب لە یەکتر جیادەکاتەوە.

بەرپرسە ئەمریکییەکان ترسی ئەوەیان هەیە کە ڕووداوی لەم چەشنە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی شەڕ، ئەگەر بێتو ڕێگە بدرێت گرژییەکان پەرەبسێنن. ئۆدێرنۆ وتی: «مەبەست لە ناردنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەیە کە هەردوولا فێربنن چۆن بەیەکەوە کاربکەن».

ئۆدێرنۆ وتی: «پێموایە هەموویان ئاسوودەترن بە هەبوونی ئێمە لەوێ».

ئێستا حکومەتی عێراق خەریکی خۆئامادەکردنە بۆئەوەی ڕێکەوتننامەی ئەمنیی بخرێتە دەنگدانەوە، کە دەکرێت وا لە هێزەکانی ئەمریکا بکات زووتر لەوەی چاوەڕواندەکرێت بکشێنەوە.

عەلی دەباغ، وتەبێژی حکومەتی عێراق، دەڵێت: ڕەشنووسی یاسایەک تەواوکراوە، کە تەواوی میکانیزمەکانی ریفراندۆمەکەی لەخۆگرتووە کە لە (١٦)ی مانگی کانونی دووەم ئەنجامدەدرێت، ئەمەش هەمان ئەو ڕۆژەیە کە هەڵبژاردنی نیشتمانیی دەکرێت.



ئەندامێکی لیستی برایەتی نەینەوا:

هێزی هاوبەش، هەوڵێکە بۆ هێنانی هێزی عەرەب بۆ ئەو ناوچانە

ئارام شێخ وەسانی

ئەندامێکی لیستی برایەتی نەینەوا لەوبڕوایەدایە زۆرینەی هەوڵەکان بۆ زیاتر درێژکردنەوەی ماوەی مادەی ١٤٠ن و هاتنی هێز بۆ ناوچەجێناکۆکەکان پلانێکە پێشتر کێشەی لێ کەوتووەتەوە.

دوای ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا چەندین کردەوەی تیرۆریستی لەناوچەکانی سەر بە پارێزگای موسڵو کەرکوکو دەوروبەریدا ڕوویاندا کە تائێستاش ئەو کردەوانە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندان، بوونە هۆی ئەوەی کە حکومەتی ئەمریکا لەم بابەتە نیگەران بێتو بەوردی کار بۆ ئەوە بکات کە ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە بۆ چارەسەری کێشەکەو بۆ ئەوەی ئەو کردەوە تووندوتیژییانە نەبنە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبیو نەتەوەیی لە عێراقدا، بەو هۆیەوە لە چەند لێدوانێکی جیاوازی بەرپرسانی ئەمریکادا ئەو نیگەرانییە دووپاتکرایەوە، بەڵام لە تازەترین هەنگاودا سەبارەت بە چارەسەر بۆ سنووردانان بۆ مەترسیی تووندوتیژییەکانی ناوچەکێشەلەسەرەکان، ڕەی ئۆدێرنۆ پلانێکی ڕاگەیاندو ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە میانەی ڕاپۆرتەهەواڵێکدا ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەمریکا پێشنیازی ئەوەی کردووە، هێزێکی سێلایەنی پێکبێت لە سوپای عێراقو ئەمریکاو کوردو ئەو هێزە ڕۆڵی هێزێکی ئاشتیپارێز دەبینێت لەو ناوچانەدا، لە میانەی ئەو لێدوانەدا ئۆدێرنۆ دەڵێت: «دوای ئەوەی ئەو کردەوە تووندوتیژییانەی لەماوەی ڕابردوودا ناوچەجێناکۆکەکانی گرتەوە، ئەمریکا پێشنیازی ئەوە دەکات کە هێزێکی سێلایەنە دروستبێت لە سوپای عێراقو کوردو ئەمریکا، ئەو هێزە کارەکانی بۆ ماوەیەکە تا ئەو کاتەی کە متمانە دەگەڕێتەوە لە نێوان هێزەکانی ئەو ناچانەداو دەتوانن بەئاشتی بەیەکەوە بژین، هەروەها پێش ئەوەی ناکۆکییەکان تەشەنە بکەن لەسەر خاکو نەوتو دەسەڵات ئەو هێزە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت». لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا ئەو فەرماندەیەی سوپای ئەمریکا ئاماژە بەوەدەکات کە بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان هەریەکە لە حکومەتی هەرێمو بەغدا ئەو پێشنیازەیان لاپەسەند بووە، بۆیە لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون بۆ ڕاییکردنو کردنە بڕیاری ئەو پێشنیازانە دروستکراوە، بەڵام تاکە گرفتێک بۆ ئەو بابەتە ڕێکەوتننامەی هێزەکانی ئەمریکایە، بەپێی ڕێککەوتننامەی نێوان ئەمریکاو عیراق نابێت هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکاندا بمێننەوەو لەکۆتایی (٢٠١١)دا بەتەواوی بکشێنەوە، بەڵام ئۆدێرنۆ دەڵێت: «بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەو پەسەندکردنی ئەو پێشنیازانە، پێویستە ڕێکەوتننامەی ئەمنی نێوان عێراقو ئەمریکا هەموارببکرێتو ئەو بڕگەیەی بۆ زیادبکرێت».

هاتنی هێزێکی لەو جۆرە بۆ ناوچەجێناکۆکەکان لەچەندین لاوە شرۆڤە هەڵدەگرێت، قاسم سالح، ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە باسی لەوە کرد: «زۆرینەی هەوڵەکان بۆ زیاتر درێژکردنەوەی مادەی(١٤٠)ن و هاتنی ئەو هێزە بە جۆرێک لەجۆرەکان پلانی هێنانی سوپای عێراقە بۆ ئەو ناوچانە کە پێشتر کێشەی زۆری لێکەوتەوە، بەبۆچوونی من دەرکردنی بڕیارێکی لەوجۆرە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، جگە لەوەی ئەو هێزە عەرەبانە لەگەڵ ئەمریکییەکان دێنە ئەو ناوچانە کە پێشتر ڕێگەیان پێنەدراوە، ئێستا ئەو هێزەی سوپای عێراق لەگەڵ ئەمریکا دێتە ئەو ناوچانە، بۆیە بەبۆچوونی من ئەنجامێکی باشی نابێت».

قاسم سالح وتیشی: «ئەوە بابەتێکی گرنگە، ناوچە جێناکۆکەکان چەند پارێزگایەکە نەک ناوچەیەکی بچووک، پێموایە ئەوە تەنیا هەوڵی عەرەبەکانە بۆ هاتنیان بۆ ناوچەجێناکۆکەکانو شتێکی مەترسیدارە کە سوپا بێتە ئەو ناوچانە جا بە هەرشێوەیەک بێت، چونکە تائێستا مادەی (١٤٠)جێبەجێ نەکراوە».

ژمـــارە (536) چوارشەممە 2009/8/19
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

ناڕەزایـیـەکـان، دەســـ

شالاو فەتاح

رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤و دوای بەسەرچوونی ٢٠ رۆژ بەسەر ماوەی کارکردنی یاسایی خۆیدا، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەستووری هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد، ناوەرۆکی دەستوورەکە بووەهۆی دروستکردنی ناڕەزاییەکی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی، هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کاتی دەنگدان لەسەر دەستوورەکە دوابخرێت. ئەوەی دەبینرا ناڕەزاییەکە تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆ نەبوو، هێندەی لەسەر ئاستی هەرێمی و تەنانەت جیهانیش ناڕەزاییەکی زۆری دروستکرد، بەجۆرێک دواجار UN هاتەدەنگو سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای پێداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کرد، بەرپرسانی هەرێمیش وەلامی ناڕەزاییە ناوخۆییەکانیان بە «ناحەزو دەستی دەرەکی»و وەلامی ناڕەزایی دەرەکییشیان «بە تێنەگەیشتن» دایەوە، بەگومانێکی زۆریشەوە لەگشت رەخنەیەک لەدژی سیاسەتی هەرێم دەروانن، وەک مەسعود بارزانی لە لێدوانێکیدا بۆ (ئێن.پی.ئار) پێیوایە، زیادەڕۆیی هەیە لە تۆمەتبارکردنی هەرێمو دەڵێت، «هەرکەسێک باسی سیاسەتی عێراق بکات، رەخنە لە کوردەکان دەگرێت»، لەکاتێکدا هەریەکە لە لایەنە دەرەکی و ناوەکییەکیان چ ناحەز بن یان ناتێگەیشتوو، بەپێوەری لێکدانەوەو تێگەیشتنی خۆیان دەستوورەکە لێکدەدەنەوەو ئەو جۆرە پاساوانە هیچ لە هاوکێشەکە ناگۆڕێت.

کاردانەوەی ناوخۆیی

کاردانەوە ناوخۆییەکانی دژی دەستووری هەرێم لە دووبەش پێکهاتبوون، ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان دژ بە دەستوورەکە ناڕەزاییان دەربڕی، بەهۆی ئەو دەسەلاتە زۆرەی دەستووری هەرێم بە سەرۆکی هەرێمی بەخشیوە کە سیستمی هەرێم لەسیستمێکی سەرۆکایەتی نزیکدەکاتەوە تا پەرلەمانی، یوسف محەمەد، پسپۆڕی یاسا دەڵێت: دەستوورەکە لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەنگدانەوەیەکی زۆری دروستکرد، لەبەرئەوەی «پاشەکشەیەکی زۆر دەبینرێت لە سیستمی دیموکراسیو دەسەلاتێکی زۆر بە سەرۆکی هەرێم دەبەخشێت، کە نزیکدەبێتەوە لەسیستمی سەرۆکایەتی، ئەمەش سەرچاوەی گشت ناڕەزاییە ناوخۆییەکان بوو لە دەستووری هەرێم». لە بەشی دووەمی دەستوورەکەداو وەک بەشێک لە دەسەلاتی جێبەجێکردنی سەرۆکایەتی هەرێم، دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەچەند مادەیەک دەستپێدەکاتو لەمادەی (٦٠)دا دەڵێت، «سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی بالای دەسەلاتی جێبەجێکردنو فەرماندەی گشتیی هێزەکانی زێرەڤانی هەرێم (پێشمەرگە)یەو لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتی گەلی هەرێم دەکات و هەماهەنگی لە نێوان دەسەلاتەکانی فیدراڵیو دەسەلاتەکانی هەرێمدا دەکات»، ئەمەش بە مانای توانای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکانو هەڵوەشاندنەوەی هەربڕیارێکی پەرلەمانی هەیە، تەنیا بوونی ئەم مادەیە بەسە بۆ بیناکردنی سیستمێکی سەرۆکایەتی، لەکاتێکدا هەر لەم دەستوورەدا چەندین مادەو بڕگەی دیکە بە سەرۆکی هەرێم بەخشراوەو ژمارەی ئەو وشانەی کە دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم دیاریدەکات (٩٥٥) وشەیە، لەکاتێکدا ژمارەی ئەو وشانەی کە دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیران دیاریدەکات (٦٩٤) وشەیە. ئەم دەسەلاتە زۆرە ناڕەزاییەکی ناوخۆیی ئەوتۆی دروستکرد، کە بووە هێزێک بۆ دواخستنی ماوەی دەنگدان لەسەر دەستوور، کە بڕیاربوو لە ٢٠٠٩/٧/٢٥و لەگەڵ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیو پەرلەمانییەکەی کوردستاندا دەنگی لەسەر بدرێت، دیارە هێزی ناوخۆ بۆ دواخستنی دەستوور تەنیا هێز نەبوو.

یەکێک لەو رەخنانەی لە دەستووری هەرێم دەگیرا، بریتی بوو لە پاراستنی بەرژەوەندیی حیزبیو تاکەکەسی لەجیاتی بەرژەوەندیی نیشتیمانی، لەمبارەیەوە یوسف محەمەد، دەڵێت «دەستوورەکە بەرژەوەندیی شەخسیی، بنەماڵەییو حیزبی تیایدا پارێزراوەو هێندەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی چەند لایەنێک دەکات، هێندە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان ناکات»، یەکێک لە سووە راستەوخۆکانی دەستوور کە لە بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە، بریتییە لە چانسی درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی بارزانی بۆ ماوەی چوار ساڵ. لە رەشنووسی ئەو دەستوورەی پێشترو لە ساڵی ٢٠٠٦دا پێشکەش بە پەرلەمان کرا، ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم بۆ دوو خولو بۆ ماوەی هەشت ساڵ دیاریکرا، دیارە ئەمە لەم دەستوورەشدا نەگۆڕاوە، ئەوەندە نەبێت برگەیەکی بۆ زیادکراوەو لە مادەی (٦٤)و بەشی دەسەلاتی جێبەجێکردن، دەسەلاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت «لە رۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە»، ئەمەش بەو مانایە دێت لەدوای دەرچوونی دەستووری هەرێمەوە ماوەی سەرۆکایەتیو دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم دیاریدەکرێتو خولی یەکەمی بۆ حساب ناکرێت. بەڕای پسپۆڕێکی دەستووریی، بەندی دیاریکردنی دەسەلاتی هەرێم لە دەستووردا «موتڵەق» بووەو بەندە موتڵەقەکانی دەستووریش تەنیا بە راپرسی جەماوەریی بڕیار لەسەر گۆڕینیان دەدرێت، بۆیە بوونی ئەم برگەیە «لە ڕووی یاسای دەستوورییەوە نایاساییە»، بەڵام بە رێکەوتنێکی گشت لایەنەکان توانرا ئەم خاڵە جێگیر بکرێت، رێکەوتنێک کە سوودی راستەوخۆی لە دەستووردا بۆ لایەنەکانی دیاریکردبوو لە بەرامبەر بوونی ئەم خاڵەدا.

بەشێک لە دانیشتووانی هەرێم لەگەڵ پەسەندکردنی دەستووری هەرێمدا نەبوون، چونکە کاتی یاسایی کارکردنی پەرلەمانی کوردستان تەواوبووبوو، ئەم بەشە کە لیستی گۆڕانیش پشتگیریی دەکرد، پێیانوابوو مەسەلەیەکی گرنگی وەک دەستوور نابێت لەلایەن «پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو»ەوە پەسەندبکرێت. کۆیستان محەمەد، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانو کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان دەڵێت: پەرلەمانی ئێستا لە ٦/٤ ماوەی کارکردنی تەواوبووەو شەرعیەتی ئەوەی نییە دەنگ لەسەر دۆکیۆمێنتێکی گرنگی وەک دەستوور بدات. بەشێک لە رەخنەگرانی دەستوور پێیانوابوو، کە پەرلەمانی ئەوکات دەستووری بەپەلە پەسەندکردووە لەبەر ترسی گۆڕانی بااڵنسی هێز لە پەرلەماندا، چونکە ئەوکات پەرلەمان لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە کۆنترۆڵکرابوو.

عەدنان عوسمان، سەرنووسەری رۆژنامەو کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە «دەستوورەکە لەگەڵ سیستمی پەرلەمانییدا تەبا نییەو سیستمی سەرۆکایەتی بەرهەمدەهێنێت».

یەکێکی دیکە لە بەرژەوەندییە حیزبییەکان بریتی بوو لە ماددەیەک بە ئامانجی رازیکردنی ئیسلامییەکانی کوردستان دانرابوو، دیارە قبوولکردنی درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانی هەروا ئاسان نەدەچووە سەرو رووبەڕووی رەخنەو دژایەتیکردنی هێزە ئیسلامییەکانی ناو پەرلەمان دەبووەوە گەر لە بەرامبەریدا ئیمتیازێک نەدرایەتە هێزە ئیسلامییەکان. وەک پەرلەمانتارێک وتی: «بۆچی تائێستا ئەم هەموو دژایەتییەیان دەرکردو لە شەو و رۆژێکدا پەسەندیانکرد، بێگومان دەستکەوتی راستەوخۆیان هەبوو لە دەستووردا ئەگینا پەسەندیان نەدەکرد». ئیسلامییەکان وەک هێزێک مەبەستیان بوو بە چەسپاندنی ئەو خاڵە ئەگەری پێشکەشکردنی دەستوورێکی عەلمانی کە یاساغی دامەزراندنی حیزبی ئیسلامی بکات، نەهێڵن. ترسی بوونی وەها دەستوورێک وای لە حیزبە ئیسلامییەکان کرد کە دەستووری هەرێمی کوردستان بەبوونی گشت کەموکوڕییەکەوە، بەڵام بە مەرجی زیادکردنی بڕگەیەک بۆ مادەی شەشی دەستوور، کە دەڵێت «نابێ یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام»، پەسەندبکەن. ئەم خاڵەش بەڕای چاودێرانی دەستووریی هەرچەندە ئیمتیازێک بوو بۆ ئیسلامییەکان، بەڵام کارتی ئیسلامییەکانیش بوو لە بەرامبەر کارتی پارتی دیموکراتی کوردستانو درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی بارزانی. ئەمەش بوونو مانەوەی هێزە ئیسلامییو عەلمانییەکان لە هاوکێشەی سیاسیی هەرێمدا بەرەو جێگایەکی دیکە بەرزدەکاتەوە.

لەسەر ئاستی میدیای کوردیش رەخنەیەکی زۆر لە دەستووری هەرێم گیرا، بۆ نموونە ئاسۆس هەردی رۆژنامەنووس لەلێدوانێکیدا بۆ سایتی نیقاش دەڵێت، دەستووری هەرێم لەمکاتەدا ئابڕووچوونە بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستانو رایگەیاند، کە هیچ مشتومڕێکی جەماوەریی لەسەر دەستوورەکە نەکراوەو تەنانەت نەخوێنراوەتەوە، لەکاتێکدا رەشنووسی یەکەم کە سێ ساڵ پێش ئێستا دەرچوو بە ئاشکراو کراوە بوو بۆ رای گشتییو مشتومڕی لەسەرکرا، بەڵام ئەم دەستوورە لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە پەسەندکرا.

لایەنێکی دیکەی ناڕەزا بە دەستووری هەرێم نەتەوە بچووکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بوون، کلدانیو سریانیو ئاشوورییەکان ناڕەزاییان لە جیانەکردنەوەی ناوەکانیان وەک نەتەوەی جیاواز لە دەستووری هەرێمدا دەربڕی. وەک لە راپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی ئاشوورییدا هاتووە، رۆیل داود جەمیل کە ئەوکات کاندیدی یەکەمی لیستی کلدانی بوو بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان دەڵێت، ئەگەر هەرێمی کوردستان ناوی کلدانیو ئاشووریو سریانی جیانەکاتەوە لەیەکتر لە دەستووردا، ئەوا لە دادگای فیدراڵی لە عێراق سکاڵا دەکەن، ئەم ناڕەزاییەش دوای ئەوە دروستبوو کە دەستووری هەرێم مەسیحییەکانی کوردستانی وەک یەک نەتەوە ناوزەد کردبوو.

کاردانەوەی عێراقی

کاردانەوەی ناوخۆیی تەنیا لەلایەن هاوڵاتییانی هەرێمەوە نەبوو، هێندەی لەلایەن تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی عێراقەوە دەستوور دژایەتیدەکرا، ئەمەش لەبەر ئەو برگانەی کە ناوچە جێناکۆکانی بە بەشێک لە کوردستان وەسفدەکرد، ماددەی ٢ لە دەروازەی یەکەمی دەستوورو لە بنەما سەرەکییەکاندا هەریەکە لە «سنجارو تلکێفو قەرەقوشو ناحیەکانی زمارو بەعشیقەو ئاسکی کەلەک لە پارێزگای نەینەواو هەردوو قەزای خانەقینو مەندەلی لە پارێزگای دیالە» بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان وەسفدەکات، لەکاتێکدا ئەم ناوچانە جێناکۆکنو لەلایەن حکومەتی ناوەندیشەوە دژایەتی هەنگاوی یەکلایەنە لەبارەی ئەم ناوچانەوە دەکرا، ئەمەو پێش دەرچوونی دەستوورەکە، هەرێم بۆ یەکەمجار نەوتی رەوانەی دەرەوە کردو



ژمـارە (536) چوارشەممە 2009/8/19
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

ـــتـــوور بەرەوکوێ دەبەن؟

ئەمەش بە «پاڵپشتێکی گەورەی ئابووری» بۆ هەرێم دانرا، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی دەستووری هەرێم بە هەوڵێک بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆیی هەرێم دابنرێت، دیارە ئەمەش تەنیا لەلایەن «شۆڤێنیەکانەوە» بەوجۆرە لێکنەدرایەوە، بەڵکو گۆڤارێکی جیهانیی بەناوبانگی وەک تایم لە ڕاپۆرتێکی چڕوپڕدا دەربارەی گواستنەوەی نەوتو پێشکەوتنی هەرێم لەڕووی ئابوورییەوە دەڵێت؛ لەکاتێکدا گشت عێراقییەکان ترسی شەڕی ناوخۆیان هەبوو، هەرێمی کوردستان ئابووریی پێشدەخستو فرۆکەخانەی دەکردەوەو ئوتێڵو بەنداوو لەهەمووشی گرنگتر هیچ چاوەڕوانی عێراق ناکاتو بۆند لەگەڵ دەرەوە ئیمزادەکات. هەر لە گۆڤاری تایمداو لە هەمان ڕاپۆرتدا دەربارەی دەستووری هەرێم دەڵێت؛ هەرێم دەستوورێکی دەرکردووە کە تاک لایەنانە ناوچە جێناکۆکەکان بە بەشێک لە هەرێم دەزانێتو ئەمەش لەلایەن زۆرێک لە بەرپرسانی بەغداوە بە «جارێ سەربەخۆیی» دادەنرێت.

یوسف محەمەد پێیوایە «نارەزاییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ دوای ئەوە هاتن کە دەستووری هەرێم کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانی زۆر بە نارووی باسکردووەو ئەم نارووندییەش بووە هۆی ئەوەی بەرپرسانی حکومەتی ناوەندی نارەزایی دەربڕن، چونکە ترس لە دروستبوونی ململانێ لەسەر ئەو ناوچانە دەبینرا».

لە کاردانەوەی کۆمەڵێک پەرلەمانتاری عێراقیدا، پەنجا پەرلەمانتار بەیاننامەیەکیان ئیمزاکردو تیایدا دژایەتی دەرکردنی دەستووری هەرێمیان کرد. ئوسامە نوجەیفی لەبارەی هۆکاری دژایەتیکردنی ئەو بۆ دەستووری هەرێم ڕایگەیاند، «نەک هەر ناکۆکە لەگەڵ دەستووری عێراق، بەڵکو دەسەڵاتی زیاتر بە هەرێم دەبەخشێت لە ناوەند».

عەلی ئەدیب جێگری سەرۆکی حیزبی دەعوە، نارەزایی خۆی دەربڕیو وتی «ئەم دەستووره ماددەی ١٤٠ی دەربارەی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان تێپەڕاندووەو کارکردن پێی بەتاڵە». لەبارەی کاردانەوەی ئەوان بۆ دەستوورەکە ئەدیب دەڵێت، ئەگەر ئەم دەستووره بدەینە دادگای فیدراڵی ئەوا بەپێی دەستووری عێراقی مامەڵە دەکرێتو بەمشێوەیەش کارکردن پێی بەتاڵ دەبێتەوە.

ئەیاد سامەڕایی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند: هەر دەستوورێکی هەرێمی دەبێت ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستووری عێراقیو دواتر سامەڕایی دووپاتیکردەوە، کە پێویستە پەرلەمانی عێراقی لە دەستووری هەرێم بکۆڵێتەوە. هەر لەبارەی دەستووری هەرێمەوە سەلیم جەبوری وتەبێژی بەرەی تەوافوقی عێراقی دەڵێت، زیادکردنی کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە بۆسەر هەرێمی کوردستان تەنیا لەڕێی دەستووری فیدراڵییەوە یەکلایی دەکرێتەوە.

زافر ئەلعانی سەرۆکی بلۆکی سوننە لە لێدوانێکیدا بۆ «ڕادیۆ فری یوروپ» ڕایگەیاند «دەستووری هەرێم جودایيخوازە»، بەمانای دەستوورێکە بۆ جیاکردنەوەی هەرێم لەعێراقو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بنیاتنراوە. ئەم گومانەش لە هەوڵی سەربەخۆیی سەرکردە کوردییەکان قوڵتر بووەوە، دوای ئەوەی چەند بەرپرسێکی کورد لە ڕاپۆرتێکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتییدا وتبوویان کە ئەگەر بەغدا فشاری زۆر بۆ سەر کوردستان بێنێت، ئەوا دەچێنە پاڵ تورکیاو تورکیا هەڵدەبژێرین نەک عێراق.

پەرلەمانتارانی موسڵ لەناو پەرلەمانی عێراق، لە بەیاننامەیەکیاندا زیادکردنی هەر بەشێک لە پارێزگاکەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ڕەتکردەوە، محەمەد تەمیم بەناوی ئەو پەرلەمانتارانەوە ڕایگەیاند، لەکاتێکدا لایەنە جیاجیاکانی عێراق لەهەوڵی گەیشتن بە ئاشتەوایی نیشتیمانیو داخستنی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوون، هەرێمی کوردستان بۆمبێکی دیکەی تەقاندەوە (دەرکردنی دەستوور) بۆ دروستکردنی ململانێ، دواتـرو لە هەمان بەیاننامەدا پەرلەمانتارەکان داوا لە پەرلەمانو حکومەتی عێراقی دەکەن کە هەڵوێست وەربگرن دژی ئەو دەستوورە.

لە بەهێزترین کاردانەوە عێراقییەکان، سەردانی مالیکی بوو لەدوای دواخستنی دەستوور بۆ وتوویژ دەربارەی کێشە هاوبەشەکانی نێوان هەرێمو ناوەند، لەوانە پێشنیازی هەموارکردنی دەستووری هەرێم. مالیکی هەرچەندە بۆ ماوەیەکی درێژ ناکۆکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبوو، بۆ یەکەمجار سەردانی شاری سلێمانی کردو بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمار لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە. دیارە سەردانەکەی مالیکی بەشێوەیەکی گشتیی بۆ چارەسەرکردنی گشت کێشەکان بوو، لەنێویاندا کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانو نەوت، بەڵام هیچ دەستکەوتێکی جگە لە دروستکردنی لیژنە نەبینرا. بەڵام فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بە ئاژانسی (عێراقی حور)ی ڕاگەیاند، بەهیچ جۆرێک لە مافە دەستوورییەکانیان سازشناکەن.

کاردانەوەی جیهانیی

ئەو کاردانەوە جیهانییەی لەسەر دەستووری هەرێم بینرا، جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەمەش دوای ئەوەی خودی بان کی مۆنی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وێبسایتی ڕەسمیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داوای هەموارکردنی دەستووری هەرێم کردو دەستوورەکەشی بە مەترسی لەسەر ئاسایشی عێراق زانیو داوای ڕاگرتنی «هەنگاوی تاکلایەنە»ی کرد، دیارە ئیدارەی ئەمریکاش نیگەران بوو بە وەها هەنگاوێک. یوسف محەمەد پێیوایە، «کاردانەوەی جیهانی دوو ڕەهەندی هەبوو، یەکێکیان پاشەکشەی دیموکراسی بوو بەهۆی دەستووری هەرێمو ئەو هەموو دەسەڵاتەی دەیبەخشیە سەرۆک، ئەمەش کاردانەوەی لە واشنتۆنو میدیای جیهاندا دروستکرد، لەلایەکی دیکەوە ئەم دەستووره دەبووە هۆی ووروژاندنی کێشەکانی نێوان ناوەندو هەرێمو دوور نەبوو ببێتە هۆی هەڵگیرسانی ململانێ، بۆیە ئەمە دەنگدانەوەیەکی جیهانی دروستکرد بەتایبەت لای نەتەوەیەکگرتووەکان».

بان کی مۆن داوای هەموارکردنەوەی ئەو بڕگەو ماددانەی دەستووری کرد کە چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان یەکلایی دەکەنەوەو هەروەک هەنگاوی تاکلایەنەی لەبارەی ئەو کێشانەوە بەباش نەزانی، هەر دواترو لە هەمان ڕاپۆرتدا بانکیمۆن دەڵێت، پرۆسەی گفتوگۆ دەربارەی ناوچە جێناکۆکەکان لە سەرەتایدایەو هیوادارین هەردوولا (کوردو عەرەب) هاوکاری بکەن بۆ پێشخستنی ئەو کەیسە، بەڵام زۆرێک لە بەرپرسانی هەرێم ئەوەیان ڕاگەیاند، کە بانکیمۆن لە دەستووری هەرێم تێنەگەیشتووە، یەکێک لەو بەرپرسانە کەمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوو، کەرکوکی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئاکی ئیتاڵی دەڵێت؛ زانیاری هەڵە بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان بەرزکراوەتەوە لەبارەی دەستووری کوردستانەوە، ئێمە هەوڵدەدین بانکیمۆنی سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان لەگشت ڕاستییەکان ئاگادارکەینەوە، لەو زانیارییە هەڵانەی کە لەلایەن دوژمنانی ئێمەوە ڕۆیشتووەو پێمان باشە بانکیمۆن هیچ بڕیارێک بەپشتبەستن بە لێدوانی ئیعلامی نەدات. دواتـر کەرکوکی لێدوانەکەی توندتر



ئەو کاردانەوە جیهانییەی لەسەر دەستووری هەرێم بینرا، جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەمەش دوای ئەوەی خودی بان کی مۆنی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وێبسایتی ڕەسمیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داوای هەموارکردنی دەستووری هەرێم کرد

کردەوەو وتی «دەستووری هەرێم کەیسێکی ناوخۆییەو بۆ هیچ لایەنێک نییە تەداخولی تێدابکات»و دواتر ناوچەی کەرکوکی بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان لەقەڵەمداو وتی «ڕاپرسی ئەوە یەکلایی دەکاتەوە».

دواخستنی دەستووری هەرێمی کوردستان زیاتر بە هەوڵی ئەمریکا دادەنرێت تا ناوخۆیی، سەردانەکەی جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ عێراق لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٣، وا لێکدرایەوە کە یەکێک لە ئامانجەکانی سازشپێکردنی سەرکردە کوردییەکان بووە لە مەسەلەی دەنگدان لەسەر دەستووری هەرێم، دیارە ئەم داوایانەش سەریانگرت بەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، کە دەنگدان لەسەر دەستوور بۆ ماوەیەکی نادیار دوادەخاتو هۆکاری دواخستنەکەشیان بە «ئامادەنەبوونی تەکنیکی» لەقەڵەمدا، بەڵام دواخستنەکە بەئاشکرا دواخستنێکی سیاسیی بوو، ئەمەش دوای ئەوە ڕوونتربووەوە کە دەنگدان لەسەر دەستوور بۆ «ماوەیەکی نادیار» دواخرا.

لە هەنگاوێکی دیکەی ئیدارەی ئۆبامادا، هەوڵێکی دیـاری ئەمریکا سەردانی ڕۆبەرت گەیتس، وەزیری بەرگری ئەو وڵاتە بوو لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٩/٧/٢٨ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەرێمو ناوەند، گەیتس لەگەڵ هەریەک لە بەرپرسانی بەغداو هەرێم کۆبووەوە، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا هەریەکە لە بەغداو واشنتۆن زۆر نیگەران بوون بە دەرکردنی دەستووری هەرێم بەوشێوەیەی کە ناوچە جێناکۆکانی وەک بەشێک لە هەرێم داناوە، هەربۆیە واشنتۆن ڕۆبەرت گەیتسی ناردووە تا ببێتە «میانگیر» لەنێوان بەغداو هەرێمدا بۆ کێشەی ناوچە جێناکۆکان.

ڕاپۆرتێکی پەیمانگای واشنتۆن بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی نزیک، دەربارەی هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەی دواییـەوە سیستمێکی پەرلەمانی بالاڵنسکراوی بۆ دروستبووەو کە پێویستە واشنتۆن وەک دەوڵەتێکی دیموکراسی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵام لە هەمان ڕاپۆرتدا ڕەخنە لە دەستووری هەرێمی کوردستان دەگیرێت، بەوەی کە دەسەڵاتێکی زۆری بە سەرۆکی هەرێم بەخشیوە، بەجۆرێک ڕاپۆرتەکە دەستـوورەکـە بـە بەرهەمهێنەری «دیکتاتۆرییەتی شاراوە» وەسفدەکات.

ئـــۆپـــۆزسـیـــۆن لە پـــەرلەمـــانی داهـــاتـــوودا شـــ

محەمەد سالّح حەمەلاو









سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان گەشبینی خۆی لە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی ئایندەدا نیشاندەداتو جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «پەرلەمانی ئایندە کاری زیاترو باشتردەکات».

گۆڕان، پەرلەمانی داهاتوو ئەکتیڤ دەکات

د.دلێر ئیسماعیل، سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان (خولی دووەم)، پێیوایە پەرلەمانی ئایندە لە پەرلەمانی ئێستا ئەکتیڤتردەبێت، چونکە پێکهاتەکانی پەرلەمانی ئایندە جیاوازترەو تەرازووی هێزیش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووەو ئەو گۆڕانکارییەش لایەنی پۆزەتیڤی زیاترە، بەوپێیەی یەکێک لە خاڵە گرنگەکان ئەوەیە ئەو لیستو فراکسیۆنانەی دێنە پەرلەمان هەریەکەیان بەرنامەی کاری تایبەت بەخۆی هەیە.

وتیشی: هەندێک شت هەیە پەرلەمانی پێشوو کاری لەسەر نەکردووەو بەو هۆیەوە گازندەو گلەییەکی زۆردەکرا، بەوەی کە گوایە پەرلەمان مەسەلەکان وەک خۆیو لەکاتی خۆیدا تاوتوێ ناکات، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە پەرلەمانی پێشوو هیچی نەکردبێت، هەربۆیە ئێمەش چاوەڕوانین ئەوەی کە پێشتر پەرلەمان بۆی تەواونەکراوەو کاری لەسەرنەکردووە، پەرلەمانی داهاتوو چارەسەری بکات.

نابێت ئۆپۆزسیۆن لەپێناو ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیدا کاربکات

سەرۆکی لیژنەی دارایی بە پێویستی دەزانێت لە پەرلەمانی ئایندەدا ئۆپۆزسیۆن ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابیی بێتو لایەنە نیگەتیڤەکان نەهێڵێتو دژیان بووەستێتەوەو گرنگیش بەلایەنە ئیجابییەکان بدات، نەک بە تەنیا لەپێناو ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی کاربکاتو بەو نەفەسەوە بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکدا کاربکاتو بەرنامەکانی خۆی جێبەجێبکات.

پێداچوونەوە بە پەیرەوی ناوخۆدا، دەرگای زۆرێک لە بابەتەکانی دیکە دەکاتەوە

سەرۆکی لیژنەی دارایی دەڵێت: بەو پەیرەوی ناوخۆییەی پەرلەمانی کوردستان کە ئێستا هەیە، کارەکان بەباشی بەڕێوەناچنو پێویستە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن پێداگیریی بێت لەوەی کە پێداچوونەوە بە پەیرەوی ناوخۆدا بکرێت، بۆ ئەوەی دوای ئەوە هەموو کارەکان رێرەوی یاساییو ئاسایی خۆیان بگرنەبەر، چونکە پێداچوونەوە بە پەیرەوی ناوخۆدا دەرگای زۆرێک لە مەسەکانی دیکە دەکاتەوە».

وتیشی: «بە پلەی یەک دەبێت ئۆپۆزسیۆن پێداگیریی لەوەبکات کە دەبێت پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان پێداچوونەوەی تێدابکرێت، چونکە ئێمە لەم خولەی خۆماندا چەند جارێک پێداگیریمان لەو مەسەلەیەکرد، بەڵام بەداخەوە هەرچەندە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیانجار پێداچوونەوەی پەیرەوی ناوخۆی خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە، بەڵام جێبەجێی نەکرد».

ئەکتیڤکردنی چاودێری دارایی

پەرلەمانی پێشوو یاسای دیوانی چاودێری دارایی پەسەندکرد، هەرچەندە یاساکە دەرچـــووە، بـــەڵام تائێستا سەرۆکێک بۆ ئەو دەزگایە دانەنراوەو دەزگـاکـــەش دەستـــتی بـــە کـارەکـانـی نەکردووە.

بەوتەی د.دلێر، ئەو یاسایەی لە پەرلەمان بۆ چاودێری دارایی دەرچووە «یاسایەکی زۆر باشە»، بەڵام یەکێکی دیکە لە کارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە بواری داراییدا ئەوەیە، کە دەبێت رۆڵی چاودێری دارایی ئەکتیڤ بکاتو کار بە یاساکە بکرێت، ئەوە جگەلەوەی پێیوابوو بوونی چاودێری دارایی هەنگاوێک دەبێت بە ئاراستەی دروستکردنی دەستەی نەزاهە لە کوردستاندا.

یاسایەک بۆ بودجەی حیزبەکان

بـودجـەی حیزبەکان یەکێکە لە سـەرەکـیـتـریـن گرفتەکانی بـواری دارایی هەرێم، کە تائێستا بەپێی یاسا رێکنەخراوە، ئەوە لەکاتێکدایە چەندین یاسای کەمبایەختر لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووەو پەسەندکراوە، بەپێی وتەی ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی هەرێمیش لە سالاّنی رابردوودا بەشێک لە بودجەی هەرێم بەتایبەت لەنێوان یەکێتیو پارتیدا تەخشانو پەخشانکراوە، راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانیش ئەوەیان ئاشکراکردووە کە یەکێتیو پارتی سالاّنە

گرانیی، بازاڕەکانی کوردس

چیا سەمەد

لەگەڵ هاتنی مانگی رەمـــەزانو دەستپێکردنی سالّی نوێی خوێندنا، گـرانـفـرۆشـی بـازاڕەکـانـی هـەرێـم دەگرێتەوەو هاوڵاتییانیش حکومەت بە کەمتەرخەم دەدەنەقەڵەم.

پـێـشـرەو فـایـەق، بـەڕێـوەبـەری چاودێریی بازرگانیی سلێمانیش، ئاماژەی بەوەکرد، کە شتێکی ئاساییە لەهەرشارو وڵاتێکدا کاتێک جەژنو ئاهەنگو بۆنەیەکی تایبەت دێتەئاراوە نرخی کاڵاو شمەکەکان بەرزدەبێتەوە، چونکە ئەو بەرزبوونەوەیە پەیوەندیی بە خواستو خستنەڕووەوە هەیە، وتیشی: «لەبەرئەوەی زۆربەی کـاڵاو پێداویستییەکان لە دەرەوەی هەرێمەوە دێن، جۆرێک لەبەرزبوونەوەی نرخ بەخۆیانەوە دەبینن».

لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ دەستپێکردنی سالّی نوێی خوێندنالە هەرێمی کوردستان، کڕینی جلوبەرگو پێداویستیی قوتابخانە بۆ منداڵان، دیسانەوە بەهای شمەکو کاڵا خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزدەکاتەوە.

ئـەمـسـاڵ لـەگـەڵ هـاتـنـی مانگی رەمەزاندا قوتابخانەکانیش دەکرێنەوەو هاوڵاتییانیش گلەیی ئـەوە دەکـەن کە بەرپرسانی حکومیی ناتوانن کۆنترۆڵی بازاڕبکەن لە رووی نرخەوە.

عـوسـمـان عـەلـی بـەرزنـجـی کە هاوڵاتییەکی تەمەن ٤١ سالّی دانیشتووی شـاری سلێمانییە، نیگەرانیی خۆی لەبەرزبوونەوەی نرخی کاڵاوشمەکەکان نیشاندا، بەوەی کە هێشتا مانگی رەمەزان نەهاتووە نرخ بەوجۆرە بەرزبووەتەوە، عوسمان پێیوابوو، «هاتنی مانگی رەمـــەزانو کردنەوەی قوتابخانەکان، کڕیارێکی زۆر دەخاتە بازاڕەکانەوەو ئـــەوەش کـارێـکـی زۆردەکـــاتـــە سەر نرخی شتومەکەکان» وتیشی، «خەڵک وەک نەریتێکی ئایینیو کۆمەڵایەتی زۆر بەگەرمی پێشوازی لـە مانگی رەمەزان دەکەنو لەومانگەدا پارەیەکی زیاتر خەرجدەکەن، بـەڵام بازرگانو دوکاندارەکان، ئەو مانگە وەک هەڵێک دەقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان».

بەپێی بنەما ئابوورییەکان هەرکاتێک ناهاوسەنگیی کەوتە نێوان خواستو خستنەڕووەوە، ئـەو کـات هەڵاوسان دروستدەبێتو نرخی کاڵاو شمەکەکان بەرزدەبێتەوە، ئەویش کاتێک تەرازووی خـواسـت لاسـەنـگ بـێـت بـە رووی خستنەڕوواو بڕێکی زۆر دراو بکەوێتە بازاڕەکانەوە، ئـەوەش فشارێکی زۆر دەخاتە سەر ئەو خێزانانەی کە ئاستی داهاتیان نزمە.

بـەبـڕوای رێـبـوار سەعید، هاتنی مانگی رەمەزان هۆکاری سەرەکییە بۆ بەرزبوونەوەی نرخ لەبازاڕەکانداو باسی لەوەکرد کە «بەهۆی ئـەوەی لەمانگی رەمەزاندا خەڵک بەڕۆژوو دەبنو زیاتر خـۆراکو پێداویستی رۆژانـە دەکـڕن، هەربۆیە نرخەکانیش بەرزدەبنەوە».

لە لایەکی دیکەوە، بەبڕوای هەندێک لە چاودێرانی ئابووریی، حکومەتی هەرێم بە پاساوی دەستوەرنەدانە بازاڕو کارکردن بەپرەنسیپەکانی بازاڕی ئازاد خۆی لە دیاریکردنی نرخو چاودێرییکردنی بازاڕ کێشاوەتەوە، ئەوەش وای لە بازرگانو دوکـانـدارەکـان کـردووە دەستکراوەو سەربەخۆ بن لەدانانی نرخ لەسەرخۆراکو شتومەکەکان.

هـــاوکـــات، پـێـشـیـانـوایـە کە بەرزبوونەوەی نرخەکان پەیوەندیی بە زۆریی بەکاربەرانەوە هەیە، چونکە هەتا رێژەی بەکاربەران زیاتر بێت نرخەکان بەرزترەدەبنەوە.

ئیدریس رەئوف، پسپۆڕی ئابووریی و مامۆستای زانکۆی سلێمانی، ئاماژەی بۆئەوەکرد، کە بەرزبوونەوەی نرخەکان دیاردەیەکی هەستپێکراوە لەبازاڕەکانی عێراقدا بەگشتیی و لە پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی، چونکە فرۆشیارانی سلێمانی داوای قازانجێکی زیاتر دەکەن بە بەراورد لەگەڵ فرۆشیارانی شارەکانی دیکە، ئەمەش بەهۆی ئـەوەی کە رێژەیەکی زۆری دانیشتوانی شاری سلێمانی ئاستی بژێویی ژیانیان بەرزەو فرۆشیارانیش وەک هەڵێک ئەوە دەقۆزنەوە.

وێـڕای ئـەوەی هاوڵاتییان گلەیی لە بـەرزبـوونـەوەی نرخەکان دەکـەن، فـرۆشـیـارەکـانـیـش بـەرزبـوونـەوەی نـرخ دەگەڕێننەوە بۆ بازرگانەکان، بـــەوەی نرخەکان بەویستی خۆیان بەرزدەکەنەوە.

مـحـەمـەد ئـەمـیـن، لـێـپـرسـراوی سۆپەرمارکێتی میران لە سلێمانی، باسی لەوەکرد، کە گرانبوونی نرخەکان بەهۆی گرانبوونی کرێی تێچووەو گـواسـتـنـەوەوەیـە، هـەربـۆیـە کاتێک کاڵایەک دەکـڕن، بازرگانەکان کرێی ئەوگواستنەوەیە دەخەنە سەر ئەوان، محەمەد ئەمین وتیشی: «ئێمەش ناچارین شتومەکەکان بەگران بفرۆشینەوە».

لەلایەکی دیکەوە شەوبۆ عومەر، ژنێکی تەمەن ٤٦ سالّی فەرمانبەرە، ئـەو نـیـگـەرانـە لـە فـرۆشـیـارەکـان بـەوەی کە لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ قۆستنەوەی هەڵەکانو باسی لەوەکرد، کە حکومەتو دەسەڵاتداران بەرپرسن لە بەدواداچوونو چاودێرییکردنی نرخ لە بازاڕەکاندا، بە بڕوای ئەو هاوڵاتییە پێویستە نرخ دیاریبکرێتو حکومەت ئـاگـاداری نرخی شتومەکەکان بێتو چاودێریی فرۆشیارەکان بکاتو ڕێگە بە دیاریکردنی نرخەکان نەدات لەلایەن فرۆشیارەکانەوە.

شـەوبـۆ، باسیشی لـەوەکـرد کە مانگی رەمـــەزان بۆنەیەکی پیرۆزەو تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە زیاتر بە هەڵوێستو بنەماو رۆحێکی مسوڵمانانەوە پێشوازی لەم مانگە بکرێت، نەک تەنیا بیر لە پـارەو دەستکەوتی مادییو بەرژەوەندیی کەسیی بکرێتەوە.

ـــەڕی دارایی دەکات

(٨٤٠) ملیۆن دۆلاریان لە بودجەی هەرێم بە تەنیا بۆخۆیان بردووەو حیزبەکانی دیکەش بەشێوەیەکی کەم بودجەیان بۆ دیاریکراوە.

د.دلێر ئـامـاژەی بـەوەکـرد، «دەبێت ئۆپۆزسیۆن کار بۆ ئەوەبکات یاسایەک بۆ بودجەی حیزبو رێکخراوەکان دەربچێتو ئەو مەسەلەیەش رێکبخرێتو رێگەنەدرێت بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە».

هاوار شێخ رەئـوف، شـارەزای بواری ئابووریو جێگری بەڕێوەبەری بانک دەڵێت: دەبێت ئۆپۆزسیۆن کاربکات بۆ ئەوەی یاسایەک بۆ بودجەی حیزبەکان دەربچێتو بەپێی ئەو یاسایە مینحەی حیزبەکان لەسەر بنەمایەکی ماقوڵو مەنتیقی رێکبخرێتو باشترین حاڵەتیش بۆئەوە ئەوەیە کە بودجەی حیزبەکان لەسەر بنەمای (ئیستحقاقی ئینتخاباتی) مافی بەدەستهێنانی کورسی دیاریبکرێت.

بۆ نموونە هەرحیزبێک چەند کورسی هەبوو بەپێی ژمـارەی ئـەو کورسییانە بودجەی پێبدرێتو نابێت ئەو بودجەیە ئـەوەنـدە زۆربـێت کە کاریگەری خراپی لەسەر بودجەی هەرێم هەبێت. ئاماژەی بەوەشکرد، پێدانی بودجەی حیزبەکان دەبێت بە ڕێژەیەکی دیاریکراوی کەم بێتو حیزب پشت بەو بودجەیە نەبەستێت، بەڵکو حیزب دەبێت پشت بە بنەمای داهاتی ئابوونەی ئەندامەکانی یاخود ئەو پرۆژانە ببەستێت کە لە ناوەوە یاخود لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەیان دەبات.

ڕێگریی لە قۆرغکردنی بازاڕ

پێشتر پەرلەمانی هەرێم لیژنەیەکی بۆ چاودێریکردنی گرانیی بـازاڕو نەهێشتنی قۆرغکاریی پێکهێنا، بـەڵام لیژنەکە هیچ ڕێگەچارەیەکی بۆ نەدۆزرایەوە.

سەرۆکی لیژنەی دارایی پێیوایە، دەبێت ئۆپۆزسیۆن لە بواری بـازاڕدا لە نزیکەوە چاودێریی بازاڕو وەزارەتەکانیش بکات بۆ ئەوەی ئاگاداربێت لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکانیان، ئەوەشی نەشاردەوە، کە پێشتر ئەوان هەندێک کاریان لەو بوارەدا کردووە کە هەندێکیان کۆتاییان پێهاتووەو بەشێکیشیان بە تەواونەکراویی ماونەتەوە، بەڵام هاوار شێخ رەئوف بە پێویستی دەزانێت ئۆپۆزسیۆن ڕێگە بە پاوانکاریی نەدات، چونکە ئەو لەو بڕوایەدابوو «ئێستا زۆربەی ئیشوکارەکانی تایبەت بە بـازاڕو چالاکییە ئابووریـیەکان قۆرغکراون بۆ کۆمپانیا حیزبییەکان»و دەبێت ئۆپۆزسیۆن لەمەودوا ئەو دیاردەیە نەهێڵێتو بەپێی تواناو شارەزایی لێوەشاوەییان هەڵی کار بۆ سەرجەم کۆمپانیاکان بڕەخسێنن.

فشار لەسەر ئۆپۆزسیۆن

هـەرچـەنـدە ئـەزمـوونـی حکومڕانی هەرێم لەگەڵ بوونی ئۆپۆزسیۆندا هێشتا لە سـەرەتـادایـە، بـەڵام بەشێکی زۆر لە هاوڵاتییانو ڕۆشنبیرانو خەڵکانی شارەزا بە ئومێدەوە دەڕوانن بوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانو وەک سەرۆکی لیژنەی دارایی ئاماژەی پێکرد، ئەوان چاوەڕێدەکەن کە ئاخۆ ئۆپۆزسیۆن لە ئایندەدا چی پێدەکرێت، چونکە سیاسەت هونەری مومکیناتەو ناکرێت ئەوانەی کە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندانین فشارێکی زۆر بخەنەسەر لایەنی ئۆپۆزسیۆن، بەوەی کە نەیانتوانیوە فلاّن کارو فلاّن شت بکات، بەڵام وەک خۆی وتی: «من زۆر گەشبینم بەبوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا بڕوام پێیان هەیە».

پێویستە بودجەی بەکاربردن کەمبکرێتەوە

بەپێی وتەی بەرپرسانی وەزارەتی دارایی هەرێم، سالانە زۆرترین ڕێژەی بۆ بودجەی بەکاربردن تەرخانەدەکرێت کە خـۆی لە موچەی فەرمانبەرانو خەرجی فەرمانگەو دەزگا ئیدارییەکانی حکومەتدا دەبینێتەوە.

شێخ هـاوار، ئـامـاژەی بـەوەکـرد «بە لەبەرچاوگرتنی ڕاگەیاندنی بودجەی عێراق پێویستە ئۆپۆزسیۆن بە پلەی یەک پێداگیریی لەوەبکات هەموو ساڵێک بودجە لەکاتی خۆیدا بگاتە پەرلەمانو پەسەندبکرێت، چونکە بودجە پلانی دارایی وڵاتەو پلانی داراییش بەشێکە لە ژیانی ئابووریی لەهەر وڵاتێکدا».

وتیشی: «یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆن ئـەوەیـە کە دەبـێت جەخت لەسەر ئەوەبکات بودجەی بەکاربردن کەمبکرێتەوەو لـە بـەرامـبـەردا بایەخ بە بودجەی وەبەرهێنان بـدرێـت، ئەوە جگەلەوەی دەبێت ئۆپۆزسیۆن کار بۆ ئەوە بکات کە ڕێـژەی بەشوێنداچوونەکان لە ڕاستییەوە نزیکبکرێتەوە، بۆ نموونە کاتێک دامودەزگا حکومییەکان سالانە خەرجییەکانی خۆیان دەخەملێنن بۆئەوەی بودجەیان بۆ تەرخانبکرێت، دەبێت ئەو خەملاندنە زۆر نزیک بێت لە واقیعەوە، چونکە بە بڕوای هاوار پێشتر ئەو خەرجیانە «جۆرێک بووە لە فاڵگرتنەوە».

پێشیوابوو دامـودەزگـا حکومییەکان دەبێت دەرگـا ئاوەڵابکەنو سیاسەتێکی شەفافانە بگرنەبەر لە بەرامبەر ڕاگەیاندنو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چونکە ئەگەر شەفافیەت هەبێت لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردنی بودجە ناتوانێت ئیشوکارەکانی بە کەموکوڕیی ئەنجامبدات.

(١٥) هەزار سەر مەڕ لە ئوسترالیاوە دەهێنرێتە سلێمانی

ڕەنگە نرخی یەک کیلۆ گۆشت لە ڕەمەزاندا بگاتە (٤٠) هەزار دینار



شارا عەبدولڕەحمان

نرخی یەک کیلۆ گۆشت لە بازاڕەکانی سلێمانی گەیشتە (١٥) هەزار دینار، بۆ ئەو مەبەستەش قایمقامیەتی سلێمانی بە نیازی هێنانی (١٥) هەزار سەر مەڕە لە وڵاتی ئوسترالیاوە بۆ سلێمانی، بەڵام بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری ئـامـاژە بـەوە دەکـات، کـە ئەو ئاژەڵانە دەبێت نزیکەی (٢١) ڕۆژ لەژێر چاودێریی تەندروستیدا بن دواتر سەربڕدرێن، بەو پێیەش پێناچێت ئەو ئاژەڵانە فریای مانگی ڕەمـەزان بکەونو بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری پێیوایە، کە ڕەنگە نرخی گۆشت لە مانگی ڕەمەزاندا بگاتە نزیکەی (٤٠) هەزار دینار.

ئەمسالّ بەهۆی وشکەسالّییو چۆڵکردنی گوندەکانەوە، ژمارەی ئـاژەڵ لە هەرێمی کوردستان کەمبووەو بەو هۆیەشەوە نرخی گـۆشـت بـەرزبـوونـەوەیـەکـی بـەرچـاوی بـەخـۆوە بینی، بە جۆرێک پێڕێ (دووشەممە) لە بازاڕەکانی سلێمانیدا کیلۆیەک گۆشتی سـوور بە (١٥) هەزار دینار بوو.

زانا حەمە سالّح، قایمقامی قـەزای مەڵبەندی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە نرخی گۆشتمان بە (١٤) هەزار دینار دیـاریـکـردووەو لـەم ڕۆژانـەدا ڕایدەگەیەنین کە نابێت لەو نرخە بەرزتربێتەوە، بە مەبەستی ڕێگرتنیش لە بەرزبوونەوەی زیاتری نرخەکەی، بڕیارماندواوە بە هێنانی (١٥) هەزار سەر مەڕ لە وڵاتی ئوسترالیاوە بۆ سلێمانی، بۆ ئـەوەی لە مانگی ڕەمەزاندا بەکاربهێنرێت».

ئـەو ئـاژەڵانـەی کـە لە ئوسترالیاوە دەهێنرێنە سلێمانی بـە وڵاتـی سـعـودیـەدا دێـن بەهۆی ئەوەشەوە کە لەو وڵاتە شەحننەکرێت بۆ سلێمانی، بڕیارە ئاژەڵەکان ببرێنە بەغداو دواتر ڕەوانەی سلێمانی بکرێن.

د.عەباس عەلی، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی لەو بارەیەوە بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: «بە مەبەستی هێنانی ئەو ئاژەڵانە پێویستمان بـە ڕەزامـەنـدیـی حکومەتی عێراق هەیەو تائێستا نازانین کە بەغدا ڕازیدەبێت بە هێنانی ئاژەڵەکان یان نا».

هەرچەندە بڕیارە ئەو ئاژەڵانە بەمەبەستی دابەزینی نرخی گۆشت لە ڕەمەزاندا بەکاربهێنرێت، بەڵام بە وتەی بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری پێویستە نزیکەی (٢١) ڕۆژ لەژێر چاودێریی تەندروستیدابن، بۆ ئەوەی بزانرێت نەخۆشن یان نا دواتر سەربڕدرێن.

ئـەوەک عـەبـاس عەلی وتـی: «تائێستا ڕەزامـەنـدیـی حکومەتی عێراق وەرنەگیراوە دوای ئەوەش ئینجا دەبێت (٢١) ڕۆژ لەژێر چاودێریدا بن کە بۆ ئـەو مەبەستە هۆڵمان بۆ ئامادەکردووەو تەعقیمکراوە، پێدەچێت ئەگەر لە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانیشدا ئاژەڵەکان بهێنرێت ئەوا بۆ (٢١)ەم ڕۆژی ڕەمەزان سەردەبردرێن، بۆیە دوورنییە کە نرخی گۆشت بۆ (٤٠) هەزار دینار بەرزبێتەوە».

سـەبـارەت بە چـارەسـەری ئـەو کـێـشـەیـەش قایمقامی سلێمانی وتی: «ئێمە ئەو ئاژەڵانە دەهێنین بۆ دابەزینی نرخی گۆشت، تەنانەت ئەگەر ڕۆربەی ڕۆژەکانی ڕەمەزانیش تێپەڕێت بۆ سەربڕینیان، ئـەوە ئیشی ڤێتێرنەریيەو پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە».

ـــتان دەتەنێتەوە



لێپرسراوی سەنتەری راپرسیی کوردستان: پێویستە حکومەت‌و پەرلـــ بۆ بڕیاردان‌و یاسادانـــان پێویستیان بە پێوانەکردنـــ

سازدانی: سەنگەر جەمال



مەجید سالح لێپرسراوی سەنتەری راپرسیی کوردستان، لە دیدارێکی رۆژنامەدا ئاماژە بەگرنگیی‌و پێویستی ئەنجامدانی راپرسیی دەکات‌و پێیوایە هێشتا راپـرسـی لە کوردستاندا نەبووەتە کلتورو دامەزراوەکانی حکومەت پشتی پێ نابەستن، ئەوەش بۆ سیستمی سیاسیی رابردووی عێراق‌و ئێستای کوردستان دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت: «لە (٨٠)ساڵی دامەزراندنی حکومەتی عێراقەوە هەرگیز پشت بە رای خەڵک‌و رای گشتیی نەبەستراوەو بەپێچەوانەشەوە دەسەڵات رای خۆی سەپاندووە بەسەر رای گشتیدا، ئەو گرنگی نەدانەش گواستراوەتەوە بۆ سیستمی پەروەردەیی‌و یاسادانان‌و تەنانەت ئابووریی‌ش».

رۆژنـامـە: گرنگیی راپرسیی لەچیدایە؟ دەتوانرێت پشت بە چ جۆرە راپرسییەک ببەسترێت کە جێی متمانە بێت؟

* ئێستا بەگشتیی لەدنیادا هیچ کـارێـک ناکرێت بەبێ ئەنجامدانی راپرسیی، بۆنمونە تەنانەت کارگەیەکی بەرهەمهێنانی سـابـوون یـا شامپۆ پێش ئەوەی بەرهەمبهێنێت راپرسیی دەکـات، بـۆئـەوەی بزانێت زۆرترین داواکاریی لەسەر چ جۆرێکە لەلایەن هاوڵاتیان‌و بەکارهێنەرانەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی قازانجی زیاتر بکات‌و زۆرتر بەکاربهێنرێت.

ئـەوە لـە بـازاڕی سیاسەتیشدا گونجاوەو دەکرێت بیگوازینەوە بۆ ئـەوێ، سیاسەتمەداران پێش ئەوەی بڕیارێک دەربکەن، پەرلەمانەکان پێش ئەوەی یاسایەک دەربکەن، پێشوەخت لە ڕێی راپرسییەوە رای گشتیی جەماوەر کۆدەکەنەوە بۆئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە دایبڕێژن‌و سوودی زیاتری هەبێت‌و زۆرترین هاوڵاتی لێی سوودمەندبن، حیزبێک کە دەیەوێت دابمەزرێت پێشتر بەدواچوون بۆئەوە دەکات کە خەڵک حەزی لە چ ئایدیۆلیژیایەک هەیەو لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەتی خۆی دادەڕێژێت‌و بەرنامەی کار دادەنێت.

لەدنیای مۆدێرندا راپرسیی بە ئەندازەیەک گرنگە کە هیچ هەنگاوێک نانرێت پێش ئەوەی لەڕێگەی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو راپرسییەوە رای خەڵک‌و ئەو گروپانە وەرنەگرن کە پەیوەندیدارن، ئەوەش بۆ زانینی بۆچوون‌و هەڵوێستی کەسەکان‌و پێشنیازو کاردانەوەیانە بەو ڕووداوە یا ئەو بڕیارە. هەروەها لە ڕێگەی پێوانەکردنی ئەو ڕەفتارو هەڵوێست‌و بۆچوون‌و پێشنیازانەوە دەگەیتە ئەنجامێک کە دواتـر لەسەر ئەو بنەمایە بڕیارەکانی خۆت دەدەیت، ئێستا لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا وایـەو سەنتەری تایبەتی زانستی بۆ پێوانەکردنی رای گشتی‌و خەڵک هەیە.

رۆژنامە: پێتانوایە سەنتەرەکەتان یەکەم سەنتەری راپرسیی ناحکومییە لە کوردستاندا، ئایا پێشتر هیچ سەنتەرێک نـەبـووە یا راپرسیی زانستیی نەکراوە؟

*لەدوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان راپرسیی ئەنجامدراوە لەلایەن ڕێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنی یان ڕۆژنامەیەک یان کۆمەڵە کەسێکەوە، بـەڵام وەکـو سەنتەر یا دەزگایەکی تایبەت بە راپرسیی نەبووەو ئێمە یەکەم سەنتەری تایبەتمەندین بە راپرسیی کە تەنیا کارمان ئەنجامدانی راپرسییە لە (٢٠٠٧/١٠/١)دا وەک بەشێک لە کۆمپانیای وشە دامـەزراوە، سەنتەر هەیە ئیشی دیکەی هەیە لەگەڵ ئەوانەشدا راپرسیی دەکات، بەڵام تایبەت نییە تەنیا بە راپرسیی.

کۆمەڵگەی کوردی بە حوکمی ئەوەی لە حاڵەتی گۆڕاندایە لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن، دەبینیت زەروورەتو پێداویستییەکان وا دەخوازن لەمەودوا ئەو شتانە بێنە ئاراوە، بۆنمونە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێشتر تەنیا یەکجار کـرا، بـەڵام لـەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە بە (٦)ساڵ (٢)هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، حیزبەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی لەمەودوا پێویستیان بە ئەنجامدانی راپرسییە کە لە ڕێیەوە بزانن خەڵک بۆچوون‌و حەزو ئارەزووەکانیان لەچیدایە‌و چۆن بیردەکەنەوە، بۆئەوەی بەلای خۆیاندا رایانبکێشن، هەموو ئەوانە زەروورەتن.

هـەرچـەنـدە حـکـومـەت تائێستا نەگەیشتووەتە ئەوەی بۆ بڕیارەکانی پێویستی بە ئەنجامدانی راپرسی هەبێت، یان پەرلەمانی ئێمە تائێستا ئەو بڕوایەی لا دروست نەبووە کە بۆ یاسادانان‌و دارشتنی یاساکانی راپرسی بکات‌و ڕاو بیرکردنەوەو بۆچوونی خەڵک وەربگرێت، بەڵام هیوادارم ئەم خولەی پەرلەمان بگاتە ئەو بڕوایەی ئەو یاساو بریارانەی دەریـانـدەکـات پێشوەخت بزانێت تا چ ڕادەیەک لەلایەن خەڵکەوە قبوڵدەکرێن، دەکرێت ئـەوەش لەڕێی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی راپرسییەوە ئەنجامبدرێت.

واتە بەگشتیی‌و بە حوکمی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکە بەرەوپێش دەچێت‌و ئەو ناوەندە ئەکادیمییانەو تادێت پێویستییەکانیان زیاتر دەبێت، تەنانەت لە ڕووی کتێب‌و نووسینی وتار لەسەر راپرسیی تا ساڵی(٢٠٠٠) بەدەگمەن شت هەبوو لەو بارەیەوە، بەڵام ئێستا وردەوردە گرنگییەکی تایبەت بە رای گشتیی‌و راپرسیی دەدرێت‌و چەندین سەرچاوەو نووسین هەن.

رۆژنامە: چی، ئێوە لە سەنتەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟

* راپـرسـی کۆمەڵێک سیستمی تایبەت بەخۆی هەیە، یەکەمجار ئێمە لەو بڕوایەداین تەنیا راپرسی ڕووبەڕوو ئەنجامبدرێت بـۆئـەوەی ئەنجامێکی ڕاستەدەستبکەوێت، دووەم ئەو هەنگاو بەهەنگاوانەی راپرسین کە پێویستە بنرێن لە دانانی پرسیارەکان لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتەوە کە لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکاندا بگونجێن، سەرەتا راپرسییەکی کورتی سەرەتایی دەکەین بۆئەوەی بزانین پرسیارەکان چۆنن، دواتر ناوچە بەناوچە سامپڵەکان بە شێوەیەکی زانستی وەردەگرین، هەموو ناوچەو تـوێژەکان وەردەگـریـن، هەر تیمێکی (٥)کەسی سەرپەرشتیارێکی دەبێت‌و هەمان ڕۆژ وەڵامەکان وەردەگرینەوەو دواتـر پـێـداچـوونـەوە دەکـەیـن بە فۆرمەکاندا ئینجا کۆدیان بۆ دادەنرێت‌و دەخرێنە کۆمپیوتەرەوەو وردبینی تێدا دەکەینەوە، دواتر بە بەرنامەیەکی نوێ کە سیستمی (spss) بەکاردێنین‌و دواتر لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە تەحلیلی ئاماری بۆدەکەین‌و دواتریش ئەوانە دەکرێنەوە بەژمارەو چات‌و دەخرێنە بەردەمی خوێنەر، ڕەچاوی هەموو ئەو پێوەرە زانستییانە دەکەین کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەکاردێن‌و تائێستاش نزیکەی (٢٠)ڕاپرسیمان بەوشێوەیە ئەنجامداوە.

رۆژنامە: بەڵام هەندێکجار ڕەخنە لە ڕاپرسییەکانی ئێوەش دەگیرێت، ئایا هۆکاری ئەوە چییە؟

* یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان ئەوەیە کە دەزگـای حیزبی‌و حکومی‌و کلتوری ئێمە پێوانەیەکی بۆخۆی داناوەو ئێتر پێوانەی دیکەی زانستی قبوڵ ناکات، بۆنمونە حیزبێک پێیوایە گەورەترین حیزبی کوردستانە، پێی قبوڵ نییە ڕاپرسییەک ببینێت ئەو دووەمـە یان حیزبێکی دیکە هەیە شان لە شانی دەدات، بەبێ ئەوەی پێوەرێکی زانستی هەبێت بۆ پێوانەکەی خۆی. دواتریش تانە لەو ڕاپرسییەی تر دەدات، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە ڕاپرسی نەبووەتە کلتور.

جگە لەوەش هەندێک دەزگای ڕاپرسی هەن بە لایەنگیرییەوە کاردەکەن‌و ڕاپرسی ئەنجام دەدەن، لایەنگری تێدا دەکەن بۆ ئەو حیزب‌و لایەنەی خۆیان، دواتریش کە ئەنجامە ڕاستییەکان دەردەکـەون پێچەوانەکەی دەبێت. ئێستا حیزبەکان‌و حکومەت جۆرێک لە هەوڵدانیان هەیە بۆ تێکدان‌و دژایەتیکردنی ئەو ڕاپرسییانەی کە زانستین.

رۆژنـامـە: پێتوانییە درەنگەو زوە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی؟

* ئێستا بەگشتیی‌و بە حوکمی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکە بەرەوپێش دەچێت‌و ئەو ناوەندە ئەکادیمییانەو تادێت پێویستییەکانیان زیاتر دەبێت، تەنانەت لە ڕووی کتێب‌و نووسینی وتار لەسەر ڕاپرسیی تا ساڵی(٢٠٠٠) بەدەگمەن شت هەبوو لەو بارەیەوە، بەڵام ئێستا وردەوردە گرنگییەکی تایبەت بە ڕای گشتیی‌و ڕاپرسیی دەدرێت‌و چەندین سەرچاوەو نووسین هەن.

ڕۆژنامە: چی، ئێوە لە سەنتەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟

* ڕاپـرسـی کۆمەڵێک سیستمی تایبەت بەخۆی هەیە، یەکەمجار ئێمە لەو بڕوایەداین تەنیا ڕاپرسی ڕووبەڕوو ئەنجامبدرێت بـۆئـەوەی ئەنجامێکی ڕاستەدەستبکەوێت، دووەم ئەو هەنگاو بەهەنگاوانەی ڕاپرسین کە پێویستە بنرێن لە دانانی پرسیارەکان لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتەوە کە لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکاندا بگونجێن، سەرەتا ڕاپرسییەکی کورتی سەرەتایی دەکەین بۆئەوەی بزانین پرسیارەکان چۆنن، دواتر ناوچە بەناوچە سامپڵەکان بە شێوەیەکی زانستی وەردەگرین، هەموو ناوچەو تـوێژەکان وەردەگـریـن، هەر تیمێکی (٥)کەسی سەرپەرشتیارێکی دەبێت‌و هەمان ڕۆژ وەڵامەکان وەردەگرینەوەو دواتـر پـێـداچـوونـەوە دەکـەیـن بە فۆرمەکاندا ئینجا کۆدیان بۆ دادەنرێت‌و دەخرێنە کۆمپیوتەرەوەو وردبینی تێدا دەکەینەوە، دواتر بە بەرنامەیەکی نوێ کە سیستمی (spss) بەکاردێنین‌و دواتر لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە تەحلیلی ئاماری بۆدەکەین‌و دواتریش ئەوانە دەکرێنەوە بەژمارەو چات‌و دەخرێنە بەردەمی خوێنەر، ڕەچاوی هەموو ئەو پێوەرە زانستییانە دەکەین کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەکاردێن‌و تائێستاش نزیکەی (٢٠)ڕاپرسیمان بەوشێوەیە ئەنجامداوە.

ڕۆژنامە: بەڵام هەندێکجار ڕەخنە لە ڕاپرسییەکانی ئێوەش دەگیرێت، ئایا هۆکاری ئەوە چییە؟

* یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان ئەوەیە کە دەزگـای حیزبی‌و حکومی‌و کلتوری ئێمە پێوانەیەکی بۆخۆی داناوەو ئێتر پێوانەی دیکەی زانستی قبوڵ ناکات، بۆنمونە حیزبێک پێیوایە گەورەترین حیزبی کوردستانە، پێی قبوڵ نییە ڕاپرسییەک ببینێت ئەو دووەمـە یان حیزبێکی دیکە هەیە شان لە شانی دەدات، بەبێ ئەوەی پێوەرێکی زانستی هەبێت بۆ پێوانەکەی خۆی. دواتریش تانە لەو ڕاپرسییەی تر دەدات، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە ڕاپرسی نەبووەتە کلتور.

جگە لەوەش هەندێک دەزگای ڕاپرسی هەن بە لایەنگیرییەوە کاردەکەن‌و ڕاپرسی ئەنجام دەدەن، لایەنگری تێدا دەکەن بۆ ئەو حیزب‌و لایەنەی خۆیان، دواتریش کە ئەنجامە ڕاستییەکان دەردەکـەون پێچەوانەکەی دەبێت. ئێستا حیزبەکان‌و حکومەت جۆرێک لە هەوڵدانیان هەیە بۆ تێکدان‌و دژایەتیکردنی ئەو ڕاپرسییانەی کە زانستین.

ڕۆژنـامـە: پێتوانییە درەنگەو دواکـەوتـووین لە وەرگرتنی ڕای گشتیی، لەکاتێکدا کە ڕاپرسی بووەتە پێویستیی بۆ دارشتنی پلان‌و سیاسەتی کار؟

* حەتمەن، کۆمەڵگەی ئێمە لەزۆر ڕووەوە دواکـەوتـووە بەتایبەت لەو ڕووەشـــەوە، دواکەوتوویی‌یەکەشی بـەدەسـت ئـەو سیستمە سیاسییەوە بووە کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە عێراقدا حوکمڕانیی کردووە، چونکە لە (٨٠)ساڵی دامەزراندنی حکومەتی عێراقدا هەرگیز پشت بە ڕای خەڵک‌و ڕای گشتی نەبەستراوەو بەپێچەوانەشەوە دەسەڵات ڕای خـۆی سـەپـانـدووە بەسەر ڕای گشتیدا.

ئەو گرنگی نەدانەش گوازراوەتەوە بۆ سیستمی پەروەردەیی‌و یاسادانان‌و تەنانەت ئابووریش، ئێستا لە ئەورووپا تەنانەت کۆمپانیایەک پێویستی بە ڕاپرسی هەیە سەبارەت بەو کاڵایەی دەیخاتە بازاڕەوە.

بـەڵام ئێستا بەو پێیەی سیستمی سیاسەتی عێراق بـەرەو دیموکراتی دەچـێـت‌و ئـەوەش گـوازراوەتـەوە بۆ کوردستان‌و سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش بـەرەو دیموکراسی دەچێت‌و پێویستیان بە پێوانەکردنی ماوەبەماوەی ڕای گشتی خەڵک هەیە، بۆیە دەبینیت زەروورەتی ئەوە سەریهەڵداوە، لـە(٨٠)ســاڵـی ڕابـــردووەدا سیستمی تۆتالیتارو دیکتاتۆری حوکمیکردووە کە خۆی سەپاندووە بەسەر ڕای گشتیدا، بـەڵام ئێستا بەرەوپێشچوون هەیە، تا سیستمی دیموکراتی پەرەبسێنێت ئـەوەنـدەی تر گرنگی بـەڕای گشتی دەدرێـت، بـۆئـەوەش پێویستیمان بە سەنتەرو دەزگای گەورەی لێکۆڵینەوەو ڕاپرسی دەبێت.

ڕۆژنامە: ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە ئێستا زۆر لە سایتو ڕۆژنامەکان ڕاپرسیی دەکـەن، ئەو دەرئەنجامانە تاچەند جێی متمانەن؟

* ڕاپـرسـی بەچەند شێوەیەک ئەنجامدەدرێت وەک (ڕووبەڕوو لە ڕێی کاغەزەوە، پۆستە، تەلەفۆن، ئەلیکترۆنی) ئەوەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە

ئێستا حیزبەکان‌و حکومەت جۆرێک لە هەوڵدانیان هەیە بۆ تێکدان‌و دژایەتیکردنی ئەو ڕاپرسییانەی کە زانستین

حکومەتی هەرێم تائێستا نەگەیشتووەتە ئەوەی بۆ بڕیارەکانی پێویستی بە ئەنجامدانی ڕاپرسی هەبێت، یان پەرلەمانی ئێمە تائێستا ئەو بڕوایەی لا دروست نەبووە کە بۆ دارشتن‌و دانانی یاساکانی ڕاپرسی بکات‌و ڕاو بیرکردنەوەو بۆچوونی خەڵک وەربگرێت

ـــەمان لەوە تێبگەن
ـــی رای گشتی هەیە

حکومەتی ئێمە پشت بە رای خەڵک نابەستێت و گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادات، سیستمی سیاسیی ئێمە سیستمێکە لەنێوان تۆتالیتاریی و سیستمی دیموکراسیدا، چونکە دەیەوێت دیموکراسی بێت، بەڵام بە میکانیزمی دیکتاتۆرییەت، بۆیە رای خەڵکی لا گرنگ نییە، بۆنموونە ئەگەر بزانێت زۆرینەی خەڵک لە یاسایەک یا بڕیارێک رازی نین، بەڵام هەر پەسەندی دەکات و کاری پێدەکات

دەگۆڕێت، بۆنمونە لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکادا زیاتر لە ڕێی تەلەفۆنو پۆستو ئەنتەرنێتەوە دەکرێتو کەمتر پشت بە ڕاپرسیی ڕووبـەڕوو دەبەستن، چونکە تێچوونی زۆرە. جگە لەوەش بۆئەوان گرفت نییە، چونکە کەسی ئەوروپیو ئەمریکی ئەگەر بە ئەلکترۆنییش بێت لە هەموو کاتێکدا رای خۆیان هەیەو نایگۆڕنو بە ڕاشکاویو بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک رای خۆیان دەڵێنو بەوەش تەواوی ئەنجامو ڕاکانت دەستدەکەوێت.

بەڵام بۆ وڵاتێکی وەکو ئێمە بەوشێوەیە نییە، چونکە یەکێک لە بەربەستەکانی ڕاپرسیی لای ئێمە ئەوەیە کە خەڵکەکەی دەیـان ساڵە پرسی پێ نـەکـراوەو رای وەرنەگیراوەو گرنگیی رای خۆی نازانێت، هەرکاتێکیش ڕاپرسییەک دەچێتە بەردەمی بەبێ گوێپێدان وەڵامـدەداتـەوەو تەنیا بۆ دڵ رازیکردنێکەو رەنگە وەڵامەکەشی ڕاستگۆیانەو وەڵامی ناخی دڵی نەبێت.

لەبەر ئـەوە لە وڵاتـی ئێمەدا تەنیا ڕاپرسیی ڕووبـەڕوو ئەگەری ڕاستگۆیی زۆرتری تێدایەو ڕاپرسی ئەلکترۆنی زۆر پشتی پێ نابەسترێت، چونکە جگە لەوانەش کە باسمکردن، ئەوانەشی بەشداریی دەکەن رای گشتی نابێت ڕەنگە نوخبەیەک بن کە ئەنتەرنێت بەکاردێنن. جگەلەوەش هەندێکجار ڕەنگە شێوازەکەی بەشێوەیەک بێت کە یەک کەس بتوانێت چەند جارێک دەنگ بدات، وەک ئەو ڕاپرسییەی سایتی ڕۆژنامەی ئیتیحادی زمانحاڵی یەکێتی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا کردیو کاتێک لیستی گۆڕان لەپێشەوەبوو دواتر ئەنجامەکە گـۆڕاو (١٥)هـەزاردەنـگـی لە ڕۆژێکدا بۆ چوو، لەکاتێکدا هیچ ڕاپرسییەکی دیکەی ئەو سایتە ئەوەندە کەس دەنگی تێدا نەداوەو بەشداربووی نەبووە.

سیستمی پۆستەش بەکارنایەت، چونکە لەکوردستاندا کەمە، هەروەها تەلەفۆنیش بەهەمانشێوەیە، چونکە لە هەموو ماڵێکدا تەلەفۆنی نۆرماڵ نییە، لەبەر ئەوە تەنیا ڕاپرسیی ڕووبەڕوو کە کەسەکە دەبینیتو بەکاغەزە لە کوردستاندا سەرکەوتوو دەبێتو زیاتر ڕاستگۆیی تێدایە، ئەوەش لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆنموونە لـەمـاوەی کارکردنی ئێمەدا بۆمان دەرکەوتووە لە سلێمانی خەڵکەکە ڕاستگۆیانەتر وەڵام دەداتـەوە، بەڵام ئەو ڕاپرسییە لە شارەکانی دیکە بەو شێوەیە نییە، بۆنمونە لە هەولێر ترسێک هەیە لەوەی کە تۆ دەزگایەکی حکومیی بیت یا حیزب ناردبێتی، لەبەرئەوە ڕاکەی ناخی ناڵێتو ڕای گشتیی لەوێ شاراوەترە.

لە دەۆکیش کام دەزگا کە زۆر زانستیی ئیش بکات ناتوانێت ڕاپرسییەکی زانستیی ئەنجامبدات، چونکە خەڵک لـەوێ زیاتر دەترسن لەو دەزگایانەو ڕای خۆیان نالێن. ئەوەش جۆری سیستمی حوکمڕانی دروستی دەکـات، چونکە کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی خەڵک ڕاستگۆیانە وەڵام بداتەوە یان ڕاکەی خۆی بشارێتەوەو ڕایەکت پێبڵێ کە هی دڵی خۆی نییەو ئەوەش کلتورێکەو پێویستمان بە چەند ساڵێکی دیکە هەیە.

ڕۆژنامە: خەڵک بۆچی دەترسێت، ئایا ئەدرەس و ناوی بەشداران وەردەگرن؟

* نەخێر، لە هەموو ڕاپرسییەکدا گرەنتی ئەوە دەدەینو ناوو ئەدرەس وەرناگرینو کەس نازانێت کێیە لەو کۆمەڵە ڕایانەدا، ناشاردرێتەوە ئەو ئازادییەی لەکوردستاندا هەیە دابەشبووە، تەنانەت ئێمە لە سنووری دهۆک ناتوانین وەک سەنتەرێکی ڕاپرسیی سەربەخۆ ئیش بکەین لەکاتێکدا مۆڵەتمان هـەیـە. ئـەوە تەنیا بـۆ ئێمە نییەو بۆ ڕێکخراوەکانی دیکەشە، ئەوەش گەورەترین کێشەیە بۆ وەرنەگرتنی داتاو ئامارو ژمارەو ڕاستییەکان.

پێمواید بۆ چارەسەری ئەوەش دەبێت یەکێک لە کارەسەرەکییەکانی پەرلەمانو حکومەتی داهاتوو دەستەبەرکردنی ئازادیی بێت بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان لـەهـەر نـاوچـەیـەک بـن، چونکە ئاستی هۆشیاریی خەڵکی دهۆک لە خەڵکی سلێمانی کەمتر نییە، بەڵام ئەو ئازادییەی لە سلێمانی هەیە لەوێ نییە، ئەوەش کەشە سیاسییەکە دروستیدەکات.

ڕۆژنامە: لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دەزگـاکـانـی حـکـومـەتو لایـەنـە پەیوەندیدارەکان داوا لەسەنتەرەکان دەکـەن ڕاپرسییان بۆ بکەن لەسەر دەرکـردنـی یاسایەک یان بڕیارێک، تائێستا هیچ لایەنێکی حکومێ داوای ئەوەی لە ئێوە کردووە؟

* لە دنیادا دەبێت لایەنێک یا کەسێک یا حیزبێک داوای ڕاپرسی بکات، ئەوەی ئێمە بۆ ڕۆژنامەیەک یا بۆ ڕێکخراوێکمان کردووەو تەنیا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوای لە ئێمە کردووەو ڕاپرسییەکمان بۆ کردوون.

کلتوری ڕاپرسیی دیاردەیەکی نوێیەو حکومەتی ئێمە پشت بـە رای خەڵک نابەستێتو گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادات، سیستمی سیاسیی ئێمە سیستمێکە لەنێوان تۆتالیتاریی و سیستمی دیموکراسیدا، چونکە دەیەوێت دیموکراسی بێت، بەڵام بە میکانیزمی دیکتاتۆرییەت، بۆیە رای خەڵکی لا گرنگ نییە، بۆنموونە ئەگەر بزانێت زۆرینەی خەڵک لە یاسایەک یا بڕیارێک رازی نین، بەڵام هەر پەسەندی دەکات و کاری پێدەکات، چونکە لەسەرو خۆیەوە فەرمانی پێکراوەو دەبینین جومگەکانی حکومەتی ئێمە بە هەمان سیستمی تۆتالیتاری کاردەکەن نەک ڕای گشتی.

ڕۆژنامە: چی بکرێت بۆئەوەی ڕاپرسی بکرێتە کلتوورو لە ڕێیەوە داتاو ژمارەی ڕاستمان بۆ دەربکەوێت، یا حکومەت داوای بکاتو بەو پێیە پلان دابڕێژرێت؟

* ئەوە دووبەشە، یەکێکیان پەیوەندی بە حکومەتو پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە کە دەبێت یاسایەک دەربکرێت بۆ پێدانی زانیـاریو ئەجامدانی ڕاپرسیی کە هیچ دەزگایەکو هاوڵاتییەک ترسی لە ڕاپرسی نەبێت، پێویستە حکومەت لە گرنگی ڕاپرسی تێبگات، بۆ دەزگاکانی خۆی بڕیاری وا دەربکات کە بۆ بڕیاردان پێویستیان بە پێوانەکردنی ڕای گشتیی هەیە.

پەرلەمان یاسای بۆ دابڕێژێت کە لە زۆربەی وڵاتاندا بەو شێوەیەیەو هەموکەس ناتوانێت ڕاپرسی بکات، بەشێوەیەک ئەگەر ڕاپرسییەکان زانستی نەبن دەزگاکان توشی لێپرسینەوە دەبن، هەروەها خەڵک سەربەست بکرێت لە دەربڕینی ڕای خۆی.

لایەنێکی تریش بـۆئـەوەی ڕاپرسی ببێتە کلتورو پشتی پێببەسترێت پەیوەندی بەسەنتەرەکانی ڕاپرسییەوە هەیە کە پێویستە ئـەو سـەنتەرانە هـەماهـەنگییان هەبێتو بەشێوەیەکی زانستیو بەبێ لایەنگیری کاربکەن، بۆئەوەی لە ئێستاوە کە سەرەتای ڕاپرسییە متمانەیان هەبێتو دەرئەنجامەکان ڕاستی بن، چونکە گەورەترین مەترسی لەسەر کلتوری ڕاپرسی خودی سەنتەرەکانن کە تا زانستییانە کاربکەن ئەوەندە متمانە لەناو خەڵکو حیزبو حکومەتو کایەکانی تردا دروستدەکەن، تا پێچەوانەش بێت بێمتمانەیی دروستدەبێت لە ئەنجامەکاندا.

لە وڵاتی ئێمەدا تەنیا ڕاپرسیی ڕووبەڕوو ئەگەری ڕاستگۆیی زۆرتری تێدایەو ڕاپرسیی ئەلکترۆنیی زۆر پشتی پێ نابەسترێت

چـــاوڕێنامـــەیـــات

ڕۆڵی نوێنەرانی کورد لە بەغدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

ئامادەکردنی: شکار موعتەسەم، سۆکار عەبدوڵڵا



هاوکار محەمەد ڕەئووف مامۆستا: بە بڕوای من نوێنەرانی کورد لە بەغدا ڕۆڵێکی بەرچاویان نەبووە، باشترین بەڵگەش بۆ قسەکانم ئەوەیە تا ئێستا هیچ کاریگەرییەکیان نەبووە بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان، کە ئەمە کێشە سەرەکییەکەی کوردە، ئەوان تەنیا توانیویانە کێشەی بودجەو چەند شتێکی کەم چارەسەربکەن.



کۆسار ئەبوبەکر حسێن خوێندکار: بەڕاستی ئەم چوار ساڵە نوێنەرانی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان نەگێڕاوە لە بەغدا، کەموکوڕییان زۆربووە، ئەوە مادەی (١٤٠)ی دەستوورییە نەیانتوانیوە هەنگاوی باشی بۆ بنێنو هیچ ناوچەیەک لەو ناوچە دابڕاوانە نەخراوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بە گشتیی نەیانتوانیوە مافەکانی کورد دەستەبەربکەن لە ماوەی نوێنەرایەتیاندا لە بەغدا.



عەلی قادر حەمە مەمەند/نەمسا: کەمتەرخەمییەکی زۆر لە نوێنەرە کوردەکانماندا هەیە لە بەغدا! یەکلانەکردنەوەی هیچکام لەکێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، لە (٥٨)ەوە بۆ (١٤٠)ئەمجارەیان بۆ چ ژمارەیەکی دیکە؟ کارێکی وایان نەکردووە، بۆیە هەمیشە تاکی کورد ترسی بەهێزبوونەوەی بەغدای هەیە! حەز بە سیستمێکی دیموکراتیی پەرلەمانیی بۆ عێراق دەکەن، بەڵام ئەوەی لەبەغدا داوای دەکەن لەهەرێم حەزی لێ ناکەن، ئەوەندەی گوێرایەڵی حیزبەکانیانن و پەرۆشی کورسییەکەی خۆیانن، ئەوەندە گوێ بەداواکانی خەڵکی کوردستان نادەن!

ئەم گۆشەیە بەردەوام ڕای هاوڵاتیان بڵاودەکاتەوە، دەتوانن لەڕێی ئیمەیڵی (hewal.rozhnama@gmail.com) بەشداریی بکەن

تێبینی: بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانتان ئەم خاڵانە ڕەچاو بکە: ١. وێنەیەکی کەسی خۆت. ٢. نووسینەکەت لە (٥٠-٦٠) وشە بێت. ٣. وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێمەبێت کە دەیخەینەڕوو.

پرسیاری داهاتوو: تاچەند ڕەوایە دەسەڵات پەنا بۆ ناوزڕاندنو شکاندنی کەسایەتی تاکەکان ببات؟

لێرە بەدواوە بڕیاری سیاسیی لەکوێیە؟



شیکاریی رۆژنامەوانی
ئیسماعیل عوسمان

دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، هەموو ئەو هاوکێشە سیاسییانەی کە هەبوون تێکشکێنران، ئێستا زەمینەیەکی نوێی سیاسیی هاتووەتە ئاراوە بۆ دروستبوونی کۆمەڵێک کارلێکی سیاسیی دیکە، کە هەریەک لەو کارلێکە سیاسییانە زەمینەیەکی دیکەی دەوێت بۆ پێکەوە کارلێکردنی نوێ.

زۆرێک لە چاودێرانی سیاسیی و رۆشبیران و رۆژنامەنووسان، پیانوابوو کە گۆڕانکاری لە ژینگەی سیاسیی دا رووەدات، ئەوەی ژینگە کۆنەکەیە ماوەی چەند ساڵێکە تاکی کوردیی پێوە گیرۆدە بوو گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

ئەو ڕێژە نەگۆڕەش تێکشکێنرا، کە ماوەی چارەکە سەدەیەکە ئەم دوو هێزە بە جیاو پێکەوە پارێزگاریی لێدەکەن، بەردەوامیش هەوڵی بە یاساییکردنی و شەرعیەتپێدانی دەدەن بەو دەسەڵاتەی کە هەیانە.

لە ئێستادا ئەم دوو هێزە سیاسییە بۆ چوار ساڵی ئایندە شەرعیەتێکی دیکەی سیاسییان بەو دەسەڵاتەی خۆیان بەخشی، بەڵام بە یارمەتی سندوقەکانی دەنگدان، لێرەوە دوو هاوکێشەی سیاسیی دروست دەبێت، یەکێکیان دوو هێزە سیاسییەکەن لەناو پەرلەمان و حکومەت پێکەوە خەریکی دابەشکردنی پۆستەکانن، خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، ئەوی دیکەیان هێزکانی دەرەوەی ئەم دەسەڵاتەن، کە دەیانەوێت وەک ئۆپۆزسیۆن بمێنەوە، ئەی بۆ پەرلەمانی عێراق چی دەکەن؟ بە چ جۆرێک دەتوانن ببنە پارسەنگی ئەو کوتلە کوردییەی لە پەرلەمانی عێراقدا بوونی دەبێت؟ یەکێتی و پارتی لە ئێستادا چۆن مامەلە لەگەڵ ئەم هێزە نوێیە دەکەن؟

یەکێتی و حکومەت، پارتی پاشەکشە

یەکێتی و پارتی بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژییەی لەنێوان ئەم دوو هێزەدا هەیە پێکەوە هاوبەشی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت دەکەن، یەکێتی پۆستی سەرۆکی حکومەت وەردەگرێتەوە، جێگری سەرۆکی حکومەتیش بۆ پارتی دەبێت، هەروەها سەرۆکی پەرلەمان دەدرێتەوە پارتی و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش یەکێتی دەبێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە یەکێتی سەرەڕای ئەوەی تائێستاش نەیتوانیوە کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکەی چارەسەر بکات، گوتارێکی یەکگرتووی هەبێت بۆ دەرەوەی خۆی، لە هەمانکاتدا لە خراپترین دۆخدا حکومەت وەردەگرێتەوە، چونکە لەلایەک هەموو هاوڵاتیانی کوردستان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان چاویان لەسەر ئەدای ئەم کابینە نوێیەی حکومەتە.

لەلایەکی دیکەوە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ئێستادا خەریکی ئەوەن، کە هەموو ئەو داراییەی کە لەژێر دەستی ئەم دوو هێزەدا بووە بۆ ماوەی سالانێکی درێژ دەربهێنێنەوە بەئاشکرا بەدواچوونی بۆ بکەن و بیخەنە ڕوو، هەموو ئەو گرێبەستە نەوتیانەشی کە ئەم دوو هێزە بەنهێنی کردوویانە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا بۆ هاوڵاتیان ئاشکرای بکەن، ئەوەش وادەکات کە حکومەت بخاتە بەردەم لێپرسراوێتییەکی ئەخلاقی و یاسایی، دواتر هێندەیتر متمانەی جەماوەری کوردستان لەدەست بدەن، چونکە ئیدی خەڵکی باوەڕی بەو هێزە دەبێت کە لەسەر مافەکانی ئەوان شەڕ بکات، ئینتیمای سیاسیی سنووردارەکانی بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت و بەرەو ئینتیمای بەرژەوەندیخوازانە پەلکێش دەکرێت.

لە کاتێکدا کە یەکێتی خۆی و حکومەتەکەی لە باشترین حاڵەتدا بوو، کاتێک کە حکومەتی تەسلیم بە پارتی لەم بڕیارەدا عاقڵانەتر دەبێت، چونکە لە دۆخێکی زۆر خراپدا حکومەت تەسلیم بە یەکێتی دەکاتەوە، هەموو شەڕەکەش بۆ یەکێتی بەجێ دەهێڵێت، چونکە ئەم پۆستە لە ئێستادا یەکێتی خاوەنییەتی، پەرلەمانیش دەبێتە شوێنی کۆکردنەوەی دەنگە جیاوازەکان.

پارتی دەیەوێت بونیادی نوێی حیزبەکەی بکات

پارتی دەیەوێت عاقڵانە بیر بکاتەوە لە ئایندەی حیزبەکەی، هەموو ئەو جوندییانەی لەم گەمە سیاسییەدا دەیجوڵێنێت بۆ پارێزگاریکردنە لە مەلیکو فروانکردنی گۆڕەپانی یاریکردنیەتی، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ماوەیەکی زەمەنی دووردا «کش مەلیک» بە یەکێتی بکات.

بۆیە ئەو بەرپرسیاریەتییە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە، لەم قۆناغەشدا بەهۆی کەمتر سەرقاڵبوونی ئەم حیزبە بە پرۆژەو



ئەمانە دەنگو زەنگێکی نارازی بوون لە ئەدای حکومەتو حیزبەکان، بەڵام ئەم حیزبانە نەیانتوانی نە سەیری خۆیان و نەسەیری دەوروبەرەکەیان بکەن بەچاوێکی کەراوەوە، بۆیە تووشی ئەو نوشستە گەورەیە هاتن. **هەموو ئەو نارەزایی بوونە پێویستی بە ڕێبەرێکی جەماوەریی هەبوو تا بتوانێت ئاراستەی ئەم دەنگە نارازیانە بکات، ئەوەش وایکرد کە بەردەکەوتنی ئەم لیستە هەموو ئەو دەنگانەی لە دەرەوە کۆبێتەوە، بۆیە ناتوانن دوو دووری لە یەکتر جیا بکەنەوە، ئایا گۆران ڕۆیشتووەتە ناو جەماوەر یان جەماوەر ڕۆیشتووەتە ناو گۆران؟ من پێموایە گۆران ڕۆیشتووەتە ناو جەماوەر وەک مانا، بەڵام هێشتا نەبووە بە هۆشیاریی خەڵک.**

هەموو ئەمانە وا دەکات کە ئەم هێزە چیدی بێدەنگ نەبێت لەناو پەرلەماندا و ئەگەر بە فشاری جەماوەرەکەشی بێت زۆرترین قسەو دەنگی نارەزایان دەبێت بەرامبەر بە دەسەڵات و حکومەت،





لە ئێستادا ئەم هێزە (بزوتنەوەی گۆران) زۆرترین پرۆژە ئامادە دەکات لە چوارچێوەی یاسایدا بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم پەرلەمان و حکومەتەوە بۆ جێبەجێکردن، چونکە ئەم هێزە تەنیا قسە دەکات و ڕەخنە دەگرێت، ئەوەی دەیبێتە لایەنی جێبەجێکار حکومەتە

حکومەتەوە، کە بە وتەی نێچیرڤان بارزانی «لە ماوەی رابردوودا زۆرترین کاتی بە کارەکانی حکومەتدا بەسەر بردووە»، لەبری ئەوە دەکەوێتە بونیادنانەوەی پرۆژەی حیزبەکەی خۆی، چ بۆ ئایندەی خۆی لەم حیزبەداو چ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی حیزبەکەی، لە ڕێگەی پرۆژەی بازرگانەکانیەوە زیاتر دەتوانێت پێگەی ئابووری و سیاسیی خۆی بونیاد بنێت. ئەمە لە کاتێکدایە زۆرترین جەماوەری گەنجی ئەم حیزبەی لەگەڵدایە، بۆیە زۆر بە وریاییەوە مامەلە لەگەڵ پێگە سیاسییەکەی خۆی و ئەم حیزبەدا دەکات.

گۆران، ئۆپۆزسیۆنێکی بزێو

ئەگەرچی لەماوەی رابردوودا هێزە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان نەیانتوانی ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕن لەناو پەرلەماندا، بوونە ڕێگر لەبەردەم ئۆپۆزسیۆنی جدیی لە کوردستاندا، بەڵام گۆران لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و ناسکدا وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی دیکە لە کوردستاندا بەدەرکەوت، دەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە خۆرسک بووە، بەشێکە لە زەمینەی سیاسیی کوردستان، پێشتر بوونی هەبووە ئەوەی لەماوەی سالانی ڕابردوودا بینیمان لە خۆپیشاندانەکانی «هەڵەبجەوە تاوەکو گەرمیان و چەمچەماڵ...» هەموو ئەوەش وا دەکات کە حکومەت بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە، بۆچی؟

لە ئێستادا ئەم هێزە (بزوتنەوەی گۆران) زۆرترین پرۆژە ئامادە دەکات لە چوارچێوەی یاسایدا بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم پەرلەمان و حکومەتەوە بۆ جێبەجێکردن، چونکە ئەم هێزە تەنیا قسە دەکات و ڕەخنە دەگرێت، ئەوەی دەیبێتە لایەنی جێبەجێکار حکومەتە.

ئەم حکومەتەش لەم ماوەدا ناتوانێت هەموو ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکات، چونکە ماوەی کەمتر لە پێنج مانگی لەبەردەستدا دەبێت بۆ کارکردن، کە پێراناگات تەنیا وەزعی سلێمانیش چاک بکات، نەک کوردستان. لەلایەکی دیکەوە لە بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدایە، کە پێویستی بەوە هەیە هەردوو ئەم حیزبە تۆڵەی نوشستەکانی خۆیان بکەنەوە، بۆیە لە ئێستادا لە ئامادە باشیدان بۆ ئەو کارە، ئەوەش وا دەکات زیاتر بەم کارە سەرقاڵبن هەوڵی بۆ بدەن. هەوڵی خۆیان دەدەن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا ڕێکەوتن و نزیکبوونەوە بکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی باشیان هەبێت لە هەڵبژاردن و پەرلەمانی ئایندەی عێراق، وەرگرتنەوەی دووبارە پۆستی سەرۆک کۆمار.

پەرلەمانی عێراق و پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد

ئەوەی لەم نێوەندە سیاسییەدا یەکێتی و پارتی ترسیان لێی هەیە، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقە کە تاقیکردنەوەیەکی سەختە، بەتایبەتی پارتی، چونکە لەم هەڵبژاردنەدا ئەوەیان بەچاوی خۆیان بینی ئەو پێگە جەماوەرییەی کە هەیانبوو تەنانەت لەرزۆک بووە، نفوزی سیاسییان بەرەو لاوازیی چووە، هەرچەندە پێشتر دەیانزانی بەڵام نەیاندەویست بڕوای پێبکەن، تا هەڵبژاردنەکان ئەو قەناعەتەی لا دروستکردن.

ئەگەر هاتوو لەو تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا ئیدی جارێ ئەوە دەدەرێت بەگوێی هێزە دیموکراسییە جیهانییەکاندا، کە کورد باوەڕی بەو دوو هێزە سیاسییە نەماوە، تا حکومداریان بکات. لە هەمووشی گرنگتر بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆمارە بۆ چوار ساڵی ئایندە، هەرچەندە ئەم پۆستە لە عێراقدا کە وڵاتێکی کۆماریيە، شتێکی ڕەمزییەو زۆرترین دەسەڵات بە دەسەت سەرۆک وەزیرانە، بەڵام بۆ کوردو خودی مام جەلال گرنگە، کە ئەم پۆستە نەدۆڕێنێت، چونکە ئیدی بۆ جارێکی دیکە چەندین ساڵیتر ناتوانێت ئەم پۆستە وەربگرێتەوە، ئەگەری وەرگرتنی لەلایەن شیعە بەتایبەتو سوننەکانی عێراقەوە زیاترە. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو لایەنە کوردییەکان پێویستە هەموو هەوڵەکانی خۆیان یەکبخەنو هاوپەیمانی یەکگرتوو دروست بکەن، بۆ دەستخستنەوەی ئەم پۆستە.

ئەگەر کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقیش، کە بڕیار وایە زیاد بکرێت، کورد (٥٨) کورسی پەرلەمانی هەیە، ئەو کات نزیکەدەبێتەوە لە (٦٠) کورسی، بەڵام ئەم کورسیانەی کورد هێزێکی پەرتەوازە گرەوی بردنەوەی لەسەر دەکات، کە ئەو هێزەش بەشێکی سەرەکیی لە دەنگە نارەزاییەکانی سەرشەقام لە لیستی گۆراندا کۆبوونەتەوە، ئەگەر بەو نەفەسەوە کار بکەن، کە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان کردیان، ئەوا ئەو کات ئەگەری کەمتر لە (٣٠) کورسی دەبێت، یەکێتی و پارتی بە ناچاری دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لای ئەم هێزە تا بە هەردوولا هەوڵی بەدەستهێنانی شەرعیەتی سەرۆک کۆمار دووبارەی بدەنەوە.

نزیکبوونەوەی گردی سەوزو

گردی پیرۆز:

مێژوویی یەکێتی، مێژوویەکی پڕ لە لێکترازانو دواتر نزیک بوونەوەیە، هەموو ئەو هێزانەی کە ڕۆشتوونەتە دەرەوەی یەکێتیو سکرتێری ئەم حیزبەوە بە تایبەتو کەسانی چواردەوری، بەردەوام هەوڵی هێنانەوەی هەموو ئەو هێزانەیان داوە، بەڵام لێکترازانی ئەم جارەی جیاوازە لەوانی دیکە، گۆران دەنگی نارازی هەموو ئەو کەسانە بوو، کە لە ماوەی رابردوودا وەک منداڵێک لەناو ئەم حیزبەدا گۆشکراو گەورە بوو، ئێستا ئەم حیزبە ناتوانێت وەک باوک مامەلەی لەگەڵ بکات، بهێنێتەوە نێو مااڵی خۆی.

چونکە ئیدی هەرسی ئەم بزووتنەوە ڕەخنەگرەییە بە یەکێتی ناکرێت، بۆیە ناچارە لە دەرەوەی ماڵە باوانی خۆی، وەک ماڵێکی دیکەی سەربەخۆ هەوڵی نزیکبوونەوەی لەگەڵ بدات.

بۆ ئەوەی دوور لەچاوی کامێراو میدیاکان لە ئایندەدا نزیکدا دەگوزەرێت، مام جەلال وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی (پۆستی سەرۆک کۆمار)و حیزبەکەی، زەمەن وا لێدەکات، کە لەگەڵ دۆستەکانی دوێنێو نەیارەکانی ئەمڕۆ، وەک گشت کۆبوونەوە ئاساییەکانی دیکە لە دوکان یان قەاڵچۆاڵن لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا پێکەوە بکەونەوە گفتوگۆ.

ئەم جارە وەک گفتوگۆی حیزبەکەی جارانیان نا، بەڵکو وەک گفتوگۆی دوولایەن، کە ڕکەبەری دوێنێو دۆستی ئایندەبن، پێگەی مام جەلال ئەوە دەخوازێت کە ئەو کارە بکات.

بۆیە مام جەلال لە گردی خۆی دێتە خوارەوە، نەوشیروان مستەفاش لە گردی پیرۆز، بۆ ئەوە لە دەرەوەی هەموو ئەو بارگرژییانەی کە هەیان بووە لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی کورد لە بەغدا بکەونەوە گفتوگۆ.

سەری ڕەش و گردەکە، چارەنووسی بڕیارەکان

لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوو مێژووی سیاسیی کورد لە کوردستان و عێراق هەموو بڕیارە چارەنوسسازەکانی کورد لە سەری ڕەش کۆتایی هاتوون، چونکە پارتی وەک پیشەیەکی هەمیشەیی خۆی دەیەوێت ببێتە خاوەن بڕیاری سیاسیی کورد، هەموو زارەکانی چارەنووسی کورد بە دەستی سەرۆکی حیزبەکەی ئەو هەڵبدرێت.

بەاڵم ئەم جارە بەهۆی هاتنە کایەی هێزێکی دیکەی وەک گۆران، کە (یەک لەسەر چوار)ی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم هێزەدایە، پارتی و یەکێتی ناچار دەبێت، ئیدی لە کەشکەاڵنی غرووری بوونی خۆیان بێنە خوارەوەو هەموو بڕیارەکان نەبەنەوە سەری ڕەش، بگەڕێنەوە بۆ لایەنێکی نوێ کە نەیاری دوێنێیان بووەو ئەمڕۆ بە ناچاریی دەبێت لەگەڵیاندا دابنیشنو داوای ئەوەیان لێبکەن، پێکەوە کار بکەن لە پێناو بەرژەوەندیی باڵای میللەتی کورد لە بەغدا، ئەمەش بەوە دەکرێت ئەگەر بیانەوێت لەپێناو کورددا جەنگەکانی خۆیان بکەن.

بۆیە چارەنووسی بڕیارەکانی کورد ئەم جارە لە سەری ڕەشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ گردەکە. تکایە پێکەوە بژین گیانی یەکتر قبوڵکردنتان هەبێت، تا شەڕی چارەنووسی کورد بکەنو هەرگیزاو هەگیز نەگەڕێنەوە بۆ ساڵە ئاشووبەکانی کوردو مێژووی (٧٤)ی کورد، بیرتان نەچێت مێژووی ئێمەو هێزە سیاسییەکانی کورد مێژوویەکی پڕ لە کارەساتە!

esmailhuramani@yahoo.com

لێرە بەدواوە بڕیاری سیاسیی لەکوێیە؟



شیکاریی رۆژنامەوانی
ئیسماعیل عوسمان

دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، هەموو ئەو هاوکێشە سیاسییانەی کە هەبوون تێکشکێنران، ئێستا زەمینەیەکی نوێی سیاسیی هاتووەتە ئاراوە بۆ دروستبوونی کۆمەڵێک کارلێکی سیاسیی دیکە، کە هەریەک لەو کارلێکە سیاسییانە زەمینەیەکی دیکەی دەوێت بۆ پێکەوە کارلێکردنی نوێ.

زۆرێک لە چاودێرانی سیاسیی و رۆشبیران و رۆژنامەنووسان، پیانوابوو کە گۆڕانکاری لە ژینگەی سیاسیی دا رووەدات، ئەوەی ژینگە کۆنەکەیە ماوەی چەند ساڵێکە تاکی کوردیی پێوە گیرۆدە بوو گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

ئەو ڕێژە نەگۆڕەش تێکشکێنرا، کە ماوەی چارەکە سەدەیەکە ئەم دوو هێزە بە جیاو پێکەوە پارێزگاریی لێدەکەن، بەردەوامیش هەوڵی بە یاساییکردنی و شەرعیەتپێدانی دەدەن بەو دەسەڵاتەی کە هەیانە.

لە ئێستادا ئەم دوو هێزە سیاسییە بۆ چوار ساڵی ئایندە شەرعیەتێکی دیکەی سیاسییان بەو دەسەڵاتەی خۆیان بەخشی، بەڵام بە یارمەتی سندوقەکانی دەنگدان، لێرەوە دوو هاوکێشەی سیاسیی دروست دەبێت، یەکێکیان دوو هێزە سیاسییەکەن لەناو پەرلەمان و حکومەت پێکەوە خەریکی دابەشکردنی پۆستەکانن، خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، ئەوی دیکەیان هێزکانی دەرەوەی ئەم دەسەڵاتەن، کە دەیانەوێت وەک ئۆپۆزسیۆن بمێنەوە، ئەی بۆ پەرلەمانی عێراق چی دەکەن؟ بە چ جۆرێک دەتوانن ببنە پارسەنگی ئەو کوتلە کوردییەی لە پەرلەمانی عێراقدا بوونی دەبێت؟ یەکێتی و پارتی لە ئێستادا چۆن مامەلە لەگەڵ ئەم هێزە نوێیە دەکەن؟

یەکێتی و حکومەت، پارتی پاشەکشە

یەکێتی و پارتی بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژییەی لەنێوان ئەم دوو هێزەدا هەیە پێکەوە هاوبەشی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت دەکەن، یەکێتی پۆستی سەرۆکی حکومەت وەردەگرێتەوە، جێگری سەرۆکی حکومەتیش بۆ پارتی دەبێت، هەروەها سەرۆکی پەرلەمان دەدرێتەوە پارتی و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش یەکێتی دەبێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە یەکێتی سەرەڕای ئەوەی تائێستاش نەیتوانیوە کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکەی چارەسەر بکات، گوتارێکی یەکگرتووی هەبێت بۆ دەرەوەی خۆی، لە هەمانکاتدا لە خراپترین دۆخدا حکومەت وەردەگرێتەوە، چونکە لەلایەک هەموو هاوڵاتیانی کوردستان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان چاویان لەسەر ئەدای ئەم کابینە نوێیەی حکومەتە.

لەلایەکی دیکەوە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ئێستادا خەریکی ئەوەن، کە هەموو ئەو داراییەی کە لەژێر دەستی ئەم دوو هێزەدا بووە بۆ ماوەی سالانێکی درێژ دەربهێنێنەوە بەئاشکرا بەدواچوونی بۆ بکەن و بیخەنە ڕوو، هەموو ئەو گرێبەستە نەوتیانەشی کە ئەم دوو هێزە بەنهێنی کردوویانە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا بۆ هاوڵاتیان ئاشکرای بکەن، ئەوەش وادەکات کە حکومەت بخاتە بەردەم لێپرسراوێتییەکی ئەخلاقی و یاسایی، دواتر هێندەیتر متمانەی جەماوەری کوردستان لەدەست بدەن، چونکە ئیدی خەڵکی باوەڕی بەو هێزە دەبێت کە لەسەر مافەکانی ئەوان شەڕ بکات، ئینتیمای سیاسیی سنووردارەکانی بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت و بەرەو ئینتیمای بەرژەوەندیخوازانە پەلکێش دەکرێت.

لە کاتێکدا کە یەکێتی خۆی و حکومەتەکەی لە باشترین حاڵەتدا بوو، کاتێک کە حکومەتی تەسلیم بە پارتی لەم بڕیارەدا عاقڵانەتر دەبێت، چونکە لە دۆخێکی زۆر خراپدا حکومەت تەسلیم بە یەکێتی دەکاتەوە، هەموو شەڕەکەش بۆ یەکێتی بەجێ دەهێڵێت، چونکە ئەم پۆستە لە ئێستادا یەکێتی خاوەنییەتی، پەرلەمانیش دەبێتە شوێنی کۆکردنەوەی دەنگە جیاوازەکان.

پارتی دەیەوێت بونیادی نوێی حیزبەکەی بکات

پارتی دەیەوێت عاقڵانە بیر بکاتەوە لە ئایندەی حیزبەکەی، هەموو ئەو جوندییانەی لەم گەمە سیاسییەدا دەیجوڵێنێت بۆ پارێزگاریکردنە لە مەلیکو فروانکردنی گۆڕەپانی یاریکردنیەتی، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ماوەیەکی زەمەنی دووردا «کش مەلیک» بە یەکێتی بکات.

بۆیە ئەو بەرپرسیاریەتییە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە، لەم قۆناغەشدا بەهۆی کەمتر سەرقاڵبوونی ئەم حیزبە بە پرۆژەو



ئەمانە دەنگو زەنگێکی نارازی بوون لە ئەدای حکومەتو حیزبەکان، بەڵام ئەم حیزبانە نەیانتوانی نە سەیری خۆیان و نەسەیری دەوروبەرەکەیان بکەن بەچاوێکی کراوەوە، بۆیە تووشی ئەو نوشستە گەورەیە هاتن. **هەموو ئەو نارەزایی بوونە پێویستی بە ڕێبەرێکی جەماوەریی هەبوو تا بتوانێت ئاراستەی ئەم دەنگە نارازیانە بکات، ئەوەش وایکرد کە بەردەکەوتنی ئەم لیستە هەموو ئەو دەنگانەی لە دەرەوە کۆبێتەوە، بۆیە ناتوانن دوو دووری لە یەکتر جیا بکەنەوە، ئایا گۆڕان ڕۆیشتووەتە ناو جەماوەر یان جەماوەر ڕۆیشتووەتە ناو گۆڕان؟ من پێموایە گۆڕان ڕۆیشتووەتە ناو جەماوەر وەک مانا، بەڵام هێشتا نەبووە بە هۆشیاریی خەڵک.**

هەموو ئەمانە وا دەکات کە ئەم هێزە چیدی بێدەنگ نەبێت لەناو پەرلەماندا و ئەگەر بە فشاری جەماوەرەکەشی بێت زۆرترین قسەو دەنگی نارەزایان دەبێت بەرامبەر بە دەسەڵاتو حکومەت،





لە ئێستادا ئەم هێزە (بزوتنەوەی گۆڕان) زۆرترین پرۆژە ئامادە دەکات لە چوارچێوەی یاسایدا بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم پەرلەمان و حکومەتەوە بۆ جێبەجێکردن، چونکە ئەم هێزە تەنیا قسە دەکات و ڕەخنە دەگرێت، ئەوەی دەیبێتە لایەنی جێبەجێکار حکومەتە

حکومەتەوە، کە بە وتەی نێچیرڤان بارزانی «لە ماوەی رابردوودا زۆرترین کاتی بە کارەکانی حکومەتدا بەسەر بردووە»، لەبری ئەوە دەکەوێتە بونیادنانەوەی پرۆژەی حیزبەکەی خۆی، چ بۆ ئایندەی خۆی لەم حیزبەداو چ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی حیزبەکەی، لە ڕێگەی پرۆژەی بازرگانەکانیەوە زیاتر دەتوانێت پێگەی ئابووری و سیاسیی خۆی بونیاد بنێت. ئەمە لە کاتێکدایە زۆرترین جەماوەری گەنجی ئەم حیزبەی لەگەڵدایە، بۆیە زۆر بە وریاییەوە مامەلە لەگەڵ پێگە سیاسییەکەی خۆی و ئەم حیزبەدا دەکات.

گۆڕان، ئۆپۆزسیۆنێکی بزێو

ئەگەرچی لەماوەی رابردوودا هێزە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان نەیانتوانی ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕن لەناو پەرلەماندا، بوونە ڕێگر لەبەردەم ئۆپۆزسیۆنی جدیی لە کوردستاندا، بەڵام گۆڕان لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و ناسکدا وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی دیکە لە کوردستاندا بەدەرکەوت، دەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە خۆرسک بووە، بەشێکە لە زەمینەی سیاسیی کوردستان، پێشتر بوونی هەبووە ئەوەی لەماوەی سالانی ڕابردوودا بینیمان لە خۆپیشاندانەکانی «هەڵبجەوە تاوەکو گەرمیان و چەمچەماڵ...» هەموو ئەوەش وا دەکات کە حکومەت بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە، بۆچی؟

لە ئێستادا ئەم هێزە (بزوتنەوەی گۆڕان) زۆرترین پرۆژە ئامادە دەکات لە چوارچێوەی یاسایدا بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم پەرلەمان و حکومەتەوە بۆ جێبەجێکردن، چونکە ئەم هێزە تەنیا قسە دەکات و ڕەخنە دەگرێت، ئەوەی دەیبێتە لایەنی جێبەجێکار حکومەتە.

ئەم حکومەتەش لەم ماوەدا ناتوانێت هەموو ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکات، چونکە ماوەی کەمتر لە پێنج مانگی لەبەردەستدا دەبێت بۆ کارکردن، کە پێراناگات تەنیا وەزعی سلێمانیش چاک بکات، نەک کوردستان. لەلایەکی دیکەوە لە بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدایە، کە پێویستی بەوە هەیە هەردوو ئەم حیزبە تۆڵەی نوشستەکانی خۆیان بکەنەوە، بۆیە لە ئێستادا لە ئامادە باشیدان بۆ ئەو کارە، ئەوەش وا دەکات زیاتر بەم کارە سەرقاڵبن هەوڵی بۆ بدەن. هەوڵی خۆیان دەدەن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا ڕێکەوتن و نزیکبوونەوە بکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی باشیان هەبێت لە هەڵبژاردن و پەرلەمانی ئایندەی عێراق، وەرگرتنەوەی دووبارە پۆستی سەرۆک کۆمار.

پەرلەمانی عێراق و پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد

ئەوەی لەم نێوەندە سیاسییەدا یەکێتی و پارتی ترسیان لێی هەیە، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقە کە تاقیکردنەوەیەکی سەختە، بەتایبەتی پارتی، چونکە لەم هەڵبژاردنەدا ئەوەیان بەچاوی خۆیان بینی ئەو پێگە جەماوەرییەی کە هەیانبوو تەنانەت لەرزۆک بووە، نفوزی سیاسییان بەرەو لاوازیی چووە، هەرچەندە پێشتر دەیانزانی بەڵام نەیاندەویست بڕوای پێبکەن، تا هەڵبژاردنەکان ئەو قەناعەتەی لا دروستکردن.

ئەگەر هاتوو لەو تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا ئیدی جارێ ئەوە دەدەرێت بەگوێی هێزە دیموکراسییە جیهانییەکاندا، کە کورد باوەڕی بەو دوو هێزە سیاسییە نەماوە، تا حکومداریان بکات. لە هەمووشی گرنگتر بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆمارە بۆ چوار ساڵی ئایندە، هەرچەندە ئەم پۆستە لە عێراقدا کە وڵاتێکی کۆماریيە، شتێکی ڕەمزییەو زۆرترین دەسەڵات بە دەسەت سەرۆک وەزیرانە، بەڵام بۆ کوردو خودی مام جەلال گرنگە، کە ئەم پۆستە نەدۆڕێنێت، چونکە ئیدی بۆ جارێکی دیکە چەندین ساڵیتر ناتوانێت ئەم پۆستە وەربگرێتەوە، ئەگەری وەرگرتنی لەلایەن شیعە بەتایبەتو سوننەکانی عێراقەوە زیاترە. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو لایەنە کوردییەکان پێویستە هەموو هەوڵەکانی خۆیان یەکبخەنو هاوپەیمانی یەکگرتوو دروست بکەن، بۆ دەستخستنەوەی ئەم پۆستە.

ئەگەر کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقیش، کە بڕیار وایە زیاد بکرێت، کورد (٥٨) کورسی پەرلەمانی هەیە، ئەو کات نزیکەدەبێتەوە لە (٦٠) کورسی، بەڵام ئەم کورسیانەی کورد هێزێکی پەرتەوازە گرەوی بردنەوەی لەسەر دەکات، کە ئەو هێزەش بەشێکی سەرەکیی لە دەنگە نارەزاییەکانی سەرشەقام لە لیستی گۆڕاندا کۆبوونەتەوە، ئەگەر بەو نەفەسەوە کار بکەن، کە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان کردیان، ئەوا ئەو کات ئەگەری کەمتر لە (٣٠) کورسی دەبێت، یەکێتی و پارتی بە ناچاری دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لای ئەم هێزە تا بە هەردوولا هەوڵی بەدەستهێنانی شەرعیەتی سەرۆک کۆمار دووبارەی بدەنەوە.

نزیکبوونەوەی گردی سەوزو

گردی پیرۆز:

مێژوویی یەکێتی، مێژوویەکی پڕ لە لێکترازانو دواتر نزیک بوونەوەیە، هەموو ئەو هێزانەی کە ڕۆشتوونەتە دەرەوەی یەکێتی و سکرتێری ئەم حیزبەوە بە تایبەتو کەسانی چواردەوری، بەردەوام هەوڵی هێنانەوەی هەموو ئەو هێزانەیان داوە، بەڵام لێکترازانی ئەم جارەی جیاوازە لەوانی دیکە، گۆڕان دەنگی نارازی هەموو ئەو کەسانە بوو، کە لە ماوەی رابردوودا وەک منداڵێک لەناو ئەم حیزبەدا گۆشکراو گەورە بوو، ئێستا ئەم حیزبە ناتوانێت وەک باوک مامەلەی لەگەڵ بکات، بهێنێتەوە نێو مااڵی خۆی.

چونکە ئیدی هەرسی ئەم بزووتنەوە ڕەخنەگرەییە بە یەکێتی ناکرێت، بۆیە ناچارە لە دەرەوەی ماڵە باوانی خۆی، وەک ماڵێکی دیکەی سەربەخۆ هەوڵی نزیکبوونەوەی لەگەڵ بدات.

بۆ ئەوەی دوور لەچاوی کامێراو میدیاکان لە ئایندەدا نزیکدا دەگوزەرێت، مام جەلال وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی (پۆستی سەرۆک کۆمار)و حیزبەکەی، زەمەن وا لێدەکات، کە لەگەڵ دۆستەکانی دوێنێو نەیارەکانی ئەمڕۆ، وەک گشت کۆبوونەوە ئاساییەکانی دیکە لە دوکان یان قەاڵچۆاڵن لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا پێکەوە بکەونەوە گفتوگۆ.

ئەم جارە وەک گفتوگۆی حیزبەکەی جارانیان نا، بەڵکو وەک گفتوگۆی دوولایەن، کە ڕکەبەری دوێنێو دۆستی ئایندەبن، پێگەی مام جەلال ئەوە دەخوازێت کە ئەو کارە بکات.

بۆیە مام جەلال لە گردی خۆی دێتە خوارەوە، نەوشیروان مستەفاش لە گردی پیرۆز، بۆ ئەوە لە دەرەوەی هەموو ئەو بارگرژییانەی کە هەیان بووە لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی کورد لە بەغدا بکەونەوە گفتوگۆ.

سەری ڕەش و گردەکە، چارەنووسی بڕیارەکان

لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوو مێژووی سیاسیی کورد لە کوردستان و عێراق هەموو بڕیارە چارەنوسسازەکانی کورد لە سەری ڕەش کۆتایی هاتوون، چونکە پارتی وەک پیشەیەکی هەمیشەیی خۆی دەیەوێت ببێتە خاوەن بڕیاری سیاسیی کورد، هەموو زارەکانی چارەنووسی کورد بە دەستی سەرۆکی حیزبەکەی ئەو هەڵبدرێت.

بەاڵم ئەم جارە بەهۆی هاتنە کایەی هێزێکی دیکەی وەک گۆڕان، کە (یەک لەسەر چوار)ی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم هێزەدایە، پارتی و یەکێتی ناچار دەبێت، ئیدی لە کەشکەاڵنی غرووری بوونی خۆیان بێنە خوارەوەو هەموو بڕیارەکان نەبەنەوە سەری ڕەش، بگەڕێنەوە بۆ الیەنێکی نوێ کە نەیاری دوێنێیان بووەو ئەمڕۆ بە ناچاریی دەبێت لەگەڵیاندا دابنیشنو داوای ئەوەیان لێبکەن، پێکەوە کار بکەن لە پێناو بەرژەوەندیی باڵای میللەتی کورد لە بەغدا، ئەمەش بەوە دەکرێت ئەگەر بیانەوێت لەپێناو کورددا جەنگەکانی خۆیان بکەن.

بۆیە چارەنووسی بڕیارەکانی کورد ئەم جارە لە سەری ڕەشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ گردەکە. تکایە پێکەوە بژین گیانی یەکتر قبوڵکردنتان هەبێت، تا شەڕی چارەنووسی کورد بکەنو هەرگیزاو هەگیز نەگەڕێنەوە بۆ ساڵە ئاشووبەکانی کوردو مێژووی (٧٤)ی کورد، بیرتان نەچێت مێژووی ئێمەو هێزە سیاسییەکانی کورد مێژوویەکی پڕ لە کارەساتە!

esmailhuramani@yahoo.com

دادگاییکردنی بەرپرسە گەندەڵ و تاڵانچییەکان

یەکەمین پرۆژە بۆ بەردەم پەرلەمانی نوێ بۆ دادگاییکردنی وەزیرو بەرپرس و لێپێچینەوە لە بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی نیشتمان.

بانگەواز: ئاسۆ جەبار



بـۆ بـەڕێـزان: پـەرلـەمـانـی نـوێی کوردستان، رێکخراوە جـیـهـانـیـیـەکـان، رۆشـنـبـیـران و نـووسـەران و رۆژنامەنووسان، رۆژنامەو میدیا سەربەخۆکان، فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

پێوستە پـەرلـەمـانـی نـوێ بەبێ خۆدزینەوەو پشتگوێخستن لێپێچینەوەی توندو دۆکۆمێنتاری و یاسایی بەرامبەر ئەو وەزیرو بەرپرسە گەندەڵانە بکات کە سەروەت و سامانی نیشتمانیان تاڵانکردووەو بەفیڕۆداوە،

کاتی ئەوە هاتووە ئیتر وەزارەت و وەزیرو بەرپرسە گەندەڵەکان دادگاییبکرێن، لە راستیدا ئیتر باوی ئەوە نەماوە تەنیا رەخنە بگرین و ئیوەش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن، ئێمە فشار دروستبکەین و ئیوەش بەقات و بۆینباخی ملەوەنەوە بڕاس لە دیموکراسییەتی عەیارە (٢٤) بکەن بۆ خەڵک.

لێرەوە داواکارم لە فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن و ئـەو ئـەنـدام پـەرلـەمـانـە بەرپرسیارانەی کـە لـەپـەرلـەمـانـی پـێـشـوودا قسەکـەرو فشاردروستکارێکی یاسایی و شارستانیی بوون، پێکڕا کاری لێپێچینەوەو دادگاییکردنی ئەو وەزیرو بەرپرسە گەندەڵو پارە بەفیڕۆدەرانە بکەنە یەکەمین و جدیترین پـرۆژەی ئێستاو داهاتوویان.

پرۆسەی دادگاییکردن:

١-بانگهێشتکردنی ئەو وەزیرو بەرپرسانەی کە (١٨)ساڵە یان چەند ساڵێکە وەک مشەخۆرو تاڵانچیی سـەروەت و سامانی ئەم وڵاتەیان تاڵانکردووەو بەفیڕۆداوە، یان بۆ بەرژەوەندیی حیزبی و کـەسـی و گەلەکۆمەکێی حیزبی بەکاریانهێناوە.

٢-دەستگیرکردنی ئەو بەرپرسانەی کە حساب بۆ پەرلەمان و یاسا ناکەن.

بەپێی ئەو بەڵگانەی تائێستا کەوتوونەتە بـەردەسـتـی رۆژنـامـەنـووسـان و رۆژنـامـە سەربەخۆکان، چەند وەزارەتـێـک کە فایلی گەندەڵییان لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەوە، یەکێکن لە وەزارەتـــە هـــەرە گەندەڵەکانی کـوردسـتـان و دنیا، سـەد دەرسـەد هێندەی وەزارەتێکی حیزبی و ناوچەگەر بووە، هێندە وەزارەتێکی سەربەخۆو حکومیی نەبووە، بەپێی لێدوانەکانی لیژنەی رۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستان ئـەم وەزارەتـانـە وەزارەتـێـکـی گەندەڵن و گەندەلیی زۆری تێدا بەدیکراوە، بەڵام بەداخەوە ئەم وەزارەتانە تائێستا لێپێچینەوەی تونديان لەگەڵدا نەکراوە، تائێستا ئەم وەزیرو دەستەوتاقمانە نەهێنراونەتە سەر تەلەفزیۆن و بە جدیی کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی سەربەخۆ رەخنەگرو یاساناسێکی سەربەخۆ لێپێچینەوەیان لەگەڵ نەکردووە.

ئەم وەزارەتانە لەهەر کۆمەڵگەیەکی زیندوودا بونایە، ئێستا دەمێک بوو بەرپرسەکانیان لە سجندا بـووبن، دەمـێـک بـوو لەسەر کار لادرابوون.

لـێـرەوە داواکـــارم لـــەدادوەری گشتیی داوایەک بەرزبکاتەوە بۆ دادگا بۆ لێپێچینەوەو دادگاییکردنی وەزیرو ئەو تۆرەگەندەلەی کە کۆنترۆڵی وەزارەتیان کردووە.

هەروەها وەزارەتی وەزش و لاوان بەپێی ئەو راپۆرتە رۆژنامەوانییانەو (هەفتەی رابردوو رۆژنامەی ئاوێنە بە دێکۆمێنت لە یەک لاپەرەدا گەندەلییەکانی ئەو وەزارەتـەی ئاشکرا کرد، کە لە لایەن لیژنەی رۆژشنبیریی پەرلەمان ئامادەکرابوو).

ئەم بانگەوازە لەئێستاوە کاری پشتیوانی و کەمپین و هەڵمەتی داکۆکیکردنی بۆ دەکرێت و لەبانگەوازدا نامێنێتەوە.

کوردو هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق



شیروان شەمێرانی

هەر لە ئێستاوە لایەنە سیاسییە جـیـاوازەکـانـی عـێـراق لـە هـەوڵی خـۆ ئـامـادەکـردنـدان بـۆ گرێدانی هاوپەیمانێتی و داڕشتنی نەخشەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، کە بڕیارە لە (١٦) فبرایری (٢٠١٠) دا ئەنجام بدرێت، شیعەکان زۆر لە پێکهاتەکانی دیکە پلانیان دیارترو بە پەلەترە، وا پێدەچێت دەیانەوێت ناو مااڵی خۆیان رێکبخەن تا لە پاشاندا وەک لایەنی دەسەاڵتدار بکەونە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانیتر لە عەرەبی سوننەو تورکمانی سوننەو کـورد، ئەگینا زۆرینەی شیعەی عـەرەب و شیعەی کوردو شیعەی تورکمان، هەموویان لە وەستانو بەخۆداچوونەوەیەک هەیە، ئەو بریندار بوونەی یەکگرتوو، پێویست بەوەدەکات لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا سارێژی بکاتەوە، بۆیە لە روانگەی ئەو دەنگانەی کە لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی بەدەستیهێنا، کە تا ئاستێکی زۆر دەڵێت: جـەمـاوەری زۆر لەوە زیاترە، لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەبێت بیسەلمێنێت، کە قەبارەی لەوە زیـاتـرە، پاشان دەنگەکانی لیستی گۆڕان و بەتایبەت سیاسەتی سەرانی ئەو لیستە لەمەڕ کێشەکانی کورد لە بەغدا ئەویش خۆی بۆ خۆی باسێکە، تا چەند لیستی پارتی و یەکێتی ئامادەن لەگەڵ لیستی گـۆڕان هاوپەیمانی لیستی ئیئتیلافدا کۆدەبنەوەو هەندێک لە لبیرالەکانیشیان وەک ئەحمەد چەلەبی ...ئەوەی جێگەی باسە لێرەدا کوردە، چۆن و بە چ میکانیزمێک بەشداریی بکەن؟ بە یەک لیست یان دووان یان زیاتر؟

ئەو پرەنسیپانەی کە دەبنە پێشەکی بۆ باسکردن و تاوتوێکردنی ئەم پرسە دووانن:

یەکەم: سەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەو نەخشە نوێیەی پەرلەمانی کـوردی رێـژەی زۆری شکڵی بەشداریی کـوردی لە هەڵبژاردنی بەغدا دیـاری دەکـات، چونکە هێزە ئیسلامییەکان بە تایبەت یەکگرتووی ئیسلامیی پێویستی بە بەستن و کورسی پێویستی بدەنێ؟ تا چەند ئامادەن مامەلە لەگەڵ سەرۆکی لیستەکەدا بکەن؟

دووەم: پرەنسیپی دووەم بریتییە لە ئەزموونی (٥) ساڵی رابـردووی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا، رێژەی سەرکەوتنی کورد لە بەغدا چەندە؟ ئایا ئەو سەکردایەتیکردنەی یەکێتی و پارتی بۆ بلۆکی هاوپەیمانی کوردستان سەرکەتوو بوو لە رووبەڕووبوونەوەی قەیرانە نەتەوایەتییەکانی کورد؟ ئەگەر چی یەکگرتوو وەک لیستێک هەبوو، بـەاڵم بەهۆی قەبارەی دەنگەکانی هاوپەیمانییەوە سیاسەتی یەکێتی و پارتی لەو بوارانەدا بە هەند دەگیرا، نوێنەرایەتی کورد بەوانەوە دەناسرا، هەر هەڵوێستێک سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە بیانگرتایە ئەوە دەبووە سیاسەتی کـوردی، بـۆیـە گرنگە ئەو پرسیارە بکرێت کە ئایا ئاستی سەرکەوتنی لیستی هاوپەیمانی چەند بـوو؟ دەبێت وەاڵمـی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، کە ئایا ئەگەر دوو لیستی بەهێز بوونی هەبووایە هەر هەمان دەستکەوت دەبـوو، یان زیاتر؟ بۆیە هەندێک لە سەرکردەکانی لیستی گۆڕان باس لە پێکهێنانی لیژنەیەک دەکەن بۆ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی ئەدای پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا.

لە سۆنگەی ئـەم دوو خاڵەوە پێناچێت کورد بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن، لەوەش زیاتر باشتر وایە لەناو هۆڵی پەرلەمانی بەغدا دوو لیستی کوردیی بەهێز هەبن، نەک سیان، بوونی سێ لیست دەنگو هەڵوێستەکان پارچە پارچە دەکات، بەاڵم بوونی دوو لیستی بەهێز بەئیجابیی بەسەر دۆسییەی کورددا دەشکێتەوە، لە پەرلەمانی ئێستادا دوو لیست هەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش لیستێکی بەهێز، جگە لە لیستی یەکەم، زەرورەتی بوونی هەیە لە چوار ساڵی داهاتوودا، لیستێک ژمارەی کورسییەکانی ئەوەندە بن، کە پرۆپاگەندەی نوێنەرایەتی کورد بکاتو توانای لەکارخستنی هەر هەوڵێکی هەبێت لە بەرژەوندی کورد نەبێت، ئیتر گرنگ نییە ئەو لیستە لە یەک حیزب دروستبێت یان چەند لایەنو گروپێک، ئیسلامیی بن یان عەلمانیی یان هەردووکیان پێکەوە، گرنگ ئەوەیە ئەوەندە هێزی هەبێت توانای سەرئێشە دروستکردنی بۆ لیستەکەی دیکە هەبێتو ئیحراجی بکات لە بەرامبەر رای گشتیی کوردیدا، هەرکات لیستێکی بەهێزی لەو شێوە هەبوو ئەو کاتە لیستی هاوپەیمانی کوردستان توانای بـڕیـاردانـی یەکالیەنەی نابێت، لە هەمانکاتیشدا دەبێتە پاساوێک بۆی لای لایەنەکانی دیکەی عێراقی بۆ بیانووی هەڵسوراندنی موساوەمەی زیاترو پاشان دەستخستنی مافی کـوردی زیاتر، بوونی دوو لیستی بەهێز دەبن بەوچاودێر بەسەر یەکترەوە، یەک لە لیستەکان کە رێـژەی کورسییەکانی کەمترە رۆڵی پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆن دەبینێت بەسەر حکومەتەوە، واتە هەروەک چۆن ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی لە کوردستاندا عەقڵو چاوەکانی کـردووەتـەوە بـۆ چاودێریکردنی هەڵسوکەوتو ئیدارەی حکومەت بۆ کاروباری وڵاتو نیشتمان، لیستی دووەمـی کـوردی پەرلەمانی بەغدا هەمان رۆڵ دەبینێت بەسەر لیستەکەی دیکەوە، ئەو کاتەش هیچ لایەنێک یان حیزبێک ناتوانێت بە ویستو ئارەزووی خۆی یاری بە کێشە رەواکانی میللەتی کورد بکات، ئەو کێشانە لە ناو بازنەی موساوەمەی سیاسیی و حیزبی و هـاوڕێـیـەتـی مـێـژووی شەخسی سەرکردەکانی عێراقیش دێنە دەرەوە.

یەکێکی دیکە لە کاریگەریی و سوودی بوونی دوو لیستی کوردی لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوەیە، کە شێوازی هاوپەیمانێتی دەسـەاڵت لە بەغدا دەگۆڕێت، واتە دەستخستنی دەنگی کوردی بۆ پێکهێنانی حکومەت زۆر گرنگە، بەاڵم بەهۆی بوونی زیاتر لە هێزێکی کوردی لە مەیداندا ئەو کارە بە ئاسانی تێناپەڕێتو تەنیا بە ئیمزایەکی سەرکردەیەکی کورد کۆتایی نایەت، ئەوەش سەرەنجامەکەی دەڕژێتە ناو بەرژەوندی کوردەوە.

سەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەو نەخشە نوێیەی پەرلەمانی کوردی رێژەی زۆری شکڵی بەشداریی کوردی لە هەڵبژاردنی بەغدا دیاری دەکات

نێوان گـــەڵو ســـەرکردە

بێستون محەمەد سالح

حەقیقەت، گواستنەوەی تەنیا لەسەر پردی گفتوگۆ دەبێت..

ئامانجی سیستمی یاسایی لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا، پاراستنو هێشتنەوەی هاوسەنگیو سەربەخۆییە لەنێوان دەسەاڵتەکانی (تەشریعی، راپـەراندن، دادوەری) لە دەوڵەتانی جۆراوجۆردا.

پـردی پـەیـوەنـدی نـێـوان گـەڵو سیستمی حوکم تەنیا یاسایە، بەتایبەت لـەو کۆمەڵگانەدا کە دیموکراسیەت هەنگاوی تێدا هاویشتوە. ئەمە لەلایەک... لەلایەکی ترەوە... سەرکردە تەنیاو تەنیا پیادەکەری یاسایە. سنوورو چوارچێوەی کاری سەرکردە دەرهەق گەڵو هاوڵاتی، خزمەتکردنی گەڵو نیشتمانە.

دیـمـوکـراسـیـو پـەیـرەوکـردنـی لـە واقیعێکدا رەنـگـدانـەوەی خۆی پەخشدەکات، پیرۆزکردنی سەرکردەی پێشەنگ لە فەرهەنگی هیچ رۆشنبیرێکی سیاسیو سیاسییەکی رۆشنبیردا جێگەو پێگەی فەراهەم نەکراوە.

کۆمەڵگەی ساغڵەمو عـەوداڵـی دیموکراسی بیر لە سەرکردەی پێشەنگ نـاکـاتـەوە. پێویستە ئـەو گومانانە راستبکـرێـتـەوە، شـەرمـە خـۆت بە دیموکراتخواز بزانیت، وەلێ بانگەشەی سەرکردەو رەهبەرو پێشەوا بکەیت.

کاتێک هاوڵاتی لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە مومارەسەی مافی شەرعیی خۆی دەکـات، چیدی پاساو هێنانەوە بۆ سەرکردە فاڵن کەس نەبێت مەحاڵە ئاوات و ئامانجی میللەت بێتە دی. تەنیا بۆچوونێکە بۆ ئیستەاڵکی مەحەلی پەیرەودەکرێت.

ئاخر ماندێاڵ یـەک لەسەر سێی تەمەنی لەپێناو دۆزی نەتەوەکەی بردە سەر وەلێ کاتێک دەسـەاڵتی گرتە دەست تەنیاو تەنیا لەبەر یەکسانی مرۆڤەکان بوو.

جوانی سـەرکـردەش لـەوەدایـە تا ژیانی مابێ وەک عەنکەبوت دەستلەملانی کورسی شاهانە نەبێت. گرنگە دەستو پێوەند ئەو حەقیقەتە بگەیەنن سەرکردە، تەمەنو دەسـەاڵت حوکمی خۆی هەیە.

پەسەندکردنی دەسـەاڵتی سەرکردە، مـەنـتـیـقو رەهـــەنـــدی فـەلـسـەفـیو کۆمەاڵیەتیو سیاسی خـۆی هەیە. ناکرێو نەشیاوە کۆکردنەوەی هەموو شتەکانو گەرانەوە لەدوا ساتدا، بوترێ بەیاسا دەسەاڵتەکان فەراهەمکراوە.

سـەرکـردە هـەرکـەسـێـک بێت، دەسـەاڵتی تەعجیزی بۆ دەستەبەر بکرێ بە ناوی مەشروعیەتەوە، غەدرێکی گەورە لە پێش هەرکەسێک لەسەرکردە خۆی دەکرێ پاشان لە گەڵو نیشتمان.

ئازایەتی دەستو پێوەند لەوەدایە بـەرچـاو روونـــی بـداتـە سـەرکـردە، رێنیشاندەری حەقیقەت بێت.

پەیوەندی هاوڵاتیو سەرکردە لەم هەرێمەدا چەشنی ئاسمانو رێسمانە. دابڕانێکی سەیرو دەستکرد وەبەرهەم هاتووە.

کورد جوانی وتـووە: چی بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە.

سـەرکـردەکـانـی ئێمە لـە قـولەی قافا فەرمانو رێنماییەکان گشتاندنو پەخشدەکەن. بێئاگا لـەوەی وتـاری هەفتانەو کـارنـامـەو پلانی کاریان والأبـکـەن. ئەتەکێتی میدیاییان نەک دەستەبەرنەکردووە، بگرە هاوڵاتی تـامـەزرۆی ئەوەیە داخـۆ لە هەگبەی سـەرکـردەدا بـۆچـوونـو ئەگەرەکان چیبێت؟!.

خوێندنەوەی سەرکردەکانی ئەم هەرێمە لە ئاستی رووداوەکاندا مەحسوس نییە. تێکچڕانێکی نامۆو سەرسوڕهێنەر بەرۆکی دەرگای سەرکردەکانی گرتووە.

کـورد دیسانەوە پەندی خۆی لە فەرهەنگو نەریتی رۆژانەیدا وتویە:

دۆستت ئەوەیە دەتگرییێنێ، دوژمنت ئەوەیە پێت پێدەکەنێ...

پاساوی ئەو پەندەو هێنانەوەی تەنیاو تەنیا بۆ ئەوەیە کە:

سەرکردەکانی ئێمە، سەری زمانو کۆتایی کەاڵمیان بە خەباتو خوێنو ماندوبوون هـەردەم هاوڵاتیو تاکی کوردیان گۆشکردووە. هەردەم باسی ترسو ئایندەی نادیارمان بۆ دەکەن. ئەگەرو گریمانەیان بۆنی خوێنی لێدێت. لە چرکەساتێکا سیاسەت دەبێتە کاڵاو سـەودا و مامەلەی پێدەکەن. لەساتە وەختێکا ئەجنداکان لای ئەمان روو لە هەورازە، داواکارو پارانەوە لەمیللەت بۆ پاراستنی دەستکەوتو ئەزموون دەکەن.

سیاسەتو مـۆرااڵ دوو چەمکن دابڕانیان لەیەک کارەسات دەخولقێنێت. پێوانە بە دوو کێشی جیاوازو روانینو دیدگای کرچوکاڵ رووبەڕووی هەڵدێری نادیارو خوێندنەوەی کورتبینانە تا ئاستی بەردەمی خۆت فـەوزاو بێسەروبەری دێتەکایەوە.

ماوەتەوەبڵێین،گەربەخۆداچوونەوەو گیانی لێبوردەیی و رێزگرتن لە بیروڕای جـیـاوازو هێنانەکایەی دادپـەروەری کۆمەاڵیەتیو دەستەبەرکردنی مافو ئازادییەکانو هەموو لەبەردەم یاسادا چوونیەکو بەرژەوەندی باڵای نیشتمانو ئاشتکردنەوەی گەنجو پیرو هەژاری ئەم هەرێمەو رێزگرتن لە ژنانو ئافرەتانو بەرنامەڕێژی بۆ سـەروەتو سامانی گشتیو بـەهـەق ئـاوەدانـکـردنـەوەو خزمەتگوزارییەکانو لەسەروو ئەمانەوە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەگبەی سەرکردەدا نەبێت، بێگومان بن... نێوان گـەڵو سەرکردە تاڵە موویەکی ماوە هاکا پسا ئەوسا، حەقیقەت گواستنەوەی ئاستەمە لەسەر پردی گفتوگۆوە!...

دادگەها بەرایی یا زاخو

ژمارە: ٢٦١/ب/٢٠٠٩

رێکەفت: ٢٠٠٩/٧/١٦

ئاگاداری

نیشانە بە ئاگا داریا مەژمارە ٢٦١/ب/٢٠٠٩ ل ٢٠٠٩/٥/٢٥ ولدویڤ بریارامە ژمارە ٢٦١/ب/٢٠٠٩ل ٢٠٠٩/٤/٢٩ وژبەر وەرگرتنا داخوازا بەریزان (هدار صالح حسین و قیان رمچان عیس و ژیان رمچان عیس) لدویڤ بەندی ٥/٩٧ ژیاسایی جێبەجێ کردنی ژمارە ٤٠ سالا ١٩٨٠ وراسکرنیت وێ کو ناڤبریا داخوازا (چم) کرێ بەرێژەیی ٥٪ وقەبولکرنا داخوازا وان لەورا بها یێ ئاقاری دیبتە (٦٣٦٣٠٠٠٠٠٠٠) شەش سەدو سیە ملیون دینار لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالە شیوع) ژئاقاری ژمارە ٥٥٢/١ کەرتی ١٤ عباسیە کو سەخاەتین وی لخواری دیارکری نەبولسەر زیدەکرنا ئاشکەرا دماوەی (٣) رۆژادا دەست پیدکەت ژ رۆژادی یا بە لاڤکرنی دروژنامەکا فەرمی دا هەر کەسێ بگیت پشکدار بیت دڤێ لەسەر زیدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤی دادگەهی بکەت داکو ١٠/ دابین بکەت ژ کوژمێ لە سەری دیارکری و ئەگەر پشکدار نەبیت و پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئیتە دان و ئەگەر روژا لسەر زیدەکرنی بکەڤیتە دبیهن ڤەدانا فەرمی دا ل روژا پاشتردی چ لسەر زیدەکرن ئیتە ئەنجامدان

دادوەر

مروان عادل اسماعیل

سەخلەت/ خانێیەکی غەربێ نوی پیکهاتیە ژ دوو (تابقا) تابقی ئەردی ژدوو ژوورین نشستنی دگەل هولا ناڤخوی و هولا خاجی و ژوورا میهڤانا و ژوورا خارن لینانی دگەل تەوالیت و ژوورا سەرشوشتنێ و تابقی ئیکی پیکهاتیە ژ ژوورەکا نشستنی دگەل بەیتونی و باغچی پشتی ژ ژوورا میهڤاناوهەمی ئاڤاهی ژچمەنتوو ئاسنی و بلوکا هاتیە ئاڤاکرن و رووبەری ئاڤاری (١٢٠٠)م

وەزارەتی ناوخۆ
پاریزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٩٢ – R٥

پرۆژە: دروستکردنی هۆڵی کۆمپیوتەر بۆ قوتابخانەی (سارا)ی بنەڕەتی لە دوکان.
* پاریزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین

پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پاریزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٥٠ – R١

پرۆژە: قیرتاوکردنی گەڕەکی پێشەوا لە بەکرەجۆ.
* پاریزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین

پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پاریزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٥١ – R١

پرۆژە: قیرتاوکردنی ناو بەکرەجۆی کۆن.
* پاریزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٥) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین

پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پاریزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٥٢ – R١

پرۆژە: قیرتاوکردنی ڕێگای ئامادەیی پیشەسازی لە بەکرەجۆ.
* پاریزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین

پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٣٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازل نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدوڵڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

دابەشکردن:
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چواڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

بێ بەرامبەر هێڵەکەت بوو بە نێودەوڵەتی



گەرانی وڵاتان

وڵات	عەرەبستانی سعودی	ئیمارات	قەتەر	کـوێت	میسـر	تـورکیا	ئەردەن	جەزائیر
کاراکردنی تۆڕەکە	Jawal	DU	Qtel	Wataniya	Etisalat	Turkcell	Orange/ Umniah	Djezzy

نـرخی پەیـوەندیی هـاتوو بـۆ یـەک دەقیقە 20 سـەنـتـە و نامەی هـاتوو بێ بەرامبەرە
تێبینی: نـرخـی پـەیـوەنـدیـی و کـورتـە نـامـەی رۆشـتـوو بـەپـێی وڵاتـــە

ئاسیاسێل
www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

کۆمپانیای ڕۆژی نوێ بۆ وەبەرهێنانی خانوو بەرە
Rozhi Nwe Co.
www.rozhinwe.net
پرۆژەی ڕۆژ ستی
هەڵێکی زێڕین
هەڵێکی زێڕین
هاوڵاتی ئازیز ..... دڵنیا بە براوەیت
ژوورکەتا دڕەنگ نەبووە ... لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆژی نوێ , گرێبەستێکی ئاڵتروونی ئیمزا بکە .
دەبینە خاوەنی شوقەیەکی109مەتری , لە جوانترین و باشترین شوێنی شاردا ...
بەبێ نەوەی باری شانت گران بێت ....
3800 $ بێنەو گرێبەستەکە ئیمزا بکە ...
3800 $ کە سەقفی شوقەکەت تێکرا ...
3700 $ کە گەیشتە گەچکاری ...
3700 $ بدەو کلیلی شوقەکەت وەرگرە
ئەمە هەمووی نەکاتە 15000$ ....
دواتر :-
25000$ سندووقی نیشتەجێبوون پارەکەی دەدات .... لە ماوەی 10 ساڵیشدا وەریدەگرێتەوە .
10000$ کۆمپانیای ڕۆژی نوێ دەیدات .... ئەویش لە ماوەی 5 ساڵدا وەریدەگرێتەوە ,
بێ خستنە سەری هیچ سوودێک ....
نۆفیسی کۆمپانیا – فرۆشتنی یەکەکان : تووی مەڵیک– بەرامبەر نامادەیی شەهید جەمال تایەر
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە : 0771 016 5555 - 0750 152 1717 / 053 5777 لە مۆبایلەوە - 5777 لە ئۆرماڵەوە

ڕۆژنامە

زۆرترین زانیاری دروست لە ئێمەوە وەربگرە

ڕاستگۆیی بێلایەنی وردبینی

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩